

مانای بوونی هەر شتێك (معنى الوجود) لای مارتن هایدگەر پەیوەستە بە مانای ئەو بوونە لەناو بیرکردنەوەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش واتە مانای (بوون)ی هەر شتێك لە تێڕوانینی ئەو کارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێت کە(بوون)ی ئەو شتە لە بیرکردنەوەی ئەو کەسەدا چ ڕەنگدانەوەیەکی هەیە و چەند جێگەی بایەخە و تا چەند سەراپای بیرکردنەوەی ئەو داگیردەکات.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە بە ناو قووڵایی مێژووی نەتەوەیی خۆماندا بگەڕێین، ئەوا ئەگەر لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی تێکڕای مێژوونووسان و سەرکردەکانی کوردستاندا، (بوون) نەتەوەییمان کۆمەڵێك مانای جیاوازی پۆلێنکردن و نووسینەوەی خەسڵەتەکانی نەتەوەیی ئێمە بن، وەك بەخشندەیی و لێبووردەیی و ئازایەتی و تەنانەت هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییش، ئەوا لە هزری مستەفا بارزانی-دا، مانای (بوون) ی نەتەوە، مانایەکی جیاوازتری هەیە، هەر ئەم مانا جیاوازەی (بوون)ی نەتەوەش، دابڕانێکی هزری لەنێو بیری نەتەوەییدا لەگەڵ ماناکانی دیکەی (بوون)ی نەتەوەیی دروست کردووە.

جیاوازیی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە (بوون)ی نەتەوەدا، لە ڕەتکردنەوەی مێژوو و هەوڵەکانی سەرکردەکانی پێش خۆی بۆ پێناسەکردنی بوونی نەتەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو جیاوازیی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە گەڕانەوە بۆ مێژوو و پێکەوە گرێدانەوەی هەموو ماناکانی (بوون)ی نەتەوە پێکەوە، پێناسەیەکی تازەی دروست کردووە، ئەم پێناسەیە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ مێژوو و تێکڕای بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی پێش خۆی هەیە، بەڵام کاتێك مانای (بوون)ی نەتەوە بە جیا لە هزری مەلا مستەفا بارزانی-دا لەگەڵ کۆی ماناکانی (بوون)ی نەتەوە لە مێژوودا بەراورد دەکەین، پێناسەکەی بارزانی وەك پێناسەیەکی جیاواز لەوانی دیکە دەردەکەوێت.

لای مستەفا بارزانی، (بوون)ی نەتەوە تەنیا خەسڵەتە تایبەتی و جیاوازەکانی نەتەوە نین، وەك: (مێژوو، ئایین، زمان، دابونەریت و کەلتوور و.. هتد)، بەڵکو (بوون)ی نەتەوە ئەو کاتە مانای تەواو وەردەگرێت، کە بە خەسڵەتە جیاوازەکانی نەتەوە کیانێك دروست بکرێت و نەتەوە بتوانێت لەسەر شانۆی جیهان هاوشانی نەتەوەکانی دیکە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەمەش زیاتر هەتا نەتەوە بتوانێت بە ئازادی شانازی بە خەسڵەتە تایبەتمەند و جیاوازەکانی خۆیەوە بکات و بە ئازادی پەرە بە (مێژوو، ئایین، زمان، دابونەریت و کەلتوور)ی خۆی بدات.

# مانای (بوون)ی نەتەوە لە هزری مستەفا بارزانی-دا

پێکەوە گرێدانەوەی (بوون)ی نەتەوە بە دامەزراندنی کیانێکی سیاسی بۆ نەتەوە، دابڕانێکی دیکەیە لەناو مێژووی بیری نەتەوەییماندا کە هزری مستەفا بارزانی دروستی کردووە، ئەم دابڕانەش بە مانای لێکجیاکردنەوەی دوو سەردەمی مێژوویی جیاواز نییە، بەڵکو بە مانای ئەوەیە بیری نەتەوەیی لە سەردەمی مستەفا بارزانی-دا وەرچەرخانێك لە مانای (بوون)ی نەتەوە دروست دەکات، کە جارێکی دیکە نەتەوە ناگەڕێتەوە بۆ ماناکانی پێشتری، بەڵکو هەوڵ و تێکۆشانی دەگۆڕێت بۆ دامەزراندنی ئەو کیانە سیاسییەی کە (بوون)ی نەتەوەیەکی ئازاد دەسەلمێنێت.

پێش ئەوەی مستەفا بارزانی جڵەوی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لە ڕێبەرانی پێش خۆی وەربگرێت، هەوڵ و خەبات بۆ دامەزراندنی کیانی سیاسی بۆ پێناسەکردنی بوونی نەتەوە بەردەوام بوونی هەبووە، بەڵام ئەو جوگرافیایەی کە مستەفا بارزانی دەیویست کیانی سیاسی بۆ نەتەوە دروست بکات و لەناو ئەو جوگرافیایەدا پێناسەی (بوون)ی نەتەوە بکاتەوە، لە جوگرافیای تێکڕای ڕێبەرەکانی پێش خۆی زۆر فراوانتر بووە، ئەم بیرکردنەوە قووڵەی مستەفا بارزانی بۆ مانای (بوون)ی نەتەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر پێناسەکردنەوەی کوردستان وەك خاك و نیشتمان هەبووە، هەر بۆیە کاتێك بۆ مانای (بوون)ی نەتەوە لە هزری مستەفا بارزانی-دا دەگەڕێینەوە، دەبینین مانای (بوون)ی نەتەوە گرێ دراوەتەوە بە نیشتمانێکەوە کە ناوی کوردستانە، ئەو کوردستانەی کە سنووره سوورەکانی داگیرکەران پارچە پارچەیان کردووە، بەڵام هزری مستەفا بارزانی دەبێتە هەتوانی سارێژی برینی جەستەی کوردستان و نەخشەیەکی دیکەی کوردستانمان بۆ دروست دەکاتەوە کە سنووره سوورەکانی داگیرکەران ناتوانن پارچە پارچەی بکەن.

هزری مستەفا بارزانی پەیوەست نییە بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەم هزرە توانای پێکەوەڕۆیی لەگەڵ سەردەم و قۆناخە جیاوازەکان هەیە، ئەم پێکەوەڕۆییەش پەیوەستە بەو مانایەی کە (بوون)ی نەتەوە لە ناو هزری مستەفا بارزانی-دا پێناسەی دەکاتەوە، بۆیە چەند سەردەم و قۆناخەکانی مێژوو گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵام یەك شت گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئەویش ئەوەیە کە مستەفا بارزانی فێری کردووین، (بوون)ی نەتەوە بە بێ کیانی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی، ئەو مانایەی نابێ کە ویژدانی نەتەوە ئاسوودە بکات.



**د. ڤالا فەرید ئیبراهیم**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# زۆربەی ئەو کێشانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە بە رێگەی دەستوور چارەسەر دەکرێت

# هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕینی هەنگاوە قورسەکە بوو لە بەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

**هەڵبژاردنی ئافرەتێك بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، نەك هەر لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بگرە لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا بە وەرچەرخان و دەستپێشخەرییەکی گەورە هەژمار دەکرێت، دوای ئەوەش کە د. ڤالا فەرید ئیبراهیم بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سازکرد و لەو دیدارەدا پرسی ئەولەوییاتی کارەکانی پەرلەمان، وردەکاریی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شێوازی راسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی و کاری پێکەوەیی و پاراستنی سەقامگیری کوردستان و کەشی هێمنی ناو هۆڵی پەرلەمان و کارابوونی خولی نوێی پەرلەمان لە پەسەندکردنی یاسا و هەموارکردنەوەی یاساکان و هەروەها پرسی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و چەندین تەوەری گرنگی دیکە تاوتوێ کران.**

*** سەرەتا پیرۆزباییت لێدەکەین بە بۆنەی متمانەوەرگرتنت وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها وەك خانمێکیش کە بۆ یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان، لەم چوارچێوەیەدا دەمانەوێت باسی ئەوەمان بۆ بکەیت، ئایا وەك خانمێك کە ئێستا لەسەر کورسیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دانیشتوویت، ئەم پۆستە چ مانایەکی بۆت هەیە؟ ئایا کاردانەوەی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی خانمێك بۆ ئەم پۆستە گرنگە چۆن بووە؟**

- سەرەتا و پێش ئەوەی دیدوبۆچوونی خۆم وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەرببڕم، دەخوازم لەو روانگەیەوە ئەم پرسە بخەمەڕوو کە تاچەند گرنگە بۆ قەوارەیەکی سیاسی وەك هەرێمی کوردستان و لەناو ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و هەستیارەی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، کاتێك حزبی سەرەکی لە ناو پرۆسەی سیاسیدا کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئافرەتێك بۆ پۆستێکی سەروەریی وەك پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کاندید بکات، بە تێڕوانینی من ئەم هەنگاوە بە وەرچەرخانێکی ئەرێنی و پێشکەوتن و پێگەیشتنی سیاسەتی حوکمڕانی دادەنرێت و هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەشداریی ئافرەتان شان بە شانی پیاوان لە وەرگرتنی پۆستە سەروەرییەکان و بەشداری کردەییان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە ئاستی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەوجا سەبارەت بە خۆیشم کە متمانەی پەرلەمانتارانی کوردستانم پێ دراوە و ئێستا لەسەر کورسیی پەرلەمان دانیشتووم، بێگومان من هەم سوپاسی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە منیان بۆ ئەم پۆستە گرنگە کاندید کردووە، لە هەمانکاتدا سوپاسی تێکڕای پەرلەمانتارانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەکەم کە بۆ ئەم پۆستە گرنگە متمانەیان پێدایین، بەڵام لە هەموو شت گرنگتر ئەوەیە کە چۆن دوای وەرگرتنی ئەم متمانە گەورەیە بە شێوەیەکی رێکوپێك و دەستەبژێرانە و بەرپرسیارانە کارەکانی خۆمان بەو شێوەیە ئەنجام بدەین کە جێگەی رەزامەندیی گەلی کوردستان بێت. لایەنێکی دیکەی ئەم رووداوە گرنگە کە زۆر دڵخۆشی کردین، کاردانەوە ئەرێنییەکانی خەڵکی کوردستان بوو لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێشوازیکردنیان لەم رووداوە گرنگە کە هەڵبژاردن و متمانەپێدان بوو بە ئافرەتێك کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی پێ دراوە، هەر بۆیە ئەم کاردانەوە ئەرێنییەی تێکرای خەڵکی کوردستان زۆر دڵخۆشی کردین، هەروەها ئەو پشتیوانییە جەماوەرییە بە هاندەرێکی گەورەی دەزانم بۆ ئەوەی باشتر لەم پۆستە هەستیار و گرنگەدا

**کاتێک حزبی سەرەکی لە ناو پرۆسەی سیاسیدا کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئافرەتێک بۆ پۆستێکی سەروەریی وەک پۆستی سەرۆکی پەرلەمان کاندید بکات، بە تێڕوانینی من ئەم هەنگاوە بە وەرچەرخانێکی ئەرێنی و پێشکەوتن و پێگەیشتنی سیاسەتی حوکمڕانی دادەنرێت**

> **پێكهێنانی تێكڕای لیژنه‌كان بۆ پیاده‌كردنی كاره‌كانی په‌رله‌مان گرنگن، به‌ڵام له‌ هه‌موو لیژنه‌كان گرنگتر، لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مانه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بێ پێكهێنانی خێرای لیژنه‌ی یاسایی، په‌رله‌مان ناتوانێت هیچ هه‌نگاوێك هه‌ڵبگرێت**

> **فراكسیۆنه‌كان ئه‌ندامه‌كانی خۆیانیان بۆ لیژنه‌كان ده‌ستنیشان كردووه‌، ئه‌مه‌ش كراوه‌ به‌ راپۆرت و هه‌موو فراكسیۆنه‌كان ئیمزایان كردووه‌ و داوایان كردووه‌ كه‌ چه‌ند ئه‌ندامیان له‌ناو لیژنه‌كاندا هه‌بێت**

> **له‌ دانیشتنی داهاتووی په‌رله‌ماندا ده‌یخه‌ینه‌ ناو به‌رنامه‌ی كاری په‌رله‌مان و ده‌نگ له‌سه‌ر ئه‌ندامانی لیژنه‌كان ده‌درێت، دیاره‌ پێش هه‌موو لیژنه‌كانیش، لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مان ده‌نگی له‌سه‌ر ده‌درێت**

به‌ هاوكاریی هاوڕێیانم له‌ ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی و تێكڕای په‌رله‌مانتارانی كوردستان خزمه‌تی گه‌له‌كه‌ی خۆمان بكه‌ین.

*** له‌ یه‌كه‌م لێدوانت دوای متمانه‌وه‌رگرتنت وه‌ك سه‌رۆكی په‌رله‌مان، به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی ئه‌ولویه‌تی كاره‌كانی په‌رله‌مانت راگه‌یاند و، ئاماژه‌ت به‌وه‌ كرد كه‌ پێویسته‌ ده‌ستبه‌جێ په‌رله‌مان په‌له‌ بكات له‌ دانانی لیژنه‌كانی ناو په‌رله‌مان و دابه‌شكردنی به‌ سه‌ر فراكسیۆنه‌ جیاوازه‌كانی ناو په‌رله‌ماندا، ئایا له‌ ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند رۆژه‌ لیژنه‌كانتان ده‌ستنیشان كردووه‌؟ هه‌روه‌ها ئایا گرنگیی ئه‌م لیژنه‌یانه‌ بۆ سه‌ره‌تای كاری په‌رله‌مانی چییه‌؟**

- له‌ یه‌كه‌م وتارمدا وه‌ك سه‌رۆكی په‌رله‌مانی كوردستان، وێڕای ئه‌وه‌ی ده‌ستخۆشیمان له‌ ئه‌ندامانی په‌رله‌مان كرد بۆ متمانه‌پێدانیان به‌ ئێمه‌، له‌ هه‌مانكاتدا راشكاوانه‌ و به‌ شێوه‌یه‌كی راسته‌وخۆ داوامان له‌ هه‌موو فراكسیۆنه‌كانی ناو په‌رله‌مان كرد، كه‌ ئه‌ندامه‌كانی خۆیان به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی بۆ تێكڕای لیژنه‌كانی ناو په‌رله‌مان ده‌ستنیشان بكه‌ن، هه‌روه‌ها به‌تایبه‌تیش ئه‌ندامه‌كانی خۆیان بۆ لیژنه‌ی یاسایی ده‌ستنیشان بكه‌ن، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌ پێكهێنانی تێكڕای لیژنه‌كان بۆ پیاده‌كردنی كاره‌كانی په‌رله‌مان گرنگن، به‌ڵام له‌ هه‌موو لیژنه‌كان گرنگتر، لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مانه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بێ پێكهێنانی خێرای لیژنه‌ی یاسایی، په‌رله‌مان ناتوانێت هیچ هه‌نگاوێك هه‌ڵبگرێت، هه‌ر بۆیه‌ له‌ یه‌كه‌م وتاریشماندا جه‌ختمان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ كرده‌وه‌ كه‌ په‌له‌ بكرێت له‌ پێكهێنانی لیژنه‌كانی په‌رله‌ماندا، بۆ ئه‌مه‌ش له‌ یه‌ك دوو رۆژی دوای متمانه‌پێدانمانه‌وه‌، دوو كۆبوونه‌وه‌مان له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی فراكسیۆنه‌كانی ناو په‌رله‌مان ئه‌نجامداوه‌، فراكسیۆنه‌كان ئه‌ندامه‌كانی خۆیانیان بۆ لیژنه‌كان ده‌ستنیشان كردووه‌، ئه‌مه‌ش كراوه‌ به‌ راپۆرت و هه‌موو فراكسیۆنه‌كان ئیمزایان كردووه‌ و داوایان كردووه‌ كه‌ چه‌ند ئه‌ندامیان له‌ناو لیژنه‌كاندا هه‌بێت، به‌ڵام به‌پێی په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان، دابه‌شكردن و وه‌رگرتنی ئه‌ندامه‌كانی ناو لیژنه‌كان به‌پێی به‌ركه‌وته‌ی هه‌ڵبژاردن دابه‌ش ده‌كرێت، بۆیه‌ ئێستا سه‌رقاڵی ئه‌وه‌ین كه‌ ناوه‌كان به‌پێی په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مان تاوتوێ بكه‌ین و له‌ دانیشتنی داهاتووی په‌رله‌ماندا ده‌یخه‌ینه‌ ناو به‌رنامه‌ی كاری په‌رله‌مان و ده‌نگ له‌سه‌ر ئه‌ندامانی لیژنه‌كان ده‌درێت، دیاره‌ پێش هه‌موو لیژنه‌كانیش، لیژنه‌ی یاسایی په‌رله‌مان ده‌نگی له‌سه‌ر ده‌درێت.

*** ئه‌وه‌ی له‌ دانیشتنی رۆژی ١٨ی شوبات تێبینیمان كرد، ئه‌وه‌ بوو، وێڕای ئه‌وه‌ی فراكسیۆنی یه‌كێتی ئاماده‌ی كۆبوونه‌وه‌كه‌ نه‌بوو، هه‌روه‌ها فراكسیۆنی كۆمه‌ڵ و یه‌كگرتوو و شیوعی ده‌نگیان به‌ سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌مان نه‌دا، به‌ڵام په‌رله‌مان كه‌شوهه‌وایه‌كی سه‌قامگیری هه‌بوو، هه‌روه‌ها هه‌ر سێ كاندیده‌كه‌ش له‌ كه‌شوهه‌وایه‌كی دیموكراتیدا، به‌ رێژه‌یه‌كی په‌سه‌ند ده‌نگیان هێنا و پاشانیش كۆبوونه‌وه‌كه‌ی په‌رله‌مان به‌ هێمنی كۆتایی هات، ئایا وه‌ك سه‌رۆكی په‌رله‌مانی كوردستان، ئه‌م ژینگه‌ سه‌قامگیره‌ی په‌رله‌مان چۆن ده‌خوێنیته‌وه‌ و جیاوازیی له‌گه‌ڵ خولی پێشتر چییه‌ كه‌ هه‌رگیز سه‌قامگیریی له‌و جۆره‌ی به‌ خۆیه‌وه‌ نه‌ده‌بینی؟**

- وه‌ك به‌ رێگه‌ی شاشه‌ی ته‌له‌فزیۆنه‌كان ته‌واوی دانیشتنه‌كه‌ی په‌رله‌مان بۆ هاووڵاتیان گوازرایه‌وه‌و هه‌موو لایه‌ك بینیان، بێگومان دانیشتنه‌كه‌ زۆر هێمنانه‌ به‌ڕێوه‌چوو، هه‌روه‌ها هه‌موو رێكاره‌ یاساییه‌كانیش به‌پێی یاسای هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان ساڵی ١٩٩٢ و په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مان پیاده‌كران، سه‌باره‌ت به‌ ئاماده‌نه‌بوونی فراكسیۆنێك، یان ده‌نگنه‌دانی چه‌ند فراكسیۆنێك به‌ ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌مان، بێگومان ئه‌مه‌ ئیشكالیه‌تێك دروست ناكات و له‌ خوله‌كانی پێشتریشدا ئه‌وه‌ هه‌بووه‌ كه‌ فراكسیۆنێك به‌شداری نه‌كات، یان چه‌ند فراكسیۆنێك ده‌نگ به‌ سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌مان نه‌ده‌ن، ئه‌مه‌یان ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ سیاسه‌ت و بیروبۆچوونی خودی ئه‌و فراكسیۆنانه‌ و له‌ناو په‌رله‌مانیشدا ئه‌مه‌ به‌ كارێكی ئاسایی و سروشتی له‌ قه‌ڵه‌م ده‌درێت. به‌ڵام ئه‌وه‌ی گرنگه‌ له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنی ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌ماندا، ئه‌وه‌یه‌ كه‌ وه‌ك له‌ مادده‌ی ٤٨ی یاسای هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستاندا هاتووه‌، هه‌ر كاندیدێك خۆی بۆ یه‌كێك له‌ پۆسته‌كانی سه‌رۆكایه‌تیی په‌رله‌مان كاندید ده‌كات، ده‌بێت زۆرینه‌ی ره‌های ده‌نگه‌كانی په‌رله‌مان به‌ده‌ست بهێنێت، ئه‌وجا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی

ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ١١١ پەرلەمانتارە، ئەوا دەبێت هەر کاندیدێك متمانەی ٥٦ ئەندام پەرلەمان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، لیژنەی یاسایی پەرلەمان یەکێکە لە لیژنە گرنگەکانی ناو پەرلەمان، بەتایبەتی کە لەگەڵ دەستپێکی کاری پەرلەمان پێویستتان بە دەرکردنی چەند یاسایەك و هەموارکردنەوەی چەند یاسای دیکە هەیە، ئایا گرنگترینی ئەو یاسایانە چین کە پێویستە لە سەرەتاوە دەربکرێن، یان هەموار بکرێنەوە؟**

- گرنگترین پرۆژەی یاسا کە لە خولی پێشوو کاری لەسەر کراوە و گرنگە لەم خولەشدا جارێکی دیکە پەرلەمان کاری لەسەر بکاتەوە، یاسای چاکسازیی داراییە، ئەم یاسایە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و خانەنشینانەوە هەیە، بۆیە یەکێکە لە گرنگترینی ئەو یاسانەی کە بۆ ئێستا زۆر پێویستە و دەبێت پەرلەمان لە ئەولەوییەتی کارەکانی بێت، دوای ئەم یاسایە، ئەو یاسایانە دێن کە پەیوەستن بە کەرتی تەندروستی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك کێشە هەن و ئەو کێشانەش پێویستیان بە چارەسەری یاساییانە هەیە، هەروەها ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە کەرتی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، یاسایەکی دیکەی گرنگ کە پێویستە هەموار بکرێتەوە، یاسای وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستاندا و دەبێت ئەم یاسایە بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە لە ئاستی ئەو پێشکەوتنانە بێت کە کۆمەڵگە پیایدا تێدەپەڕێت. ئەمانە کۆمەڵێك پرۆژە یاسان کاریان لەسەر کراوە و دەبێت لەم خولەی ئێستاشدا کاری لەسەر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ببنە یاسا و لەناو پەرلەماندا پەسەند بکرێن.

*** سەبارەت بە یاسای چاکسازی دارایی، دیارە ئەم یاسایە لە خولی پێشووشدا کاری زۆری لەسەر کرابوو، بە جۆرێك کە تەنیا ئەوەی مابوو دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام نەتوانرا تێپەڕێندرێت، ئایا گرنگیی ئەم یاسایە بۆ سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم چەندە و ئایا لە ئەولەوییەتی کاری پەرلەمانە کە پێش پێکهێنانی ئەم کابینەیە ئەم یاسایە تێپەڕێندرێت؟**

- گرنگترین لایەنی ئەرێنی یاسای چاکسازی دارایی ئەوەیە، ئەگەر ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت و حکومەت بتوانێت ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، ئەوا وەك حکومەت خۆیشی بەڵێنی داوە، پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران هەڵدەگیرێت و کۆتایی دێت. بێگومان ئامانجی سەرەکیی ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەیە خەڵکی کوردستان خۆشگوزەران بن و بارو گوزەرانی خەڵك بەرەو باشتر بڕوات و ئەو قەیرانە داراییە کۆتایی بێت کە چەندین ساڵە فەرمانبەرانی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێن، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم یاسایە خزمەتێکی گەورە بە باری گوزەرانی فەرمانبەران و جووڵەی بازاڕ لە هەرێمی کوردستاندا دەکات.

*** لەم خولەی پەرلەماندا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، ئاشکراشە کە پێش راسپاردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەت، دەبێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوە و سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم کاندیدی سەرۆك وەزیران راسپێرێت کە کابینەکەی پێکبهێنێت، ئایا وردەکاریی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و شێوازی راسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی چۆن دەبێت؟**

- رێکارە یاساییەکان بۆ ئەم پرسە بەو جۆرەیە کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرە هەموار دەکرێتەوە کە لایەنە سیاسییەکان لەسەری رێکدەکەون، پاش ئەوەی ئەم یاسایە هەموار دەکرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات و بەمجۆرە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە کار، دوای دەستنیشانکردنی کاندید بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی هەرێم کاندیدی ناوزەدکراو رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بۆ ئەوەی لە ماوەی ٣٠ رۆژدا کابینەکەی خۆی پێکبهێنێت و پێشکەشی پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی متمانەی پێ بدرێت.

*** پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هیوا و ئومێدی خەڵکی کوردستان، ئایا تاچەند**

**گرنگترین پرۆژەی یاسا کە لە خولی پێشوو کاری لەسەر کراوە و گرنگە لەم خولەشدا جارێکی دیکە پەرلەمان کاری لەسەر بکاتەوە، یاسای چاکسازیی داراییە، ئەم یاسایە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و خانەنشینانەوە هەیە**

**یاسایەکی دیکەی گرنگ کە پێویستە هەموار بکرێتەوە، یاسای وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستاندا و دەبێت ئەم یاسایە بە جۆرێک هەموار بکرێتەوە کە لە ئاستی ئەو پێشکەوتنانە بێت کە کۆمەڵگە پیایدا تێدەپەڕێت**

**گرنگترین لایەنی ئەرێنی یاسای چاکسازی کارگێڕی ئەوەیە، ئەگەر ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت و حکومەت بتوانێت ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، ئەوا وەک حکومەت خۆیشی بەڵێنی داوە، پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران هەڵدەگیرێت و کۆتایی دێت**

**ئامانجی سەرەکیی ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەیە خەڵکی کوردستان خۆشگوزەران بن و باروگوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر بڕوات و ئەو قەیرانە داراییە کۆتایی بێت کە چەندین ساڵە فەرمانبەرانی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێن**

**دەبێت یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم خولەی پەرلەمان ئەوە بێت کە دووبارە ماوەی یاسایی بداتەوە بە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، هەروەها دەبێت گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە بکات و لەوانەشە خودی یاساکە پێویستی بەوەبێت چەند گۆرانکاریەکی تێدا بکرێت و هەموار بکرێتەوە**

**ئەوەشی وایکرد کە لە خولی پێشوودا شێوازی کارکردنی پەرلەمان جێگەی ڕەزامەندیی خەڵکی کوردستان نەبێت، ئەوە بوو پەرلەمان لە بری ئەوەی هاوکار و هەماهەنگی حکومەت بێت بە شێوەیکی هاوسەنگ، هات سەنگەری لە حکومەت گرت و ئاستەنگی بۆ کارەکانی حکومەت دروست کرد**

**هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم ئاسانتر دەکات؟**

- بێگومان هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕینی هەنگاوە قورسەکە بوو لە بەردەم پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەر بۆیە هەنگاوی دوای ئەمە پێویستە ئەوە بێت کە کاربکەین بۆ ئەوەی بە زووترین کات کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران ناوەکەی دیاری بکرێت و پاشان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە راسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، ئێمە وەك سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە پەرۆشیی خەڵکی کوردستان تێدەگەین کە زۆر چاوەڕوانی ئەوەن بە زووترین کات کابینەی تازەی حکومەت پێکبهێندرێت، هەر بۆیە ئێمە زۆر پەلە دەکەین بۆ ئەوەی لە دانیشتنی دووەمی ئەم خولەی پەرلەماندا لیژنەی یاسایی پێکبهێندرێت و لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پێکهێنانی لیژنەی یاسایی، کارە یاساییەکانی پێکهێنانی حکومەت خێراتر دەکات، بەڵام وێڕای ئەم لایەنە یاساییانە کە زۆر گرنگن، لای ئێمە سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بە گرنگ دەزانین.

*** وەك دەزانین دەستوور بۆ هەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسی زۆر گرنگە، هەرێمی کوردستانیش وەك قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی دەستوور، بەڵام هێشتا نەبۆتە خاوەنی دەستووری خۆی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە هێشتا ناسنامەی دەستووریمان نییە بۆ ئەوەی ئەم ناسنامەیە ببێتە ناسنامەیەکی هاوبەشی کوردستانی کە هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆبکاتەوە. ئایا تاچەند لەم خولەی پەرلەماندا گرنگی بە پرۆژەی دەستووری کوردستان دەدەن و پەلەی تێدا دەکەن بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ببێتە خاوەنی ناسنامەی دەستووری خۆی؟**

- خۆتان دەزانن ئێمە لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا لیژنەی نووسینەوەی دەستوورمان هەبوو، بەڵام ئەم لیژنەیە ماوەکەی بەسەرچووە، بۆیە دەبێت یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەم خولەی پەرلەمانیش ئەوە بێت کە دووبارە ماوەی یاسایی بداتەوە بە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، هەروەها دەبێت گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە بکات و لەوانەشە خودی یاساکە پێویستی بەوەبێت چەند گۆرانکاریەکی تێدا بکرێت و هەموار بکرێتەوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی پرسی نووسینەوەی دەستوور زۆر گرنگە، ئەوا بە دڵنیاییەوە پەرلەمان لەم خولەدا زۆر بە زوویی کار لەسەر ئەم پرسە دەکات. دەستوور بە کۆڵەگەیەکی گرنگی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر دەستوورمان هەبوو، ئەوا زۆربەی ئەو کێشانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە بە ڕێگەی دەستوور چارەسەر دەکرێت، ئەمەش لە بەر ئەوەی لە دەستووردا کۆمەڵێك پرەنسیپی بنەڕەتی و سەرەکی دادەڕێژدرێت و دەچەسپێندرێن، ئەم پرانسیپانە یاسادانەر و پەرلەمانیش سنووردار دەکات کە ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە پرانسیپەکانی دەستوور بۆی دیاری کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو پرانسیپانەی ناو دەستوور دەبنە نەخشەی ڕێگە بۆ دارشتن و پەسەندکردنی یاساکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەم هۆکارەیە کە بوونی دەستوور دەکاتە پرسێکی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان و نەبوونی دەستووریش ئەو بۆشاییە دەستوورییە دروست دەکات کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە. لایەنێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی دەستوور کە پێویستە ڕەچاو بکرێت، ئەویش دیسان سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەنووسینەوە و دەبێت ئەو دەستوورە ڕەنگدانەوەی بۆچوونە جیاوازە سیاسییەکانی کوردستان بێت، لەگەڵ ئەوەی من خۆم ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بووم لە خولی پێشوودا، بەڵام جارێ نازانرێت لیژنەی ئەمجارە بۆ نووسینەوەی دەستوور چۆن کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

*** وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دیدوبۆچوونی خۆت بۆ سەرکەوتن و کاری هاوبەشی ئەم خولەی پەرلەمان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟ ئایا پێتوایە لەم خولەدا پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت و حکومەتیش حکومەت؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا پەرلەمان هاوکار و هەماهەنگ و چاودێری حکومەت دەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی؟**

- پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە هەردوو دامەزراوەی پەرلەمان و حکومەت، دوو دامەزراوەی تەواوکاری یەکترین و دەبێت هاوکاری و هەماهەنگی و هاوسەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، ئەوەشی وایکرد کە لە خولی پێشوودا شێوازی کارکردنی پەرلەمان جێگەی ڕەزامەندیی خەڵکی کوردستان نەبێت، ئەوە بوو پەرلەمان لە بری ئەوەی هاوکار و هەماهەنگی حکومەت بێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ، هات سەنگەری لە حکومەت گرت و ئاستەنگی بۆ کارەکانی حکومەت دروست کرد، هەر بۆیە هەرکاتێك پەرلەمان و حکومەت نەیانتوانی بە شێوەیەك هاوسەنگ و هەماهەنگ بن و هاوکاری یەکتری بکەن، ئەوا هیچ لایەکیان سەرکەوتوو نابن، بۆیە فاکتەری سەرەکی بۆ کاری هاوبەشی پەرلەمان و حکومەت ئەوەیە کە هاوکار و هەماهەنگی یەکتر بن، لایەنێکی دیکە کە پێویستە پەرلەمان زۆر هاوکارو هەماهەنگی حکومەت بێت، ئەوەیە کە پەرلەمان نابێت ئەو پرسانەی کە پەیوەندیان لەلایەنی داراییەوە هەیە تاکلایەنە بڕیاری لەسەر بدات، یان پڕۆژە یاسای بۆ دەربکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا ئەگەر پەرلەمان بڕیار و یاساش بە تاکلایەنە لەو بوارانە دەربکات کە پەیوەستن بەلایەنی دارایی، بێگومان ئەگەر حکومەت ئیمکانیەتی نەبوو، ئەو بڕیار و یاسایانە جێبەجێ بکات، ئەوا ئەو بڕیار و یاسایانە هیچ بایەخێکیان نابێت، بۆیە ئێمە لەم خولەدا هەوڵی سەرەکیمان بۆ ئەوە دەبێت لەگەڵ حکومەتی خۆمان بە لەبەر چاوگرتنی هاوسەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت، هاوکار و هەماهەنگ بین لەگەڵ حکومەتدا بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی جددی و ڕێکوپێك چاودێری جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و یاسایانە بکەین کە بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان حکومەت دەدرێن، هەروەها ئێمە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە پەرلەمان کاتێك یاسایەك دەردەکات، دەبێت ئامانجی لە دەرکردنی ئەو یاسایە ئەوە بێت کە بتوانرێت لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت، خۆ ئەگەر نەتوانرا ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، ئەوا بەهای ئەو یاسایە لە مەرەکەبی سەر کاغەزەکە زیاتر نابێت، لەمەش زیاتر دەبێتە ئاماژەیەك کە لاوازیی پەرلەمان پیشان دەدات، چونکە ئەگەر پەرلەمان یاسا دەربکات و یاساکانی جێبەجێ نەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو پەرلەمانە لاوازە، بەڵام ئەگەر پەرلەمان لەگەڵ حکومەت هاوکار و هەماهەنگ بوو، یاساکانی بەوجۆرە دەرکرد کە حکومەت بتوانێت جێبەجێیان بکات، ئەوا پەرلەمان وەك پەرلەمانیکی بەهێز دەردەکەوێت و حکومەتیش وەك حکومەتێکی بەهێز دەردەکەوێت.

*** بێگومان دوای تەواوبوونی کاندیدی سەرۆك وەزیران لە پێکهێنانی حکومەتەکەی و پێشکەشکردنی بە پەرلەمان، هەمان کات بەرنامەی حکومەتیش لەناو پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پەرلەمان بەرنامەی حکومەت پەسەند دەکات، بەم پەسەندکردنەش، چاودێریکردنی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە دەبێتە ئەرکی سەرەکیی پەرلەمان، ئایا پەرلەمان تاچەند دەبێت چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت بکات؟**

- هەموو کات پێویستە پەرلەمان بەرنامەی حکومەت پەسەند بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پەرلەمان متمانە بەو بەرنامەیە دەدات، ئەو بەرنامەیەش سیاسەتی گشتی کابینەکە بۆ چوار ساڵی داهاتوو دیاری دەکات، هەر بۆیە کاتێك ئەو بەرنامەیە متمانەی پەرلەمانی وەرگرت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتیش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی پەرلەمان هەیە و بەشی زۆری جێبەجێکردنی بەرنامەکەی پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە، بۆ ئەمەش پێویستە هاوکار و هەماهەنگ بن و لە هەمانکاتیشدا پەرلەمان چاودێر بێت بە سەر حکومەتەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی. لە دوماهیدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حکومەت و پەرلەمان فاکتەرێکی گرنگە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە گەلی کوردستان، بەڵام پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت پەیوەستە بە هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و پەلەکردن لە دیاریکردنی ناوی کاندیدی سەرۆك وەزیران و ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە.

**پێویستە پەرلەمان کاتێک یاسایەک دەردەکات، دەبێت ئامانجی لە دەرکردنی ئەو یاسایە ئەوە بێت کە بتوانرێت لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت، خۆ ئەگەر نەتوانرا ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، ئەوا بەهای ئەو یاسایە لە مەرەکەبی سەر کاغەزەکە زیاتر نابێت، لەمەش زیاتر دەبێتە ئاماژەیەک کە لاوازیی پەرلەمان پیشان دەدات**

**ئەگەر پەرلەمان لەگەڵ حکومەت هاوکار و هەماهەنگ بوو، یاساکانی بەوجۆرە دەرکرد کە حکومەت بتوانێت جێبەجێیان بکات، ئەوا پەرلەمان وەک پەرلەمانیکی بەهێز دەردەکەوێت و حکومەتیش وەک حکومەتێکی بەهێز دەردەکەوێت**

**لە دەستووردا کۆمەڵێک پرانسیپی بنەڕەتی و سەرەکی دادەڕێژدرێت و دەچەسپێندرێن، ئەم پرانسیپانە یاسادانەر و پەرلەمانیش سنووردار دەکات کە ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە پرانسیپەکانی دەستوور بۆی دیاری کردووە**



**مونا نەبی قەهوەچی**

جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گولان:

# پێدانی پۆستێکی سیادی بە پێکهاتەیەکی رەسەن لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانە و دەیسەلمێنێت ئەم هەرێمە شوێنی پێکەوەژیانە

**هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان پەرەسەندن و وەرچەرخانێكی گەورەی بەخۆوە بینی، كە ئومێد دەكرێت ئاماژە و سەرەتایەك بێت، بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر و كاریگەریی ئەرێنیی هەبێت لەسەر رۆڵی پەرلەمان و ئەو ئەدایەی لێی چاوەڕوان دەكرێت. ئەم پرسە و چەند بابەتێكی دیكە، بوونە تەوەری دیدارێكی گوڵان لەگەڵ مونا نەبی قەهوەچی، جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

*** هەڵبژاردنتان وەك نوێنەری توركمان بۆ پۆستی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی سیاسی لە كوردستاندا وەرچەرخانێكی دیكەیە، هەروەها جۆرێك لە پشتگیریی سەرۆك بارزانی بۆ مافی نەتەوەكانی دیكەی لە كوردستاندا لێ دەخوێندرێتەوە، وەك نوێنەری توركمان، هەروەها نەتەوەی كلد و ئاشووریش، بەو حیسابەی ئەم پۆستە هەر دوو ساڵ جارێك بۆ لایەكتان دەبێت، ئایا بوونتان بە جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، بۆ پێكهاتەكان چ مانایەكی هەیە؟**

- بۆ یەكەمجارە پێكهاتەی توركمان لە كوردستاندا پۆستێكی سیادی وەك جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانی پێ بدرێت، ئەمەش وەكو ئیستحقاقێكی نەتەوەی توركمانە لە هەرێمدا، وەرگرتنی ئەم پۆستەش بۆ پێكهاتەیەكی رەسەنی ئەم وڵاتە و لە سایەی پاڵپشتیی هەمیشەیی جەنابی سەرۆك بارزانی چاوەڕوانكراو بوو، جەنابی سەرۆك بارزانی پشتگیریی هەموو پێكهاتەكانی كوردستان دەكات، هەر لە توركمان و كلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی، نەتەوەی توركمانیش بەهەمان شێوە مافی خۆیەتی لە پۆستە باڵاكاندا نوێنەری تایبەت بەخۆیان هەبێت، تاوەكو ئەمە ببێتە رەنگدانەوەی پێكەوەژیان لە كوردستاندا. ئەمە بۆ یەكەمجارە لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق و ناوچەكە وەكو پێكهاتەی توركمان و ئافرەتێك ئەو پۆستە وەربگرین، ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵكی كوردستانە و دەیسەلمێنێت كە كوردستان شوێنی پێكەوەژیان و لێبووردەییە، لە سێی ئەیلوول و لەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كەناڵەكانی راگەیاندن و دانوستانەكانیشەوە گفتوگۆ و داوامان كردووە، كە پێكهاتەی توركمان لە هەرێمی كوردستان لە پۆستە باڵاكاندا پشكی خۆیان هەبێت، كاتێكیش شاندی پارتی دیموكراتی كوردستان هاتنە لامان پێمان گوتن بە پێویستی دەزانین جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بۆ پێكهاتەی توركمان بێت، تاوەكو ئێمەش وەكو پێكهاتەی توركمانی رۆڵێكی راستەوخۆمان لە پرۆسەی یاسادانانندا هەبێت. ئێمە داواكارین و ئومێدمان زۆرە لە پۆست و پایەكانی دیكەدا زیاتر گرنگی بە پێكهاتەكان بدرێت، پێكهاتەكانی توركمان و كلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەنی، چەندین ساڵە لەگەڵ گەلی كورد لەسەر ئەم خاكە پێكەوە دەژین و لە خۆشی و ناخۆشییەكاندا بە درێژایی مێژووی خەبات بەشدارن، پێكهاتەكان رۆڵێكی باشیان هەبووە، بەشداریی پێكهاتەكانیش لە هەرسێ دەسەڵاتی كوردستاندا بۆ دنیا دەیسەلمێنێت، كە كورد و كوردستان بڕوایان بە پێكەوەژیانی راستەقینە لەنێوان هەموو پێكهاتەكاندا هەیە. هەروەها ئەمە بۆ یەكەمینجارە پۆستێكی باڵا بە ئافرەتێك دەدرێت و سەرپەرشتیی ئەم پلە باڵایە دەكات، ئەمە وێڕای ئەوەی دەنگدان بە ئێمەی توركمان متمانەدانە بە خەڵكی توركمان و ئەم پێكهاتە گرنگەی كوردستان، لە هەمان كاتدا خەبات بۆ زامنكردنی تەواوی ماف و ئامانجەكانی سەرجەم پێكهاتەكانی دیكەی كوردستانیش دەكەین.

*** بەردەوام نەتەوەكانی دیكەی كوردستان گلەیی ئەوەیان لە برا كوردەكانیان هەبوو كە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا بوونیان نییە، بەڵام ئێستا لەگەڵ بوونی ئێوە بە جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، نەتەوەكانی دیكە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا**

**وەرگرتنی ئەم پۆستە بۆ پێكهاتەیەكی رەسەنی ئەم وڵاتە و لە سایەی پاڵپشتیی هەمیشەیی جەنابی سەرۆك بارزانی شتێكی چاوەڕوانكراو بوو**

**بۆ یەكەمینجارە پۆستێكی باڵا بە ئافرەتێک دەدرێت و بەشداریی پێكهاتەكانیش لە هەرسێ دەسەڵاتی كوردستاندا بۆ دنیا دەیسەلمێنێت، كە كورد و كوردستان بڕوایان بە پێكەوەژیانی راستەقینە لەنێوان هەموو پێكهاتەكاندا هەیە**

**وێڕای ئەوەی دەنگدان بە ئێمەی توركمان متمانەدانە بە خەڵكی توركمان و ئەم پێكهاتە گرنگەی كوردستان، لە هەمان كاتدا خەبات بۆ زامنكردنی تەواوی ماف و ئامانجەكانی سەرجەم پێكهاتەكانی دیكەی كوردستانیش دەكەین**

**لە دوای هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا جەنابی سەرۆک بارزانی بەڵێنی بە پێکهاتەکانی تورکمان و کلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەنی داوە، کە وەکو پێکهاتەیەکی رەسەنی ئەم کوردستانە سەیریان دەکرێت و رێز لە ویست و داواکارییەکانیان دەگیرێت**

**جێگای داخە تا ئێستاش بەشێک لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناتوانن قبوولی ئەو بارودۆخەی ئێستا بکەن کە لە پەرلەماندا دەگوزەرێت، بەتایبەتی پێدانی پۆستی جێگری دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە پێکهاتەیەکی رەسەنی کوردستان**

**وەکو پێکهاتەکانی کوردستان کار بۆ ئەوە دەکەین لەناو هەموو لێژنەکانی پەرلەماندا ئەندام و نوێنەرمان هەبێت، بەتایبەتی داوا دەکەین لە لێژنە سیادییەکان بەشدارییەکی کارامان هەبێت**

**رۆڵیان دەبێت و هاوبەش دەبن، ئایا تاچەند بوونی نەتەوەکانی دیکە لە سەرۆکایەتیی پەرلەماندا پێناسەیەکی دیکە بە ناسنامەی کوردستانیبوونی هاووڵاتیانی کوردستان دەدات و تاچەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتەوەکانی دیکەش وەك تورکمان و ئاشوور و کلد و سریان ئەم کوردستانە بە نیشتمانی خۆیان بزانن؟**

- وەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەم پێدا، دەنگدان بە ئافرەتێکی تورکمانی متمانەدانە بەخەڵکی تورکمان و پێناسەیەکی دیکە بە کوردستانیبوونی هاووڵاتیانی کوردستان دەدات، پۆستی جێگری دووەمی پەرلەمان بەشێوەیەکی فەرمی دراوە بە پێکهاتەی تورکمان، بەڵام من وەکو نوێنەرایەتی ١١ کورسیی هەموو پێکهاتەکانی تورکمان و کلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەن مامەڵە دەکەم، لەسەر بنەمای باوەڕبوونمان بە پێکەوەژیان و کولتووری لێبووردەیی بەشانازییەوە نوێنەرایەتیی ئەو پێکهاتانە دەکەم. هەربۆیە من لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبمە پارێزەری سەرجەم پێکهاتەکان، بێگومان نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە من وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتیی سەرجەم فراکسیۆنەکانی بەشداربوو لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم بە بێ جیاوازی.

*** بەپێی ژمارەی ئەو ئەندامانەی دەنگیان بە هەرسێ کاندیدەکەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانداوە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە گەورەترین فراکسیۆنە و خاوەنی ٤٥ کورسیی پەرلەمانە، هۆکاری سەرەکییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پۆستە بۆ پێکهاتەی تورکمان لە پەرلەماندا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بڕوابوونی پارتی و بارزانی بە شەراکەتی راستەقینەی نێوان تەواوی نەتەوەکانی کوردستان لە لای ئێوەوە چۆن دەخوێندرێتەوە؟ ئایا هەست ناکەن بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لایەنەکانی دیکە لە پەرلەماندا ئەم مافە شەرعییە بە پێکهاتەکانی دیکە رەوا نابینن، بەتایبەتی کە چەند فراکسیۆنێك ئامادە نەبوون دەنگ بە کاندیدانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بدەن؟**

-بە ناوی پێکهاتەی تورکمان لە کوردستان سوپاسی پاڵپشتی و رۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم، کە هەمیشە پێداگری کردووە لە پێدانی پۆستی سیادی بۆ پێکهاتەی تورکمان و کلدو ئاشوورو سریان و ئەرمەن، لە دوای هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا جەنابی سەرۆك بارزانی بەڵێنی بە پێکهاتەکانی تورکمان و کلدو ئاشوور و سریان و ئەرمەنی داوە، کە وەکو پێکهاتەیەکی رەسەنی ئەم کوردستانە سەیریان دەکرێت و رێز لە ویست و داواکارییەکانیان دەگیرێت. ئەم متمانە و پاڵپشتیەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە و هەموو پێکهاتەکان زۆر گرنگەو دڵخۆشکەر بوو، بەتایبەتی بۆ ئێمەی پێکهاتەی تورکمانی لە کوردستاندا کە ئێستا پۆستی سیادیمان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان هەیە. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەتان جێگای داخە تا ئێستاش بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ناتوانن قبوولی ئەو بارودۆخەی ئێستا بکەن کە لە پەرلەماندا دەگوزەرێت، بەتایبەتی پێدانی پۆستی جێگری دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە پێکهاتەیەکی رەسەنی کوردستان، بگرە بەمەشەوە رانەوەستاون و لێکدانەوەی جیاجیا و سەیری بۆ دەکەن و چەواشەکاری لەناو خەڵکیدا بڵاودەکەنەوە، گوایە پێکهاتەکانی کوردستان هیچ کاتێك خاوەنی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان نەبوون، لەکاتێکدا پێچەوانەیە و پێکهاتەی تورکمان لە سەرەتای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە ئەو داواکارییەی نەك تەنیا لە پەرلەمان هەیە، بەڵکو لەناو هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و کابینە وەزارییەکەی حکومەتیش هەیە. بەڵام بەداخەوە بەشێك لە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی دیکە دەنگیان بە ئێمە نەدا، چونکە ئەگەر دەنگدانەکە بەراورد بکەین لە نێوان سەرۆکی پەرلەمان و جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان ئەوان بە شێوازو دەنگی زیاتر متمانەیان پێداون، بە بەراورد بە دەنگەکان بۆ جێگری دووەمی سەرۆك پەرلەمان، ئێمەش پێمان خۆش بوو بە هەمان دەنگ، نەك دەنگ بە ئێمە بدەن، بەڵکو دەنگ بەو مافەی پێکهاتەی تورکمان بدرێت. هەرچۆنێك بێت ئومێدەوارم بە خێرایی کارەکانی پەرلەمان دەست پێ بکات. کە ئێستا

ئێمە بە نیازی خۆئامادەکردنین بۆ دانانی لیژنەی یاسایی لەناو پەرلەمان، کارەکانی ئەم لیژنەیە زۆر گرنگە و بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەندامانی لیژنەکە بێ پێکهاتەی تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن بێت، نەك تەنیا لە لیژنەی یاسایی، بەڵکو ئێمە وەکو پێکهاتەکانی کوردستان کار بۆ ئەوە دەکەین لەناو هەموو لیژنەکانی پەرلەماندا ئەندام و نوێنەرمان هەبێت، بەتایبەتی داوا دەکەین لە لیژنە سیادییەکان بەشدارییەکی کارامان هەبێت، چونکە هەرچی پرۆژە یاسایەك دێتە ناو ئەم لیژنانەوە گوزارشت لە چارەنووسی هەموو خەڵکی کوردستان بە پێکهاتەکانیەوە دەکات.

*** لەبەر ئەوەی بەشدارن لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، لە حکومەتیشدا بەشدارییەکی کاراتان دەبێت، ئایا دیدوبۆچوونی ئێوە سەبارەت بە شداربوونتان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان چۆنە؟**

- ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان دەبێت بەشدارییەکی کارا بکەین لە کابینەی داهاتووی حکومەتی کوردستاندا، چونکە دید و تێڕوانینی ئێمە ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە خولی ئەمجارەی پەرلەماندا دەرکەوت یەکسانی و پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا بەرجەستەیە و دەبێت ئەو پرۆسەیە بگوازینەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پێویستە لەم دوو دەستەی سەرۆکایەتییەش بەشداری و رۆڵی پێکهاتەکانی تورکمان و کلدو ئاشووری و سریانی و ئەرمەنیش رەچاو بکرێت، بەدڵنیاییەوە هەرواش دەبێت، هەر بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە ئەو کابینە تازەیەی حکومەتی کوردستان زۆر بەهێز دەبێت لەبەر ئەوەی پاڵپشتی پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتی داهاتووی کوردستان هەر لە ئێستاوە رەنگدانەوەکەی دیارە و پێویستە پەرلەمان بە هەناسە و شێوازێکی باش هاوکاریی تەواوی حکومەتی کوردستان بکات، تاوەکو بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی کوردستان باش ببێتەوە، ئەو پرۆژە یاسایانەشی کە پەیوەستە بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە دەبێت بە زووترین کات لە پەرلەماندا کاری جددییان لەسەر بکرێت، ئێمە پاش دەستبەکاربوونمان وەکو دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، یەکەم کار و هەنگاومان دامەزراندنی لیژنەی یاسایی پەرلەمانە، چونکە هەموو پرۆژە یاسایەکان و هەمووارکردنی یاساکان لە سەرەتادا دەبێت بچێتە لیژنەی یاسایی و هەر لەوێ کاری لەسەر بکرێت، پاشان پەسند بکرێت. یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بە یەکێك لەو یاسا گرنگانە دادەنرێت کە ئەرکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە و دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت و ئەو یاسایە تێپەڕێندرێت، دوای ئەوەی ئەم پرسە تەواو بوو لەناو پەرلەماندا متمانە بە سەرۆکی هەرێم درا، ئەو کات سەرۆکی هەرێم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت بۆ دامەزراندنی کابینەکەی، کە بە تەئکید لەم کابینەیەدا پێکهاتەکانی تورکمان و کلدان و ئاشوورو سریان و ئەرمەنیش پۆست و پایەیان دەبێت.

*** لەم خولەی پەرلەماندا یەکێك لە ئەولەوییاتەکان دەستووری کوردستانە، ئایا دەستوور بۆ مافەکانی ئێوە وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە کوردستان چەند گرنگە، تاچەند هەوڵەکانتان یەکدەخەن بۆ ئەوەی مافەکانی خۆتان لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێنن و پەلە لە دەستووری کوردستان بکرێت؟**

- ئەگەر کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، ئەوا هیچ پێکهاتەیەك لە هەرێمی کوردستان کێشەو گرفتی نامێنێت، چونکە دەستوور دەبێتە بنەما و سەرچاوەی سەرەکی بۆ پاراستنی هەموو مافەکانی پێکهاتەکان و ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان بوونی ئەو دەستوورە زۆر بە گرنگی دەزانین، دەبێت لەم خولەدا پەرلەمان کارا بێت لەسەر پەسەندکردنی دەستوور، تا وەکو ببینە خاوەن دەستووری خۆمان لە کوردستان، لە دەستوورەکەشدا پێویستە مافی هەموو پێکهاتەکان دیاریکراو و جێگیر بکرێت و پارێزراو بێت، لەو کاتەدا بەهیچ جۆرێك لە دیاریکردن و دەستەی سەرۆکایەتییەکانی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمدا تووشی کێشەو گرفت نابین، چونکە لەو کاتەدا پشت بە دەستوور دەبەستین، ئەو کاتە دەتوانین زۆر بە ئاسانی و ئاسایی مافەکانمان دەستەبەر بکەین.

**پاڵپشتیی پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتی داهاتووی کوردستان هەر لە ئێستاوە رەنگدانەوەکەی دیارە و پێویستە پەرلەمان بە هەناسە و شێوازێکی باش هاوکاریی تەواوی حکومەتی کوردستان بکات**

**یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بە یەکێک لەو یاسا گرنگانە دادەنرێت کە ئەرکی لێژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە و دەبێت کاری جددی لەسەر بکرێت و ئەو یاسایە تێپەڕێندرێت**

**ئەگەر کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، ئەوا هیچ پێکهاتەیەک لەهەرێمی کوردستان کێشەو گرفتی نامێنێت، چونکە دەستوور دەبێتە بنەما و سەرچاوەی سەرەکی بۆ پاراستنی هەموو مافەکانی پێکهاتەکان**

### ئەو پارتەی بۆ یەکەمین جار ئافرەتی گەیاندە سەرکردایەتی

# بۆ یەکەمین جاریش گەیاندیە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی ڕێبەری نەتەوەییمان لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشووەوە بۆ عێراق و گرێدانی کۆنگرەی پارتی لە ساڵی ١٩٥٩ بە سەرپەرشتی و چاودێریی شەخسی بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەنگاوێکی گرنگی بۆ بەرەوپێشەوەچوونی دۆزی ئافرەت لە کوردستان هەڵگرت و بۆ یەکەمجار لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە، خانمێك بووە ئەندامی سەرکردایەتی لە حزبێکدا کە ئەویش خانمە ناهیدەی شیخ سەلام بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگەشدا (١٨ی ٢ی ٢٠١٩) جارێکی دیکە هەمان پارتی (پارتەکەی مستەفا بازانی) هەنگاوێکی دیکەی گرنگی بۆ بەرەوپێشەوەبردنی زیاتری دۆز و پێگەی ئافرەت لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەڵگرت و، خانمێکی دیکەی بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاندید کرد و لەناو پەرلەمانیشدا متمانەی بەدەستهێناوە و بووە یەکەم خانم کە لەسەر کورسیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دابنیشێت، ئەو خانمەش کە ئێستا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە د.ڤالا فەرید ئیبراهیم-ـە. لەمەش زیاتر جێگەی شانازیی هەموو ئافرەتانی کوردستانە، دیارە پێکهاتەکانی دیکەی کوردستانیش بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان هەر خانمێکیان کاندید کرد و ئەو خانمەش لەناو پەرلەمان متمانەی بەدەستهێنا و ئەویشیان مونا نەبی قەهوەچی-یە.

بۆ تێکڕای ئافرەتانی کوردستان بەگشتی و ئێمەی ئافرەتانی پەرلەمانتار لەناو پەرلەمانی عێراقدا، ئەم ڕووداوە نەك هەر جێگەی سەرنجدان و شانازییەکی گەورە بوو، بەڵکو ئێمەی گەیاندە شکۆ و پێگەیەکی ئەوتۆ کە بتوانین زیاتر بە دەنگی بەرز بە متمانە بە خۆبوونێکی زیاترەوە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردستان بەگشتی و پرسی ئافرەتان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراقدا بکەین.

جیاوازیی نێوان ژینگەی سیاسیی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق، هەر هێندە نییە کە ڕێژەی خانمان لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دوو بەرابەری ڕێژەی پیاوانە، بەڵکو جیاوازیی نێوان ئەو دوو ژینگە پەرلەمانییە، پیشاندانی دوو ئەقڵییەت و دوو تێڕوانینی جیاوازە بۆ بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریی ڕاستەقینەی ئافرەت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ئەم جیاوازییەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ئەو پرۆژە یاسایانە سەبارەت بە پێگەو شکۆی ئافرەت هەیە کە لەناو پەرلەمانی کوردستان چ پرۆژە یاسایەك بۆ هاوسەنگی و یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان ئامادەکرێت و دەخرێتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، لە بەرامبەردا لەناو پەرلەمانی عێراقدا چ جۆرە پرۆژە یاسایەك بۆ پێگە و شکۆی ئافرەت دێتە بەر باس و دەخرێتە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمانی عێراقەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، یان دەنگدانی لەسەر ئەنجام بدرێت.

لە خولەکانی پێشووتری پەرلەمانی کوردستاندا زۆر لە لیژنە گرنگەکانی پەرلەمان و وتەبێژی فراکسیۆنەکان و تەنانەت پۆستی سکرتێری پەرلەمانیش بە ئافرەتان سپێردراوە و هەمووشیان بە بێ جیاوازیی حزب و نەتەوە لە کارەکانیان سەرکەوتوو بوون، بەڵام لەناو پەرلەمانی عێراقدا ئەو بوارە نەڕەخساوە کە بەشداری کردەیی لە پۆستە هەستیارەکاندا، یان تەنانەت لە سەرۆکایەتیی هەندێك لیژنەی گرنگی ناو پەرلەمانیشدا بە ئافرەتان بسپێردرێت، هەر بۆیە ئاستی پێشکەوتن و ڕۆڵ و کاریگەریی ئافرەتان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بە

**ئەم دیمەنەی ئێستای دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پیشانی عێراق و ناوچەکە و جیهانی دەدات، کارێکی ڕێککەوت و سەرپێی نییە و پێشتریش پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر ئەم پرسە کردووە، بەوەی دەبێت لەناو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا ئافرەتێک یەکێک لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانمان پێشەنگ و ڕێبەر بووە، بەهەمان شێوە لە خەباتی بە مەدەنیکردن و بە مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگەشدا ڕێچکە شکێن و هەموو کات دەستپێشخەر بووە**



## مەیادە محەمەد نەجار

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەراورد لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان لە ئاستێکدایە زەحمەتە بەراورد بکرێت.

دیارە ئەم دیمەنەی ئێستای دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پیشانی عێراق و ناوچەکە و جیهانی دەدات، کارێکی رێککەوت و سەرپێی نییە و پێشتریش پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر ئەم پرسە کردووە، بەوەی دەبێت لەناو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا ئافرەتێك یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت، هەر بۆیە ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە و دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوونی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تەمموزی (٢٠١٨) هەموار کرایەوە، بە یاسا چەسپاندی کە دەبێت یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان (سەرۆکی پەرلەمان، یان یەکێك لە دوو جێگرەکەی) ئافرەت بێت، ئەم هەنگاوەش یەکێکی ترە لە دەستکەوتەکانی پەرلەمانی کوردستان کە جێگەی شانازیکردن بێت، لەکاتێکدا هەتا ئێستا لە پەرلەمانی عێراقیدا هیچ جۆرە یاسایەکی لەو شێوەیە نییە کە رۆڵ و پێگەی ئافرەتانی لە نێو دەستەی سەرۆکایەتیدا دیاری کردبێت، ئەمەش خاڵێکی تری جیاوازییە لەنێوان پەرلەمانی عێراقی و پەرلەمانی کوردستاندا و لەلایەکی ترەوە گەواهیدانی مێژووە بۆ هەوڵی بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەرخستن و گرنگیدان بە تواناکانی ئافرەتان.

ئەمرۆ ئافرەتێك سەرۆکی پەرلەمانە، مایەی خۆشحاڵییە بۆ ئێمەی ئافرەتان و هەست بە سەرکەوتن دەکەین و هەست بەوە دەکەین کە ئێمەی ئافرەتیش خاوەن بڕیارین، لەلایەکی ترەوە وەك ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەست بە شانازی دەکەم کە پارتی ئافرەتێکی کاندید کرد بۆ ئەم پۆستە سیادییە، ئەمەش نیشانەی خەمخۆری و دڵسۆزیی پارتییە بۆ گشت پرسە هەستیارەکان بە دۆسیەی ئافرەتانیشەوە.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە راشکاوانە جەختی لەسەر بکرێتەوە و فەرامۆش نەکرێت، ئەوەیە ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لە پرسی ئافرەتدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستپێشخەری بۆ کراوە و پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لە خەبات و قوربانیدان لەپێناوی مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانمان پێشەنگ و رێبەر بووە، بەهەمان شێوە لە خەباتی بە مەدەنیکردن و بە مۆدیرنەکردنی کۆمەڵگەشدا ریچکە شکێن و هەموو کات دەستپێشخەر بووە، هەر بۆیە ئەگەر چاوێك بە مێژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بگێڕینەوە، ئەو راستییە وەك رۆژی رووناك دیارە کە هەمیشە کادیرە ئافرەتەکانی پارتی لە پۆستە باڵاکاندا پێشەنگی ئافرەتان بوون لە ئەرکەکانیاندا و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

تێگەیشتن و دیدوبۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم هەنگاوە گرنگەی سەلماندنی کە تێگەیشتن و تێڕوانینی ئەم پارتە بۆ سیاسەت و حوکمڕانی بە شێوەیەکی کردەیی لە تێگەیشتن و تێڕوانینی حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە جیاوازترە و ئەوەی پارتی لە میانەی پێگە و رۆڵی گرنگی ئافرەت لە پێشخستنی کۆمەڵگە دەیبینێت و هەستی پێ دەکات و لە پێناویدا دەستپێشخەری دەکات، هێشتا لە ناو تێگەیشتن و ئەقڵی سیاسیی ناوچەکەدا بیری لێ نەکراوەتەوە، ئەمەش پەیامێکی راشکاوانەیە بۆ هەموو ئەوانەی خۆیان بە دۆست، یان دوژمنی دۆزی رەوا و ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان دەزانن، پارتی دووبارە سەلماندیەوە کە جارێکی دیکە هێزی مرۆڤساڵاری لە کوردستاندا بووژاندەوە.

**جیاوازیی نێوان ژینگەی سیاسیی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق، هەر هێندە نییە کە رێژەی خانمان لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دوو بەرابەری رێژەی پیاوانە، بەڵکو جیاوازیی نێوان ئەو دوو ژینگە پەرلەمانییە، پیشاندانی دوو ئەقڵییەت و دوو تێڕوانینی جیاوازە بۆ بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریی راستەقینەی ئافرەت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا**

**بۆ یەکەمجار لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە، خانمێک بووە ئەندامی سەرکردایەتی لە حزبێکدا کە ئەویش خانمە ناهیدەی شێخ سەلام بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان**





## کاتێک سیاسەت خەسڵەتی هونەری مومکینات ون دەکات

# بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر ناکرێن و ڕۆڵی حزبی سیاسیش کۆتایی دێت



**سیاسەت دروستکردن و پیادەکردنی سیاسەت پێوستی بە ڕەچاوکردنی ژێرخانێکی ئاکاری هەیە، کە ئەویش «بەرژەوەندی و خێری گشتی»ی کۆمەڵگەیە، ئەم ژێرخانە ئاکارییەش دەبێتە بنەمایەک بۆ بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای چارەسەری گونجاودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە**

**حزبی سیاسی لە بری ئەوەی هۆکارێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، خودی حزبی سیاسی بۆتە بەشێکی سەرەکی لەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە**

**مەترسیدارترین کێشە کە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە دروستی دەکات، ئەو کاتەیە کە حزبی سیاسی دەگاتە ئەو قەناعەتەی بەرژەوەندیی (حزب) لە بەرژەوەندیی (خەڵک و کۆمەڵگە) گرنگترە، لەمەش خراپتر ئەو کاتەیە حزب دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بەرژەوەندیی حزب کەوتە مەترسییەوە، کۆمەڵگە هیچ ئاییندەیەکی نابێت**

ئەگەر ئەو پێناسەیە بکەینە دەروازە کە دەڵێت: «سیاسەت هونەر مومکیناتە»، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەت، ئەوا وەك مێژووی فەلسەفەی سیاسەت ئاماژەی پێ کردووە، سیاسەت لە وشەی پۆلیتکۆ (Politikos)ی یونانییەوە وەرگیراوە و ئەم وشەیەش سەرچاوەکەی لە دەوڵەتە شار (Polis)ی یونانییەوە هاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە مەبەست لە چەمکی (سیاسەت) ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتە، یان ئەوەی یۆنانییەکان پێیان دەگوت: «دەوڵەتە شار»، ڕاشکاوانەتر واتە چۆن کاروباری شارێك وەك دەوڵەتێك ڕێکدەخرێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لە (دەوڵەتە شار)ی یۆنانیدا چۆن سیاسەت دروستکراوە و چۆن ئەو سیاسەتە پیادەکراوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی؟ بێگومان بە کۆبوونەوەی خەڵکی شار و وتووێژ و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بەو کێشانەی کۆمەڵگە کە پێویستە چارەسەر بکرێن و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگە دابین بکرێت. ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت: سیاسەت دروستکردن و پیادەکردنی سیاسەت پێویستی بە ڕەچاوکردنی ژێرخانێکی ئاکاری هەیە، کە ئەویش «بەرژەوەندی و خێری گشتی»ی کۆمەڵگەیە، ئەم ژێرخانە ئاکارییەش دەبێتە بنەمایەك بۆ بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای چارەسەری گونجاودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، ئەم بیرکردنەوەیەش وەك نیچە لە کتێبی (زەرەدەشت وەهای گوت) ئاماژەی پێکردووە، مرۆڤ لە مرۆڤێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ مرۆڤی باڵا، ئەم مرۆڤە باڵایەش کاتێك لە ناو بیرکردنەوەی قووڵی (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە لە دایك دەبێت، پەیامەکانی لە پەیامی مرۆڤی ئاسایی گرنگتر و بەبایەختر دەبێت و، تەنانەت تا دەگاتە ئەوەی مرۆڤی باڵا دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە پەیامەکەی پەیامی مرۆڤێکی ئاسایی نییە و لە ئاسمانەوە وەریگرتووە. نیچە کاتێك ئەم دەمامکە لە ڕووی زەردەشت هەڵدەماڵێت، ڕاشکاوانە ئەوە بە مرۆڤایەتی دەڵێت، زەردەشت پەیامبەر نییە، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە لەناو بیرکردنەوەی (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە، بۆتە ئەو مرۆڤە باڵایەی کە بە مانای وشە (پاڵەوانە) و سیحرباز نییە.

بەپێی ئەم پێناسەیەی نیچە بۆ (مرۆڤی باڵا)، ئەوا مرۆڤی باڵا بە مانای وشە ئاماژەیە بۆ مانای (سیاسەتمەداری ڕاستەقینە)، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لای نیچە مرۆڤی باڵا (یاسادانەر)ی کۆمەڵگەیە، ئەم یاسادانەرەش دەبێت دوو خەسڵەتی تایبەتی تێدا بێت و لە یەك کاتدا (پزیشك و هونەرمەند) بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە سیاسەتمەدار وەك پزیشك نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەستنیشان بکات و، وەك هونەرمەندیش بە شێوەیەکی هونەرییانە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

کەواتە ئەو مرۆڤانەی لە بواری سیاسەت دروستکردن و پیادەکردنی سیاسەت وەك (سیاسەتمەدار) لەناو کۆمەڵگە خۆیان نمایش دەکەن، کاری سەرەکییان بریتییە لە (گوێگرتن لە خواست و داوای خەڵك و کێشەکانیان) و پاشان بیرکردنەوە لەسەر بنەمای (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی تا ئەو ئاستەی دەتوانرێت، وەڵامی خواستی خەڵك بدرێتەوە و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە.

سیاسەت بەمانای (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە، کەم تا زۆر پەیوەندی بە بوونی حزبی سیاسی لە ناو کۆمەڵگە نییە. حزبی سیاسی لەو کاتەوە بۆتە بەشێك لە سیاسەت و پیادەکردنی سیاسیەت، کە (دەوڵەتە شار) بووە دەوڵەتی نەتەوەیی گەورە و پێویستیی کۆمەڵگە وایکرد کە گرووپێك خەڵك نوێنەرایەتیی توێژێك، یان چینێکی کۆمەڵگە بکات و لەناو حکومەت و پەرلەماندا داکۆکی لە بەرژەوەندیی ئەو خەڵکە بکات و یاساکان بە شێوەیەك دابڕێژرێن کە مافی ئەو بەشەی خەڵك لە وڵاتدا پێشێل نەکات. ئەوجا ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی حزبی سیاسی لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا لەگەڵ مانا یۆنانییەکەی (سیاسەت)ی پیادەکراو لە (دەوڵەتە شار) پێکەوە گرێ بدەینەوە، ئەوا دەگەینە خاڵێکی هاوبەش کە سیاسەتمەداری ناو حزبە سیاسییەکانیش کاریان ئەوە نییە بەرنامەی سیاسی دابنێن و لەسەر بنەمای بەرنامەی حزبەکەیان خەڵك رابکێشنە ناو حزبەکەیان و ژمارەی ئەندامەکانیان وەك (سەرباز) بۆ شەڕەدەنووکی حزبایەتی زیاتر بکەن، بەپێچەوانەوە، بەرنامەی هەر حزبێکی

سیاسی لە ناو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، ئەوجا ئەو حزبە هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسیشی هەبووبێت، هەوڵدان بووە بۆ گوێگرتن لە خواست و داوای ئەو چین و توێژەی حزبەکە خۆی بە نوێنەریان دەزانێت و، بەرنامەی حزبەکەشی نەخشەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو توێژ و چینانە بووە کە حزبی سیاسی خۆی بە نوێنەریان زانیوە.

لەناو مێژووی زانستی سیاسەتیشدا بە هاوشێوەی مێژووی هەموو زانستە سرووشتییەکانی دیکە، چۆن گەلێك جار ئامانجی زانستەکان بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی بە لاڕێدا براوە و خراوەتە خزمەتی بەرژەوەندیی تاقم و گرووپ، یان کۆمپانیای دیکەوە، بەهەمان شێوە لە زانستی سیاسیشدا گەلێك لەو گرووپ و تاقمەی ناویان لە خۆیان ناوە (حزبی سیاسی)، ئامانجی زانستی سیاسەتیان لە بە لاڕێدا بردووە و خستوویانەتە خزمەتی حزبێکی سیاسیی دیاریکراو، بەمەش شێوازی گوێگرتن لە خواست و دوای خەڵك و بیرکردنەوە لە سەر بنەمای ئاکاری (بەرژەوەندی و خێری گشتی) گۆڕاوە بۆ هاوکێشەیەکی پێچەوانە، ئەمەش بەو مانایەی لە بری ئەوەی حزبی سیاسی گوێ لە خواست و داواکانی خەڵك بگرێت و، پاشانیش سیاسەتمەدارانی ناو حزب لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی بیر بکەنەوە و وەڵامی خواست و داخوازی خەڵك بدەنەوە و کێشەکانیان چارەسەر بکەن، حزبی سیاسی خەڵکی کردووە بە (گوێگری وتارە حزبییەکان) و توانای خەڵکەکەی بۆ قەبەکردنی حزبەکەی قۆستۆتەوە، بەمەش حزبی سیاسی لە بری ئەوەی هۆکارێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، خودی حزبی سیاسی بۆتە بەشێکی سەرەکی لەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە.

مەترسیدارترین کێشە کە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە دروستی دەکات، ئەو کاتەیە کە حزبی سیاسی دەگاتە ئەو قەناعەتەی بەرژەوەندیی (حزب) لە بەرژەوەندیی (خەڵك و کۆمەڵگە) گرنگترە، لەمەش خراپتر ئەو کاتەی حزب دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بەرژەوەندیی حزب کەوتە مەترسییەوە، کۆمەڵگە هیچ ئایندەیەکی نابێت، لەم حاڵەتەدا کە حزبی سیاسی وەك بەشێك لە سیاسەتی ناو کۆمەڵگە، بەرژەوەندیی حزب لە بەرژەوەندی و خێری گشتیی کۆمەڵگە بە گرنگتر دەزانێت، ئەوا سیاسەت خەسڵەتە گرنگ و جوانەکەی کە (هونەری مومکیناتە) لە خۆی دادەماڵێت و بوون و نەبوونی حزبی سیاسیش وەك یەکی لێ دێت.

## ● چ کاتێك سیاسەت خەسڵەتی (هونەری مومکینات) ون دەکات؟

داماڵینی خەسڵەتی (هونەری مومکینات) لە سیاسەت، پەیوەندی بەوەوە نییە، حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگە هەڵگری چ جۆرە ئایدیۆلۆژیەتێکن، هەروەها پەیوەندی بەوەوە نییە ئەو حزبە دیموکراتییە، یان ئایینی، یان چەپ، بەڵکو خەسڵەتی (هونەری مومکینات) ئەو کاتە لە سیاسەت دادەماڵدرێت، کە حزبی سیاسی گوێگرتن لە خواستی و دوای خەڵك و بیرکردنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان بگۆڕێت بۆ هەڵهێنجانی چەند دەستەواژەیەکی سواو لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبەکەی و سەپاندنی ئەو دەستەواژانە بە سەر خەڵك و لایەنگرانیدا، ئەمەش واتە پشتکردنە (ئەقڵ و بیرکردنەوە) و پیادەکردنی (نەقڵی دەستەواژەی ئایدیۆلۆژی) بۆ ناو کۆمەڵگە.

هەر حزبێکی سیاسی گەیشتە ئەم قۆناخەی کە پشت بکاتە (ئەقل و بیرکردنەوە) و، پیادەکردنی (نەقڵی ئایدیۆلۆژی) بۆ ناو کۆمەڵگە، ئەوا ئەو حزبە سیاسییە لە بری ئەوەی هۆکار و فاکتەرێك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، خۆی دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ دروستکردنی کێشە لە کۆمەڵگە و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەناو دەوڵەتدا.

ئەم میتۆدە، پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتی زۆر پێشکەوتوو و پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتانی هەژار و دواکەتووشی پێ دەخوێندرێتەوە، ئەوەشی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەتوو لە دوو خانەی جیاوازدا پۆلێن دەکات، شێوازی سیاسەت دروستکردن و پیادەکردنی سیاسەتە لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، هەر بۆیە ئەگەر حزبی سیاسی بەمانای وشە وەك (حزبی سیاسی) لەسەر بنەمای ئاکاریی (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە سیاسەت دروست بکات و پیادەی بکات، ئەوا ئەو نەتەوەیە هەرگیز هەژار نییە،

**لەم حاڵەتەدا کە حزبی سیاسی وەک بەشێک لە سیاسەتی ناو کۆمەڵگە، بەرژەوەندیی حزب لە بەرژەوەندی و خێری گشتیی کۆمەڵگە بە گرنگتر دەزانێت، ئەوا سیاسەت خەسڵەتە گرنگ و جوانەکەی کە (هونەری مومکیناتە) لە خۆی دادەماڵێت و بوون و نەبوونی حزبی سیاسیش وەک یەکی لێ دێت**

**خەسڵەتی (هونەری مومکینات) ئەو کاتە لە سیاسەت دادەماڵدرێت، کە حزبی سیاسی گوێگرتن لە خواستی و دوای خەڵک و بیرکردنەوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان بگۆڕێت بۆ هەڵهێنجانی چەند داستەواژەیەکی سواو لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبەکەی و سەپاندی ئەو دەستەواژانە بە سەر خەڵک و لایەنگرانیدا، ئەمەش واتە پشتکردنە (ئەقڵ و بیرکردنەوە) و پیادەکردنی (نەقڵی دەستەواژەی ئایدیۆلۆژی) بۆ ناو کۆمەڵگە**

**ئەم هەرێمەی پێی دەڵێن «هەرێمی کوردستان» هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هەتا ئێستا، هیچ کێشەیەکی نەبووە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت، بێجگە لەو کێشانەی کە خودی حزبە سیاسییەکان دروستی دەکەن. هەر ئەو کێشانەش کە حزبە سیاسییەکان دروستی دەکەن، بوونەتە هۆکاری کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەی کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی ناخۆش کردووە**

**ئایا ئەم هەڵوێستەی یەکێتی بۆ بایکۆتکردن لەسەر ئەو بنەمایە بوو، ئەگەر پەرلەمان دەست بە کارە ئاساییەکانی خۆی بکات، بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەوێتە مەترسییەوە؟ ئایا ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئیدی پەرلەمان یاسا لە دژی گەلەکەی خۆی دەردەکات؟ یان تەنیا بیانووی یەکێتی بۆ بایکۆتی ئەم کۆبوونەوەیەی پەرلەمان پێداگری بوو لەسەر بەرژەوەندییە حزبییەکانی خۆی و عینادیکردن بوو لەگەڵ ئەو بڕیارە کە خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی رابردوو دابوویان؟**

**هەریەک لە فراکسیۆنەکان (یەکگرتوو، کۆمەڵ، شیوعی) کە دەنگیان بە کاندیدەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەدا، پێش ئەوەی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان کۆتایی بێت، کۆنگرەی رۆژنامەوانییان گرێ دا و هەر یەکەیان بە شێوەیەک تانووتیان لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان دا، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ئێوە وەک بڕواتان بەو شێوازە نییە کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی پێ هەڵبژێردراوە، ئەی چۆن لە رۆژانی دادێ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەکەن، کە ئەو دەستەی سەرۆکایەتییە بەڕێوەی دەبات و ناچار دەبن، بڵێن: «بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان»؟**

ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەتەوە کاتێك وەك نەتەوەیەكی هەژار دەردەكەوێت كە تواناكانی بۆ چارەسەكردنی كێشەكانی خۆی لێ زەوت بكرێت، كاتێك نەتەوە ئەم تواناییانەی لێ زەوت نەكرا و، حزبی سیاسی بووە ئەو دامەزراوەی كە لە تواناكانی نەتەوەدا وەبەرهێنان بكات بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، ئەوا هەرگیز ئەو نەتەوەیە هەژار و دواكەتوو نابێت.

لێرەدا ئەگەر پرسیارەكە بە دیوێكی دیكەدا بورووژێنین و بپرسین: ئایا حزبی سیاسی دەبێتە ئەو فاكتەرەی كە نەتەوەی دەوڵەمەند و پێشكەوتوو بگێڕێتەوە بۆ ئاستی نەتەوەی هەژار و دواكەوتوو؟ دیارە مێژووی سیاسەت و حوكمڕانیی هاوچەرخ راشكاوانە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە. واتە بەشێكی زۆری بیرمەندان و پسپۆڕانی سیاسەت جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە حزبی سیاسی كاتێك لە ئاكاری (بەرژەوەندی و خێری گشتی ) لادەدات، ئەگەر ئەو دەوڵەتە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش بێت كە بانگەشەی بۆ سەركردایەتیی جیهان دەكرد، ئەوا سیاسەت و حوكمڕانی چۆن لە دەوڵەتێكی وەك (سۆماڵ ) دا پەكی دەكەوێت و كار ناكات، بەهەمان شێوە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش پەكی دەكەوێت و كار ناكات.

بیرمەند و دیپلۆمات و توێژەری ناسراوی ئەمریكی ریچارد هاس لە كتێبی (جیهان لە پاشاگەردانیدا - The world in disarray) زۆر راشكاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەمریكا دەوڵەتێكی هەژار نییە و ئەو پارەیەی كە بۆ چاودێری تەندروستی سەرفی دەكات، بەشی دوو هێندەی دانیشتووانی ئەمریكا دەكات، بەڵام وەك دەبینین ئەمریكییەكان داوای چاودێری تەندروستی دەكەن، هەر لەسەر ئەم پرسە بیرمەندێكی دیكەی ئەمریكی بە ناوی جۆن میرشامێر لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی (تراژیدیای سیاسەتەكانی گەورەترین زلهێز - The Tragedy of Great Power Politics) زۆر راشكاوانە جەخت لەسەر كۆتاییهاتنی (سەدەی ئەمریكا) دەكاتەوە و پێیوایە كە ئەو سەدەیە كۆتایی هات كە ئەمریكا بانگەشەی بۆ سەركردایەتیی جیهان دەكرد، لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی میرشامێردا، جۆزێف نای كە بە دیارترین بیرمەندی بواری (هێز) ناسراوە و خاوەنی چەندین كتێبی گرنگە لەسەر هێز، وەك: (هێزی نەرم، ئایندەی هێز، هێزی زیرەك و ئایندەی سوپا)، لە ساڵی ٢٠١٥ كتێبێكی نووسی بە ناونیشانی ( ئایا سەدەی ئەمریكا كۆتایی هاتووە؟ - Is the American century over)، لەم كتێبەدا نای بە جۆرێك دوچاری سەرسوڕمان بووە كە راشكاوانە دەڵێت: چۆن دەبێت سەدەی ئەمریكا كۆتایی بێت، لە كاتێكدا ئەمریكا خاوەنی ٢٠٪ی ئابووریی جیهانە؟ لە پرۆگرامی كۆمپیۆتەردا هەموو جیهان پێویستی بە ئەمریكایە؟ لە كۆی (١٠) زانكۆی لوتكە لە جیهاندا (٦) زانكۆیان ئەمریكین، لێرەدا پێش ئەوەی هیچ وەڵامێك بۆ پرسیارەكانی نای دەربڕین، پرسیار دەكەین: ئەگەر ئەم پرسیارانەی نای هەموویان راستن و هەمووشیان پێگە و شكۆی ئەمریكا لەسەر ئاستی جیهان پیشان دەدەن و، ئەمریكا خاوەنی ئەم هەموو خاڵە بەهێزانەیە، بەڵام بۆچی هاووڵاتیانی لە نیویۆرك وۆڵ ستریت دەسووتێنن؟

ئەم پرسیارە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە هەردوو حزبی كۆماری و دیموكراتی بە ئاستێك لە بنەما ئاكارییەكانی (بەرژەوەندی و خێری گشتی )ی ئەمریكا دوور كەوتبوونەوە، كە هیچ دامەزراوەیەكی ئەمریكی كاری نەدەكرد و حكومەتی ئەمریكا هیچ كێشەیەكی بۆ چارەسەر نەدەكرا، هەتا ئەو كاتەی كە خەڵكی ئەمریكا لە نۆڤێمبەری ٢٠١٦ دۆناڵد ترەمپی هەڵبژارد، ترەمپ راستە وەك كاندید، كاندیدی حزبی كۆماری (GOP) بوو، بەڵام بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئەمریكا نەگەڕایەوە بۆ سیاسەت و بەرنامەكانی حزبی كۆماری، بەڵكو گەڕایەوە بۆ ئەو پرانسیپانەی كە گەلی ئەمریكا بە رابەرایەتی جۆرج واشنتۆن شۆڕشی دژی بەریتانیا بەرپاكرد و تەنیا بیری لە ئەمریكا كردەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئاراستەی شرۆڤەكردنمان بگوازینەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسیی كوردستان و هەڵوەستەیەك لەسەر سیاسەت دروستكردن و پیادەكردنی سیاسەت لەلایەن حزبەكانی كوردستانەوە بكەین، دەبینین ئەم هەرێمەی پێی دەڵێن «هەرێمی كوردستان» هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە هەتا ئێستا، هیچ

کێشـەیەکی نەبـووە قابیلـی چارەسـەرکردن نەبێـت، بێجگـە لـەو کێشـانەی کـە خـودی حزبـە سیاسییەکان دروستی دەکـەن. هـەر ئـەو کێشـانەش کـە حزبـە سیاسـییەکان دروسـتی دەکـەن، بوونەتـە هـۆکاری کەڵەکەبوونـی ئـەو کێشـانەی کـە ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی کوردسـتانی ناخـۆش کـردووە.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە ئەگـەر هەڵوەسـتەیەك لەسـەر کۆبوونـەوەی ١٨ی شـوباتی رابـردووی پەرلەمانـی کوردسـتان بکەیـن و ئـەو پرسـیارە لـە خـودی ئـەو کۆبوونەوەیـە بکەیـن: ئایـا هەڵوێسـتی حزبەکانـی کوردستان لەناو پەرلەماندا چۆن بووە؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بەچەنـد خاڵێـك دەدەینـەوە:

١. لـەم کۆبوونەوەیـەدا هەڵوێسـتی فراکسـیۆنی پارتـی دیموکراتـی کوردستان و فراکسیۆنی گـۆڕان لەگـەڵ فراکسـیۆنی پێکهاتـەکان لەگـەڵ ئـەوە بـوو دەسـتەی سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان هەڵبژێردرێـت و ئـەم خولـە تازەیـەی پەرلەمـان دەست بـە کارەکانـی خـۆی بـکات.

٢. لـەم کۆبوونەوەیـەدا فراکسـیۆنی یەکێتـی نیشـتمانی بایکۆتـی کۆبوونەوەکـەی کـرد، بـەڵام پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئـەم بایکۆتکردنـە لـە پێنـاوی چـی؟ ئایـا ئـەم هەڵوێسـتەی یەکێتـی بـۆ بایکۆتکـردن لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو، ئەگـەر پەرلەمـان دەست بە کارە ئاساییەکانی خۆی بکات، بەرژەوەندییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان دەکەوێتـە مەترسـییەوە؟ ئایـا ئەگـەر دەسـتەی سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان هەڵبژێـردرا، ئیـدی پەرلەمـان یاسـا لـە دژی گەلەکـەی خـۆی دەردەکات؟ یـان تەنیـا بیانـووی یەکێتـی بۆ بایکۆتـی ئـەم کۆبوونەوەیەی پەرلەمـان پێداگـری بـوو لەسـەر بەرژەوەندییـە حزبییەکانـی خـۆی و عینادیکـردن بـوو لەگـەڵ ئـەو بڕیـارە کـە خەڵکـی کوردسـتان لـە هەڵبژاردنەکانـی ٣٠ی ئەیلوولـی سـاڵی رابـردوو دابوویـان؟

٣. هەریـەك لـە فراکسـیۆنەکان (یەکگرتـوو، کۆمـەڵ، شـیوعی) کـە دەنگیـان بـە کاندیدەکانـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان نـەدا، پێـش ئـەوەی کۆبوونەوەکـەی پەرلەمـان کۆتایـی بێـت، کۆنگـرەی رۆژنامەوانییـان گـرێ دا و هـەر یەکەیـان بـە شـێوەیەك تانووتیـان لـە شـێوازی هەڵبژاردنـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دا، پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە: ئەگـەر ئێـوە وەك بڕواتـان بـەو شـێوازە نییـە کـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانـی پـێ هەڵبژێـردراوە، ئـەی چـۆن لـە رۆژانـی دادێ بەشداری لـە کۆبوونەوەکانـی پەرلەمـان دەکـەن، کـە ئـەو دەسـتەی سـەرۆکایەتییە بەڕێـوەی دەبـات و ناچار دەبن، بڵێن: «بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان»؟

٤. فراکسـیۆنی نـەوەی نـوێ کـە ئەوانیـش ٨ ئەندامیـان هەیـە و کاندیدیـان بـۆ هـەر سـێ پۆسـتەکەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان هەبـوو، لەگـەڵ ئـەوەی خۆیـان زۆر بـاش ئـەو راسـتییەیان دەزانـی کـە بێجگـە لـەو ٨ دەنگـەی خۆیـان، کاندیدەکانیـان هیـچ دەنگێکـی دیکـە ناهێنـن، بـەڵام پێداگرییـان کـرد کـە کاندیدیـان بـۆ هـەر سـێ پۆسـتەکە دەبێـت، پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئـەم هەڵوێسـتەی نـەوەی نـوێ چ مانایـەك دەگەیەنێـت؟ بێگومـان ئەوانیـش لـە کۆنگـرە رۆژنامەوانییەکـەی نـاو پەرلەمـان رایانگەیانـد، ئـەم هەڵوێسـتەیان مانـای ئەوەیـە ئـەوان دەسـەڵاتی پارتـی و یەکێتـی رەتدەکەنـەوە و دەیانەوێـت خۆیـان جێگـەی هـەردوو حزبەکـە بگرنـەوە. باشـە گریمـان ئەمـە هەقێکـی مەشـرووعی هـەر حزبێکـی سیاسـییە، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە بـە رەتکردنـەوەی لایەنـی بەرامبـەر چ حزبێکـی سیاسـی توانیویەتـی هەنـگاو بـۆ دەسـتاودەسـتکردنی ئاشـتییانەی دەسـەڵات هەڵبگرێـت؟

ئـەم تابلـۆ سیاسـییەی فراکسـیۆنە حزبییـەکان نـاو پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ١٨ی شـوباتی رابـردوو پیشـانی خەڵکـی کوردسـتانیان دا، ئایـا لـە هیـچ سـکێچێکی ئـەم تابلۆیـەدا رەچـاوی ئاکاریـی (بەرژەوەنـدی و خێـری گشـتی)ی خەڵکـی کوردسـتان کـراوە؟ کەواتـە مەترسـیی کاریگەرییـە نەرێنییەکانـی حزبی سیاسـی لەناو کۆمەڵگـە لـەو خاڵـەوە سـەرچاوە دەگرێـت کـە بەرژەوەندیـی حزبـی رێگـە نـەدات رەچـاوی ئاکاریـی (بەرژەوەنـدی و خێـری گشـتی) کۆمەڵگـە بکرێـت و بەرژەوەنـدی حزب لـە بەرژەوەنـدی و خێـری گشـتی کۆمەڵگـە بـە گـەورەتر سـەیر نەکرێـت. لـە حاڵەتـی لەمجـۆرەدا ئەگـەر لایەنـی سـەرەکی لەنـاو پرۆسـە سیاسـییەکەدا هەوڵنـەدات ئـەم لاسـەنگییەی نێـوان حـزب و بەرژەوەندیـی گشـتی راسـت بکاتـەوە، ئـەوا سیاسـەت لـە کوردسـتانیشـدا خەسـڵەتە گرنـگ و جوانەکـەی کـە (هونـەری مومکیناتـە) لـێ دادەماڵدرێـت و ناتوانرێـت تواناکان بـۆ دەستنیشـاوکردنی کێشـەکان و چارەسـەرکردنی کێشـەکان بخرێنەوەگـەڕ.

**ئەم تابلۆ سیاسییەی فراکسیۆنە حزبییەکان ناو پەرلەمانی کوردستان لە ١٨ی شوباتی رابردوو پیشانی خەڵکی کوردستانیان دا، ئایا لە هیچ سکێچێکی ئەم تابلۆیەدا رەچاوی ئاکاریی (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی خەڵکی کوردستان کراوە؟**

**مەترسیی کاریگەرییە نەرێنییەکانی حزبی سیاسی لەناو کۆمەڵگە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرژەوەندیی حزبی رێگە نەدات رەچاوی ئاکاریی (بەرژەوەندی و خێری گشتی) کۆمەڵگە بکرێت و بەرژەوەندی حزب لە بەرژەوەندی و خێری گشتی کۆمەڵگە بە گەورەتر سەیر نەکرێت**

**پێش ئەوەی حزبی سیاسی بوونی هەبێت، نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی هەبووە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەییش ئەوەیە کە تاکەکانی نەتەوە لە ناو دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆیان بە هاووڵاتی دەزانن، ئەم هاووڵاتیبوونەش وەک بەشێک لە کەرامەتی مرۆڤایەتی خۆیان سەیر دەکەن، هەر بۆیە هەر شتێک ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتەکەیان، هاووڵاتیان دژی رادەوەستن و هەموو پێکەوە وەک یەک جەستە بەرگری لە مانەوەی دەوڵەتەکەیان دەکەن**

### ● گەڕانەوە بۆ ناشناڵیزم خەسڵەتی (هونەری مومکینات) بۆ سیاسەت دەگێڕێتەوە

پێش ئەوەی حزبی سیاسی بوونی هەبێت، نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی هەبووە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەییش ئەوەیە کە تاکەکانی نەتەوە لە ناو دەوڵەتی نەتەوەییدا خۆیان بە هاوولاتی دەزانن، ئەم هاوولاتیبوونەش وەك بەشێك لە کەرامەتی مرۆڤایەتی خۆیان سەیر دەکەن، هەر بۆیە هەر شتێك ببێتە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتەکەیان، هاوولاتیان دژی رادەوەستن و هەموو پێکەوە وەك یەك جەستە بەرگری لە مانەوەی دەوڵەتەکەیان دەکەن، هەر ئەم خۆشەویستییەش بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی وایکردووە کە هەر تاکێکی نەتەوە ماوەیەك خۆبەخشانە سەربازی نەتەوەکەی خۆی بێت، کە ئەمە وەك لە سیستمی دەوڵەتاندا بینیوومانە، ناوی لێنراوە «خزمەتی سەربازی زۆرەملێ»، واتە هەموو تاکێك دەبێت ماوەیەك سەرباز بێت و مەشق و راهێنانی سەربازی پێ کرابێت، بۆ ئەوەی لەو کاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی پێویستی پێیەتی بەرگری لێ بکات.

ئەگەر سەرنج لەو پەرەگرەفە بدەین، راشکاوانە ئاماژەمان بەوە کرد، هەر شتێك ببێتە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتی نەتەوەیی، هاوولاتیانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دژی رادەوەستن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئێستا زۆربەی دەوڵەتانی رۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتی خەریکە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو شێوازەی حزبە سیاسییەکان لە دروستکردنی سیاسەت و پیادەکردنی سیاسەت ئەنجامی دەدەن، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتە نەتەوەییەکەیان، ئایا لەم حاڵەتەدا تاکەکانی نەتەوە سنووری حزبایەتی تێدەپەڕێنن و بۆ پاراستنی دەوڵەتە نەتەوەییەکەیان حزبەکان رەتدەکەنەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا دیاردەی دژایەتی (حزبی سیاسی) لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوای دیموکراتی بەو جۆرە رەنگی نەداوەتەوە، کە حزبەکان رەتبکەنەوە، بەڵام لە دەنگدان بۆ حزبە سیاسییەکان رۆژ لە دوای رۆژ رێژەی دەنگدان بەو حزبانە لە زیادبووندایە کە بە حزبی ناسیۆناڵیستی ناسراون. هەر بۆ نموونە ئێستا حزبی کۆماری لە ئەمریکا کە حزبی فەرمانڕەوایە لە ئەمریکا، هەتا ئێستا بە ئاشکرا راینەگەیاندووە کە تەنیا چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەمریکا گەڕانەوەیە بۆ ناشناڵیزم (ئەمریکا پێش هەر شێتك)، تەنانەت لەناو ئەو کەسایەتییە گرنگانەی حزبی کۆمارییش کە پۆستە هەستیارەکانی ئیدارەی ترەمپ-یان پێ سپێردرابوو، وەك پۆستەکانی (وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، وازارەتی داد و.. هتد)، نەك هەر قەناعەتیان بەو ئاراستەیەی ترەمپ نەبوو، بەڵکو وەك جێرمی کۆریسی لە کتێبی (با دەوڵەتی قووڵ بکوژین، بۆ ئەوەی سەرۆك ترەمپ بپارێزین)، نووسیویەتی، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، خودی ئیدارەکەی ترەمپ لە ساڵی یەکەم و دووەمی ئیدارەی ترەمپدا دەیانویست شکست بە ترەمپ بێنن و جارێکی دیکە ئەمریکا بگێڕنەوە بۆ ناو گێژاوەکەی پێشوو، لەناو ئەم گێژاوەدا کە ترەمپ کاندیدی حزبی کۆمارییە، حزبی کۆماری ناتوانێت خۆی بەو ئاراستەیە بگۆڕێت کە هەنگاوەکانی ترەمپ رەنگدانەوەی سیاسەت و بەرنامەی حزبی کۆمارییە، بەڵام پشتگیریی خەڵکی ئەمریکا بۆ هەنگاوەکان ترەمپ خەریکە ئەو ژینگەیە فەرز دەکات کە حزبی کۆماری دەبێت دان بەوەدا بنێت، کە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ ناشناڵیزم هیچ رێگەیەکی دیکە بوونی نییە.

بۆ ئێستای پرۆسەی سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو دروشمی کوردستانێکی بەهێز و کۆتاییهێنان بە فەوزای سیاسی بەرزکردبووەوە، خەڵکی کوردستانیش بە هاوشێوەی خەڵکی ئەمریکا دەنگێکی هێجگار زۆریان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا، خۆ ئەگەر ئەو ساختەکارییە گەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان نەکرابایە، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا ٤٥٪ی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بەدەست نەدەهێنا، بەڵکو بە هاوشێوەی حزبی کۆماریی ئەمریکا لە سەرووی ٥٥٪ی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بەدەست دەهێنا.

**لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا دیاردەی دژایەتی (حزبی سیاسی) لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوای دیموکراتی بەو جۆرە رەنگی نەداوەتەوە، کە حزبەکان رەتبکەنەوە، بەڵام لە دەنگدان بۆ حزبە سیاسییەکان رۆژ لە دوای رۆژ رێژەی دەنگدان بەو حزبانە لە زیادبووندایە کە بە حزبی ناسیۆناڵیستی ناسراون**

**ئەگەر ئەو ساختەکارییە گەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان نەکرابایە، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا ٤٥٪ی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بەدەست نەدەهێنا، بەڵکو بە هاوشێوەی حزبی کۆماریی ئەمریکا لە سەرووی ٥٥٪ی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانی بەدەست دەهێنا**

**پارتی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی ئەو خەڵکانەی بەدەستهێنایەوە کە بەشێکی زۆریان لەناو حزبەکانی دیکەی کوردستانن و بەڵام بەرژەوەندیی کوردستان لەسەرووی بەرژەوەندی حزبەکانیان سەیر دەکەن و بە هاوشێوەی بیرکردنەوەی پارتی ئەوانیش خۆزگە و ئومێد بۆ کوردستانێکی بەهێز و دوور لە فەوزای سیاسی دەخوازن**

جۆن بۆڵتن کە ئێستا راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکایە، سەبارەت بەو دەنگە زۆرەی حزبی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ بەدەستی هێنا، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ بە هاوشێوەی رۆناڵد ریگن لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٠ دەنگی کۆمارییەکانی ناو دیموکراتییەکانی هێنایەوە، دیارە مەبەستی بۆڵتن لە هێنانەوەی دەنگی کۆمارییەکان لەناو حزبی دیموکراتدا ئەوە نەبوو کە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی حزبی کۆماری لەناو حزبی دیموکراتیدا بوونیان هەیە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە خەڵکانێکی زۆر لەناو دیموکراتییەکاندا هەن، کە چارەسەری کێشەکانی ئەمریکا لەناو حزبی کۆماریدا دەبینین، بۆیە کاتێك جیمی کارتەر سەرکەوتوو نەبوو لە ئازادکردنی بارمتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، بەشێکی زۆری خەڵکی ناو دیموکراتەکان دەنگیان بە رۆناڵد ریگان دا، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە بەرژەوەندیی ئەمریکایان لە بەرژەوەندیی حزبی دیموکراتی لا گرنگترە.

هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولیش لە کوردستان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەمان شێوە بوو، پارتی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی ئەو خەڵکانەی بەدەستهێنایەوە کە بەشێکی زۆریان لەناو حزبەکانی دیکەی کوردستانن و بەڵام بەرژەوەندیی کوردستان لەسەرووی بەرژەوەندی حزبەکانیان سەیر دەکەن و بە هاوشێوەی بیرکردنەوەی پارتی ئەوانیش خۆزگە و ئومێد بۆ کوردستانێکی بەهێز و دوور لە فەوزای سیاسی دەخوازن.

دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ سوێندخواردنی لە کۆشکی سپی رایگەیاند، مەراسیمی گواستنەوەی دەسەڵات ئەمجارە، مەراسیمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نییە لە نێوان حزبی کۆماری و حزبی دیموکراتیدا، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە نێوان واشنتۆن و گەلی ئەمریکادا، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەر ئەوەی دروشمی هەڵبژاردنەکانی حزبی کۆماری و ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا بریتی بوو (سەرلەنوێ ئەمریکایەکی بەهێز بونیاد دەنێینەوە) و خەڵك دەنگی بەم دروشمە داوە، ئەوا لە کۆشکی سپی، حزبی کۆماری حاکم بێت، یان دیموکراتی، دەبێت هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت کە سەرلەنوێ ئەمریکایەکی بەهێز بونیاد بنێتەوە.

ئەم ئەزموونەی حزبی کۆماری و دۆناڵد ترەمپ، یەکێکە لەدیاردە ئەزموونکراوەکانی سێ ساڵی رابردووی سیاسەتی حوکمڕانی لە رۆژئاوی دیموکراتیدا و تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و خەریکە خەسڵەتی (هونەری مومکینات) بۆ سیاسەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە سەرەتای پرۆسەیەکی سیاسیی تازە و پێکهێنانی کابینەیەکی حوکمڕانیی نوێن بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگە پارێزگاری لەو دروشمانە بکەین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی رابردوو بەرزی کردبووەوە و بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو کە کوردستانێکی بەهێز و ئارام بونیاد دەنێتەوە، ئەم دروشمە لەگەڵ ئەوەی بە دڵنیاییەوە نەیاری زۆری بۆ پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی وەك خۆی جێبەجێ نەکرێت، بەڵام خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە پشتگیری لێ دەکات، بۆیە زۆر گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەمجارەیان دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات لەنێوان باڵاخانەی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ گەلی کوردستان بکات و دەسەڵات و بریار بگێڕیتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتیش ئەو دوو ئامێرە بن کە بڕیاری خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەن.

ئەم هەنگاوە کە دەکرێت ناویشی لێ بنێن: «گەڕانەوە بۆ ناشناڵیزم» و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان، تەنیا رێگەیە شێوازی بیرکردنەوەی حزبە سیاسییەکان دەگۆڕێت و خەسڵەتی (هونەری مومکینات)یش بۆ سیاسەت لە کوردستان دەگێڕێتەوە و تواناکانی خەڵکی کوردستانیش دەباتەوە ئەو ئاستەی کە هەموو کات توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی هەبووە و وەرچەرخانی گەورەش لە ژیانی کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

**زۆر گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەمجارەیان دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات لەنێوان باڵاخانەی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ گەلی کوردستان بکات و دەسەڵات و بریار بگێڕیتەوە بۆ خەڵکی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتیش ئەو دوو ئامێرە بن کە بڕیاری خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەن**

**لای نیچە مرۆڤی باڵا (یاسادانەر)ی کۆمەڵگەیە، ئەم یاسادانەرەش دەبێت دوو خەسڵەتی تایبەتی تێدا بێت و لە یەک کاتدا (پزیشک و هونەرمەند) بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە سیاسەتمەدار وەک پزیشک نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەستنیشان بکات و، وەک هونەرمەندیش بە شێوەیەکی هونەرییانە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە**

**ئەو مرۆڤانەی لە بواری سیاسەت دروستکردن و پیادەکردنی سیاسەت وەک (سیاسەتمەدار) لەناو کۆمەڵگە خۆیان نمایش دەکەن، کاری سەرەکییان بریتییە لە (گوێگرتن لە خواست و داوای خەڵک و کێشەکانیان) و پاشان بیرکردنەوە لەسەر بنەمای (بەرژەوەندی و خێری گشتی)ی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی تا ئەو ئاستەی دەتوانرێت، وەڵامی خواستی خەڵک بدرێتەوە و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە**

شاون شافێر

پرۆفیسۆری رۆژنامەگەری بۆ گولان:

# رۆژنامەگەری دەتوانێت متمانە بەدەست بهێنێت ئەگەر بابەتی دروست و پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگە بڵاو بکاتەوە

شاون شافێر پرۆفیسۆر و سەرۆکی بەشی رۆژنامەگەرییە لە زانکۆی میترۆپۆلیتان ستەیت، جگە لەوە خاوەنی پتر لە ٢٠ ساڵ ئەزموونە وەك رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری نووسینی چەندین رۆژنامە و گۆڤارە، هەروەها تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك ئیتیکی رۆژنامەگەری، ئیتیکی راگەیاندن، تەوژمە کۆمەڵایەتییەکانی نێو میدیا، پێشتریش لە زانکۆی ئۆکلاهۆما سیتی وانەبێژی رۆژنامەگەری بووە. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد، کە پەیوەست بوون بە ئەو تەحەددی و دژوارییانەی لە ئێستادا رووبەڕووی رۆژنامەگەری دەبنەوە.




*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە رۆژنامەگەری و راگەیاندن بە گشتی رووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە و بە ئاسانی ناتوانێت رۆڵی تەقلیدیی خۆی وەك چاودێرێك ببینێت، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترینی ئەو تەحەددییانە چین کە لە رۆژگاری ئێستادا دوچاری رۆژنامەگەری بۆتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا رۆژنامەگەری رووبەڕووی تەحەددییەکی زیاتر بۆتەوە، هەروەها پێموایە گەورەترین تەحەددی بریتییە لە داکشانی رۆژنامەگەریی تەقلیدیی چاپکراو، بە هەمان شێوە ئەوەی جێی سەرنجە رۆژنامەگەریی پەخشکردنیش لە داکشاندایە، کە دەرئەنجامەکانیشی لە کەمبوونەوەی کارد لە بواری رۆژنامەگەریدا دەرکەوتووە. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، رۆژنامەگەری بە دەست چۆنێتیی گەیاندنی هەواڵ و بابەتەکانیەوە دەناڵێنێت، کە ئێستا خەڵکی لە رێی مۆبایلەکانیانەوە ئەو بابەت و هەواڵانە وەردەگرن. ئەوەی من و هاوەڵەکانم زۆر تەرکیزی لەسەر دەکەین لەم رووەوە، بریتییە لەوەی، پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی رۆژنامەگەریی تەقلیدی بە شێوەیەکی کارا کارەکانی ئەنجام بدات. ئەوەی لەم رووەوە مایەی دڵنەواییە، ئەوەیە کە هێشتا گەیاندنی بابەت و هەواڵەکان جێی بایەخ و گرنگیپێدانە، واتە هێشتا گێڕانەوە و داڕشتنەوەی بابەت و هەواڵەکان بە شێوەیەکی کارا جێی بایەخە، بە هەمان شێوە وێنەش. ئەوەی ئێمە لە توێژینەوەکانماندا جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەوەیە کە دەبێت وێنە و مانشێتەکان یەك بگرنەوە، ئەگەرنا خوێنەر لەدەست دەدەیت. مەسەلەیەکی دیکە هەیە، پەیوەستە بەوەی ئێستا سۆشیاڵ میدیاش هاتۆتە گۆڕەپانەکە بۆ گەیاندنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی وێنە و راکێشانی سەرنجی خوێنەر و بینەر، کە پێموانییە لەم رووەوە ئەدایەکی باشیان هەبووبێت.

**لە کۆبوونەوەی حزبی دیموکراتی لە ئەمریکا ئەوانەی رووماڵی گردبوونەوەکە دەکەن، زیاتر تەرکیز لەسەر کەسایەتییەکان دەکەنەوە، نەک لەسەر پلان و بەرنامەی ئەو کەسایەتییانە**

*** کەواتە پێتوانییە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا کە بۆتەهۆی گەیاندنی راستەوخۆی هەواڵ و بابەتەکان، هۆکارێك بن بۆ کەمبوونەوە و داکشانی رۆڵی رۆژنامەگەریی تەقلیدی؟**

- نەخێر، لەبەر ئەوەی رەنگە تۆ بتوانیت مانشێتێکی سەرنجڕاکێش یان ورووژێنەر بڵاو بکەیتەوە و بۆ ماوەیەك هزر و سەرنجی خەڵك بەلای خۆتدا رابکێشیت، بەڵام ئەگەر بتەوێت خوێنەرت هەبێت، دەبێت بابەتەکانت ناوەڕۆکیان هەبێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خەڵکی وەك سەرچاوە لێت بڕوانن.

*** بە تێڕوانینی ئێوە دەکرێت سۆشیال میدیا وەك فەیسبوك و تویتەر بە ئامراز، یان دەزگایەکی راگەیاندنی تەقلیدی دابنرێت؟**

- رەنگە بتوانێت ئەم رۆڵە ببینێت، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە ئەدایەکی باشی نەبووە لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی نەمانبینیوە لە سۆشیال میدیادا پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکان لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەرچاوەکان بکرێت، یان هەواڵ و بابەتەکان لە چەند سەرچاوەیەکەوە دووپات بکرێتەوە، یان پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵکو پتر بابەتی تاکسەرچاوەیین.

*** ئێوە کەسێکی شارەزای بواری ئیتیکی رۆژنامەگەرین، پێتانوایە سۆشیال میدیا وەك (فەیسبووك و تویتەر) تا چ رادەیەك بە ئیتیکی رۆژنامەگەرییەوە پابەند بوون، یان تا چ رادەیەك رەچاویان کردووە؟**

- من پێم ناخۆشە بەم راشکاوییە قسە دەکەم، بەڵام وەڵامەکەم نەخێرە، لەبەر ئەوەی خەمی فەیسبووك و ئینستیگرام و تویتەر ئەوە نییە ئەو بابەت و هەواڵانە بڵاو ببنەوە کە دەبنە هۆی پێدانی زانیاری بە هاووڵاتییان و بەرچاوڕوونییان، بەڵکو زیاتر مەبەستیان ئەوەیە چۆن خەڵکێکی زیاتر کلیك بکەن و لە حیسابی تویتەر، یان تویتەر بڕوانن، ئەمەش هەلومەرجێك نییە کە بە زەرووڕەت ببێتەهۆی هێنانەئارای بابەتێك کە بە راستی سوودبەخش بێت. کەواتە لە روانگەی ئیتیکی رۆژنامەگەرییەوە دەتوانین بڵێین ناکرێت لە رێی سۆشیاڵ میدیاوە کارێکی رۆژنامەگەری ئەنجام بدەیت کە رەچاوەی رێسا ئیتیکییەکانی تێدا بکرێت.

*** ناکرێت ئێمە باسی تەحەددی و کێشەکانی ئێستای رۆژنامەگەری بکەین و ئاماژە بە دەستەواژەی هەواڵی ساختە نەکەین، کە ئێستا بۆتە دەستەواژەیەکی بەربڵاو بە تایبەتی لە ئەمریکا، تێگەیشتنی ئێوە بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختە چییە؟**

- پێموایە بەکارهێنانی دەستەواژەی هەواڵی ساختە ئامرازێکی بەهێزە، کە بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگاداری هەواڵ و بابەت و زانیارییەکان نەبن و لە تاریکیدا بمێننەوە، جێی سەرنجە کە سەرۆکێکت هەبێت کە هەر راپۆرتێکی رۆژنامەگەری بە دڵی ئەو نەبێت، ئەوا بە هەواڵی هەڵبەستراو و ساختە وەسفی بکات و شوێنکەوتووەکانیشی هەمان رێچکەی ئەو بگرنەبەر، ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ هەواڵێکی هەڵبەستراو لە ئارادا نەبێت. من هەمیشە ئەوە بە قوتابییەکانم دەڵێم کە ئەگەر هاتوو مانشێتێکتان خوێندەوە و تووڕەی کردن، ئەوا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژن و ئینجا بگەڕێن بە دوای سەرچاوەکەیدا.

*** لە وەڵامەکەتدا ئاماژەت بەوە کرد کە ئەم دەستەواژەیە زیاتر لەلایەن سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپەوە بەکار دەهێنرێت، بە دیدی ئێوە سەرۆك بۆچی هێندە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە، ئایا دەتوانین بڵێین لە نێوان سەرۆکی ئەمریکا و راگەیاندنی ئەو وڵاتەدا پەیوەندییەکی دوژمنکارانە هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من سەرۆکی ئەمریکا گرنگە بە لایەوە کە ئەوەندەی دەکرێت ئەو پەیوەندییە دوژمنکارانە بێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی کۆکردنەوەی پشتیوانیی زیاتری ئەو کەسانەی کە لایەنگرین، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك کە راپۆرتێکی رۆژنامەوانی بڵاو ببێتەوە و باسی لایەنە باش و گەشەکانی سەرۆك نەکات، ئەوا بە ساختە و هەڵبەستراو ناوزەدیان دەکات، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە ستراتیژییەتێکی سەرکەوتووە کە سەرۆك سەبارەت بە چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ راگەیاندندا گرتوویەتەبەر. کەواتە من لە هۆکارەکانی هێرشەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ سەر راگەیاندن تێدەگەم، چونکە ئەمە خزمەتێکی زۆر بەو دەکات، هەرچەندە ئەمە خزمەت بە دیموکراسی لە وڵاتەکەدا ناکات، و بگرە مایەی نائومێدییە کە سەرۆکێکت هەبێت کە هەوڵدەدات کارێك بکات ئەو کەسانەی رووماڵی

**هەمیشە ئەوە بە قوتابییەکانم دەڵێم کە ئەگەر هاتوو مانشێتێکتان خوێندەوە و تووڕەی کردن، ئەوا هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژن و ئینجا بە دوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێن**

**جێی سەرنجە سەرۆکێکت هەبێت کە هەر راپۆرتێکی رۆژنامەگەری بە دڵی ئەو نەبێت، ئەوا بە هەواڵی هەڵبەسترا و ساختە وەسفی بکات و شوێنکەوتووەکانیشی هەمان رێچکەی ئەو بگرنەبەر**

**لە روانگەی ئیتیکی رۆژنامەگەرییەوە دەتوانین بڵێین ناکرێت لە رێی سۆشیاڵ میدیاوە کارێکی رۆژنامەگەری ئەنجام بدەیت کە رەچاوەی رێسا ئیتیکییەکانی تێدا بکرێت**

**نەمانبینیوە لە سۆشیال میدیادا پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکان لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەرچاوەکان بکرێت، یان هەواڵ و بابەتەکان لە چەند سەرچاوەیەکەوە دووپات بکرێتەوە، یان پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵکو پتر بابەتی تاکسەرچاوەیین**




هەواڵەکانی دەکەن، وەك کەسانی بێ متمانە و بێ میسداقیەت دەربکەون، هەر لەم روانگەیەشەوە بە دوژمنی خەڵکی وەسفیان دەکات، ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی جیددییە و کارێکی بێ مانایە.

*** سەرۆك ترامپ زیاتر تویتەر بەکار دەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە وایە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵکیدا لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بێت، دواتر ئەگەر تۆ ئامرازێکت هەبێت کە لە رێیەوە خەڵکی راستەوخۆ پەیامەکانت لێ وەربگرن، ئەوا بۆچی ئەم ئامرازە بە شێوەیەکی کارا بەکار نەهێنیت؟ ئێستا توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆن لای نەوەی ئێستا مانشێت بۆتە هەواڵ و بابەت، کەواتە کاتێك چەند وشەیەکی کەم جێی تەواوی بابەت و هەواڵەکان بگرێتەوە، ئەوا ئەمە لەبارەی ئەو واقیعەی کە ئێستا لە ئارادایە شتێکی زۆرمان پێدەڵێت.

*** پێتوایە لە ئێستادا خەڵکی بە گشتی و خەڵکی ئەمریکا بەتایبەتی، بە کەمترین متمانەوە لە کار و ئەدای رۆژنامەگەری دەڕوانێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، چونکە بەردەوام هێرش دەکرێتەسەر میسداقیەت و متمانەی رۆژنامەگەری، بە چاوپۆشین لەوەی چەند بە باشی کارەکەی خۆی ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا تەحەددی گەورەی رۆژنامەگەری ئەوەیە کە بەردوامی بدات بە کاری چاودێریکردن و ئەوەندەی دەکرێت لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو بێت.

*** کەواتە لە ئێستادا ئێمە زیاتر پێویستمان بە چ جۆرە رۆژنامەگەرییەك هەیە؟**

- ئەوەی لە ئێستادا زیاتر مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە پتر رۆژنامەگەری جەخت لەسەر کەسایەتییەکان دەکاتەوە، بۆ نموونە، لە کۆبوونەوەی حزبی دیموکراتی لە ئەمریکا ئەوانەی رووماڵی گردبوونەوەکە دەکەن، زیاتر تەرکیز لەسەر کەسایەتییەکان دەکەنەوە، نەك لەسەر پلان و بەرنامەی ئەو کەسایەتییانە، ئەمە نیگەرانیی منە بۆ رووماڵ و راپۆرتەکانی پەیوەست بە گردبوونەوە سیاسییەکان، بۆ نموونە، سەبارەت بە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، دەبێت تەرکیز لەسەر ئەوە بێت، ئایا سیاسەتەکانی چ کاریگەرییەکیان لێدەکەوێتەوە، نەك ئەوەی کەسایەتیی ئەو چۆنە.

*** چۆن لە ئایندەی کاری رۆژنامەگەری دەڕوانیت؟ ئایا دەتوانێت متمانە بەدەست بهێنێتەوە؟**

بە تێڕوانینی من رۆژنامەگەری دەتوانێت متمانە بەدەست بهێنێت کاتێك هەواڵ و بابەتەکانی راست و دروست و بنەڕەتی دەبن، مەبەستم ئەوەیە نیگەرانییەکە پەیوەستە بەوەی ئایا ئەم بابەتانەی بڵاوی دەکەیتەوە، ئیدی چاپکراو بێت، یان پەخشکراو، یان ئۆنلاین بێت، تا چ رادەیەك زانیاریی گرنگ و بنەڕەتی و راست و دروست لە بارەی ژیانی کۆمەڵگەکەوە لەخۆدەگرن، واتە ئەگەر ئەم کارە بکەیت، ئەوا ئەرکی خۆت وەك رۆژنامەنووس بەجێهێناوە و خزمەت بە بیرۆکەی رۆژنامەگەریی ئازاد دەکەیت.

**رەنگە تۆ بتوانیت مانشێتێکی سەرنجراکێش یان وروژێنەر بڵاو بکەیتەوە و بۆ ماوەیەک هزر و سەرنجی خەڵک بەلای خۆتدا رابکێشیت، بەڵام ئەگەر بتەوێت خوێنەرت هەبێت، دەبێت بابەتەکانت ناوەڕۆکیان هەبێت**

**ئەوەی ئێمە لە توێژینەوەکانماندا جەختی لەسەر دەکەینەوە ئەوەیە کە دەبێت وێنە و مانشێتەکان یەک بگرنەوە، ئەگەرنا خوێنەر لە دەست دەدەیت**

# سۆشیال میدیا

## بەشی چوارەم

## ئەرکەکانی سۆشیال میدیا

هەمــوو جــۆرو مۆدیــل و ئامرازێکــی میدیــا ســەری هەڵدابێــت، دەرهاویشــتەی خواســتە کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ئابوورییەکــەی ئــەو کاتــە بــووە، لــە هەمــان کاتــدا گەشــەی ئامــراز و تەکنەلۆجیــاش لەگەڵیــدا کاریگەریــی خــۆی هەبــووە. میــدای نــوێ، یــان سۆشــیال میدیــاش ئەگەرچــی ئامانجــی یەکەمــی داهێنانــی بــۆ کاری زانســتی و خوێنــدن بــووە، هــەروەك نموونــەی فەیســبوك، یوتیــب و کلاس مەیت، کــە هەموویــان لــە ناوەنــدی زانکۆیــی و لەلایــەن خوێندکارانــی زانکــۆ داهێنــراون، بــەڵام دواتــر بەکارهێنــان و پێداویســتییەکانی ناوەنــدەکان پێــی وایکــردووە، کۆمەڵێــك ئەرکــی دیکــەی بــۆ زیــاد بکــەن و بەردەوامیــش بــە پێــی زیادبوونــی خواســت و بوارەکانــی بەکارهێنانــی ئەرکــی نوێتــر و زیاتــری بــۆ دروســت دەبێــت. هەندێــك لــە و ئەرکانــە :

١. ئەرکــی سۆشــیالی، خــودی نــاوی بەکارهێنانی ئــەم جۆرە لــە تــۆڕ، یــان میدیــا، بــۆ سۆشــیال بــوون یــان کۆمەڵایەتــی بوونــە، کــە تــاك دەیەوێــت پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانــی فــراوان بــکات و لینــك و تــۆڕی پەیوەندیەکانــی زیاتــر دەکات. بــەوەش کــە جاران ژمارەیەکــی دیاریکراوی هاورێــی هەبــووە، لــە ئێســتادا ژمارەیەکــی یەکجــار زۆری هــاورێ پەیــدا دەکات. واتــە لــە فەزایەکــی فراوانتــری کۆمەڵایەتیــدا دەســوورێتەوە و کۆمینیکەیشــن دەکات. هەروەهــا کاتێــك تــاك بــۆ ماوەیەکــی زۆر لــە ســەر ئامێــری مۆبایــل و کۆمپیوتەرەکانیــان دەمێننــەوە، هــەر لــە ڕێگــەی ئــەو ئامرازانــەوە پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییەکانیــان بەرفــراوان دەبێــت و دەکرێــت بڵێیــن جەماوەرێکــی وەهمــی بــۆ خــۆی دروســت دەکات کــە لــە رووی فیزیاییــەوە کەســیانی نەبینیــوە لــە هەمانکاتــدا جەماوەرێکــی باشــن.

٢. ئاســانکاری لــە پەیوەندیکردنــی خێــرای لــە گەیاندنــدا، لــەم ئەرکــەدا ڕەنگــە تێکــرای ئامرازەکانــی تــری میدیــای تێپەڕاندبێــت و توانیویەتی لەگەڵ خواست و پێداویستیی سەردەم خــۆی بگونجێنێــت، کــە دەبینیــن تــاك ئەمــرۆ بــە هــۆی بەکارهێنانی ئامێری مۆبایلەکەی دەیەوێت خێــرا بگاتــە زانیــاری و رووداوەکان کــە تــۆڕە



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی




کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نویێ توانیویەتی ئەم خواستەی بۆ جێبەجێ بکات.

٣. کۆکردنەوەی وەرگر و نێردەر لە یەك پلاتفۆرم و یەك شوێندا، ئەگەرچی لە یەك کاتدا مرۆڤ دەتوانێت نێردەر بێت و دەشتوانێت وەرگر بێت، واتە نێردەر و وەرگری لە یەك شوێندا کۆکردووەتەوە.

٤. گەورەترین و بەناوبانگترین پێگەی ئۆن لاین لە ریکلام و مارکێتیندا ئێست فەیسبوکە کە یەکێکە لە ئامرازەکانی میدیای نویێ، واتە توانیویەتی سەرچاوەیەکی داهاتی باش بێت بۆ ریکلام و خزمەت بە بەکاربەران. هەر بۆیە هەردوو کاری بازارگەری و ریکلامکردن پانتاییەکی بەرفراوانیان بۆ بڵاوبوونەوە هەیە، لە بەر ئەوەی لە میدیای نوێدا ئامرازی جۆراوجۆر هەیە و لە هەمانکاتدا بەکارهێنەرێکی زۆر بەرفراوانی هەیە لە تەواوی جیهاندا، هەر بۆیە کاری ریکلامکاری و بازارگەری ئاسانتر و خێراتر کاریگەری دروست دەکات.

٥. هەگبەیەکی پڕو دەوڵەمەند لە زانیاری، واتە لە پاڵ ئەرکەکانی تریشیدا توانیویەتی زانیاری جۆراوجۆر بۆ وەرگرەکانی دابین بکات کە لە میدیای کۆندا نەبووە، لە بەر ئەوەی لە میدیای نوێدا، فرەخاڵی لە دانانی زانیاری هەیە و هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە زانیاری داخڵ دەکات و هەموو کەسێك زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەمەش زۆرترین زانیاری دەگاتە لای وەرگر.

٦. بوتە ناوەندێك بۆ فێرکردن و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان سوود لە جۆرەکانی وەك کۆبوونەوەی ئۆن لاین و کردنەوەی گرووپ و ژووری ئۆن لاین وەردەگرن و، مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران و هاوپیشەکانیان زانیاری دەگۆڕنەوە.

٧. بووەتە ناوەندێك بۆ نمایشکردن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی پێشبڕکێ و یارییە ئەلیکترۆنییەکان کە هەبوونی ئەو بەرنامە ژمارەییانە وا دەکات، توانای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی تاکی هەبێ لە هەر پلە و ئاستێکدا بن.

# ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**تا ئەو کاتەی کە دۆناڵد ترەمپ سەرۆی ئەمریکا بێت، هیچ ئومێدێک بە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ئارادا نییە**

**● سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ڕەخنەگرەکانی**

لە ڕاستیدا ئەو کەسانەی نێو خودی ئەمریکا کە ڕەخنە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەگرن، بەسەر دوو بەرەی سەرەکیدا دابەش دەبن، بەرەی یەکەمیان بە باڵی ڕاستڕەوەکانەوە پەیوەست دەکرێتەوە، کە کەسانی ئەنتی ئیمپریالیزم لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەو کەسانەی بەرهەڵستی دەستێوەردانی ئەمریکا دەکەن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەم دەستێوەردانانە ناموراڵین و لە هەندێ حاڵەتدا دژ و پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتین، لەگەڵ ئەوەشدا لە مەودای دووردا لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی ئەمریکا دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە، بگرە هەندێ جار کاردانەوەی گرووپ و لایەنە توندڕەوەکانیشی لێدەکەوێتەوە. بەرەی دووەمی ڕەخنەگران پتر سەر بە باڵی ڕاسترەون، کە زیاتر مەیلی گۆشەگیرییان هەیە، دید و تێڕوانینی ئەوان ئەوەیە کە پێویستە کات و سەرچاوە و کۆششەکانی خۆمان بۆ پرسە ناوخۆییەکان تەرخان بکەین، واتە ئەمانە کەمتر بایەخ بە دەرهاویشتە و دەرئەنجامە مۆراڵی، یان یاساییەکانی دەستێوەردانی ئەمریکا دەدەن، چونکە ئەمە بەلای ئەوانەوە پرسێکی گرنگ نییە، بەڵکو بەرهەڵستیی ئەوان زیاتر لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوەیە کە دەستێوەردانەکانی ئەمریکا ژیانی سەربازانی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە و داهاتی ئەمریکاش بە هەدەر دەدات، کە دەکرێت ئەو داهاتەش لە ناوخۆی وڵاتەکەدا بەکار بهێنرێت. سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕەنگدانەوەی تێڕوانینەکانی بەرەی دووەمە، واتە باڵی ڕاسترەوی گۆشەگیرخواز، هەرچەندە سەرۆك ترەمپیش ڕووبەڕووی ڕەخنەکانی ناوەندەکانی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەبێتەوە، ئەو ناوەندانەی پشتیوانی لە دەستێوەردانی ئەمریکا دەکەن.



ستیڤن زونێس
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**ستیڤن زونێس پرۆفیسۆری سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، هەروەها ڕێکخەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ و بە یەکێك لە شارەزا و تایبەتمەندە دیارەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت. لە هەمان کاتدا شرۆڤەکاری باڵای سیاسەتی دەرەوەیە لە ئەنستێتیوتی دیراساتی سیاسی. گوڵان لە میانەی پەیوەندییەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش پێی باش بوو وەڵام و شرۆڤەکانی لە شێوەی وتارێکدا بخاتەروو.**

## ● ئەمریکا لەنێوان دەستێوەردان و پاشەکشەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هەرچۆنێك بێت، ئەوەی دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە سەرۆك ترەمپ کەسێکی ئەنتی ئیمپریالیستی نییە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خوازیاری کەمکردنەوەی هەژمونی ئەمریکا نییە، چونکە پشتیوانییەکی گەورە لە داگیرکاریی ئیسرائیل دەکات، بەرهەڵستییەکی گەورەی ئێران و پاڵپشتیی دیکتاتۆرە عەرەبەکان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وایە، کە دەرئەنجامە باشەکانی بوونی سەربازانی ئەمریکا لەسەر ئەم ناوچەیە هێندەی ئەو تێچوونە نییە کە هێشتنەوەی ئەو سەربازانە لەخۆی دەگرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێموایە بڕیاری کشاندنەوەی سەربازە ئەمریکییەکان لە سووریا بە مانای ئەوە نییە کە چیدی ئەمریکا دەستێوەردان ناکات، بەڵکو ئەمریکا بەردەوامە لە بۆردومانکردن و بەردەوامیش دەبێت لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ لێدانی ئامانجەکان، بە هەمان شێوە بەردەوام دەبێت لە دەستەبەرکردنی هاوکاریی سەربازی بۆ ڕژێمە عەرەبییە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا. هەرچۆنێك بێت، پێموانییە کشاندنەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لە سووریا گۆڕانکارییەکی ستراتیژی بە دوای خۆیدا بهێنێت، چونکە ئەوان تەنها چەند هەزار سەربازێکن و ئەو ناوچانەش زۆر بەرفراوان و بەربڵاون، و هێزە مەحەلییەکانیش، وەك هێزەکانی ڕژێمی سووریا و هێزە کوردییەکانی باکوور بەسن بۆ تێکشکاندنی پاشماوەکانی داعش. بە دڵنیاییەوە نیگەرانییەکی دیکە پەیوەستە بە ئەگەری دەستێوەردانی تورکیا و هێرشکردنەسەر کورد، بە چەشنی ئەوەی تورکیا لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا کردوویەتی، هەروەها جێی گومانە کە ئەمریکا پارێزگاری لە کورد بکات، تەنانەت

**کەسانێک هەن لە نێو ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا خوازیاری ئەوەن هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بەکار بهێنرێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران و ئەو میلیشیایانەی نێو عێراق کە هاوپەیمانی ئێرانن**

ئەگەر سەربازەکانی ئەمریکاش لەوێ بن، چونکە ژمارەیان زۆر کەمە و ئەو ناوچەیە زۆر بەربڵاوە. لەم سۆنگەیەوە پێموانییە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا گۆڕانکاریی ستراتیژی بەدوای خۆدا بهێنێت، ئەمەش ئاماژە نییە بە ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵکو بەداخەوە، بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی ئەمریکا وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**● ئەمریکا و پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە سووریادا**

لە ڕاستیدا ئەمریکا کارێکی زۆری لەدەست نایەت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەربەرچدانەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ئەمریکا، چونکە بوونی چەند هەزار سەربازێك لە باکووری سووریا، کە پانتاییەکی گەورەیە، نایێتەهۆی ئەوەی بتوانرێت دژایەتی بوونی ئێران بکرێت لەو وڵاتەدا. دواتر ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە بوونی هێزەکانی ئێران لە سووریا لەسەر بانگهێشتی فەرمیی حکومەتی سووریا بوو. واتە ڕاستە کە ڕەخنەی ڕەوا هەیە لە ئاست ڕۆڵی ئێران لەو وڵاتەدا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد بوونی ئەو هێزانە لەسەر داوای حکومەتی سووریایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە عەقڵانییەتێك هەبێت لە جێگیرکردنی چەند هەزار سەربازی ئەمریکی لە سووریا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بوونی ئێران لەو وڵاتەدا، بەڵام هیچ شتێك نییە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە بوار بە وڵاتێك بدات بۆ ئەوەی هێزەکان لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە جێگیر بکات، هەر تەنیا لەبەر ئەوە تۆ ناکۆکیت لەگەڵ ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییە ئەو وڵاتە لەگەڵ هێزەکانی دیکەداگرێی داوە. لەلایەکی دیکەوە و بە پێی دەستووری ئەمریکا، جێگیرکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی شەڕ و لە دەرەوەی سنووری ئەمریکا پێویستی بە ڕەزامەندیی کۆنگرێس هەیە و ئێمە دەزانین لە حاڵەتی سووریادا کۆنگرێس ڕەزامەندی نەداوە، کەواتە لە ڕوانگەی یاساکانی ئەمریکاشەوە بوونی سەربازانی ئەمریکا لە سووریا نایاساییە. کەواتە ئەگەر ئەمریکا سیاسەتی ناردنی هێزی سەربازی بۆ وڵاتانی دیکە بگرێتەبەر، تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ڕکابەرێکی لەسەر خاکی ئەو وڵاتانە، ئەوا ئەمە لە سیاسەتی تەقلیدیی ئەمریکادا بە هەڵکشانێکی گەورە هەژمار دەکرێت و مشتومڕێکی نێودەوڵەتی گەورەی دەوێت، بە مشتومڕی نێو کۆنگرێسیشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نە ئەم گفتوگۆیە لەئارادایە و نە کۆدەنگییش دروست بووە. کەواتە کەسانی نێو هەردوو بەرەکە پێیانوایە تاوەکو ئەم کۆدەنگییە بەرفراوانە دروست نەبێت، ئەوا نابێت هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا بەو شێوەیە لە وڵاتانی دیکەدا جێگیر بکرێن. نیگەرانییەکی دیکە ئەوەیە کە کەسانی نێو ئیدارەکە هەن کە پشتیوانی لە دەستتێوەردانی ئەمریکا دەکەن، وەك ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، جۆن بۆڵتۆن، کە پشتیوانی جۆرێك لە شەڕ دەکات لەگەڵ ئێراندا. هەروەها مەترسیی ئەوە هەیە کە لەنێوان هێزەکانی ئەمریکا و هێزەکانی ئێراندا لە ناو خاکی سووریادا جۆرێك لە پێکدادان دروست بێت، دواتریش ئەمە بکرێتە پاساوێك بۆ هێرشکردنە سەر ئێران، کە ئاشکرایە ئەمە کارێکی مەترسیدارە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەندێ کەس خوازیاری ئەوە بن، هێزەکانی ئەمریکا خاکی سووریا جێبهێڵن. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە پشتوانی هێشتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن لە سووریا لە پێناو پاراستنی کورددا، زۆر نیگەرانن لەوەی ئەم هێزانە بەکار بهێنرێن بۆ هەڵگیرساندنی ناکۆکی لەگەڵ ئێراندا.

**● بەکارهێنانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە وەك پێگەیەك بۆ چاودێریکردنی ئێران**

بە دڵنیاییەوە کەسانێك هەن لە نێو ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا خوازیاری ئەوەن هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بەکار بهێنرێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران و ئەو میلیشیایانەی نێو عێراق کە هاوپەیمانی ئێرانن، بەڵام ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق بە پێچەوانەی حکومەتی سووریاوە لەم بارەیەوە هاوهەڵوێست نییە، حکومەتی عێراق کۆنترۆڵی بەشی هەرە زۆری خاکی وڵاتەکەی کردووە، بەو پێیە ئەم حکومەتە دەتوانێت داوا لە ئەمریکا بکات هێزەکانی بکێشێتەوە ئەگەر هاتوو بۆی دەرکەوت کە ئەمریکا کەڵکی خراپ لە هێزەکان وەردەگرێت، واتە ئەگەر هاتوو بەکارهێنرا بەدەر لە ئامانجەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و

**مەترسیی ئەوە هەیە کە لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و هێزەکانی ئێراندا لە ناو خاکی سووریادا جۆرێك لە پێکدادان دروست بێت، دواتریش ئەمە بکرێتە پاساوێك بۆ هێرشکردنە سەر ئێران**

**جێی گومانە کە ئەمریکا پارێزگاری لە کورد بکات، تەنانەت ئەگەر سەربازەکانی ئەمریکاش لەوێ بن، چونکە ژمارەیان زۆر کەمە و ئەو ناوچەیە زۆر بەربڵاوە**

**بڕیاری کشاندنەوەی سەربازە ئەمریکییەکان لە سووریا بە مانای ئەوە نییە کە چیدی ئەمریکا دەستێوەردان ناکات، بەڵکو ئەمریکا بەردەوامە لە بۆردومانکردن و بەردەوامیش دەبێت لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ لێدانی ئامانجەکان**




هاوکاریکردنی سەربازیی عێراق، بۆ نموونە: بۆ دروستکردنی ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا. هەرچەندە بوونی ڕاوێژکارە ئێرانییەکان و هەندێ میلیشیا کە لە نێو عێراقدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکەن، مایەی مشتومڕ و ناکۆکین، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی عێراقییەکان پێیانوایە پێویستە خودی عێراق خۆی ئەم مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە و بڕیاری لەبارەوە بدات، نەك ئەمریکا.

**● سیاسەتی سزا و فشاری ئەمریکا لە ئاست ئێراندا**

ئاشکرایە کە ئامانجی ڕاگەیەندراوی ئەمریکا لە گرتنەبەری فشاری ئابووری لە ئاست ئێراندا ئەوەیە کە سازشی گەورە بە ئێران بکات، هەرچەندە من پێموانییە ئەمە سەرکەوتوو بێت، چونکە خودی ئەو فشارانە پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتنەیە کە ئێران لەگەڵ شەش وڵاتی دیکەدا واژووی کرد، ئەویش لە پێناوی ئەوەی سزاکانی لەسەر هەڵبگیرێت لەبەرامبەر ئەوەی ئێران بە ڕادەیەکی گەورە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی سنووردار بکات. لە دەرئەنجامدا دەبینین ئەو کەسانەی نێو ئێران کە پاڵپشتی سیاسەتەکانی حکومەتەکەشیان ناکەن، یەکگرتوو بوون بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم فشارانەی ئەمریکا کە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکە لە خۆدەگرێت. کەواتە سەرباری ئەوەی ئەم فشارانە دۆخێکی ئابووریی دژواریان دروست کردووە و سەرەڕای ئەوەی کەسانێك هەن لە نێو ئێراندا کە پاڵپشتی سیاسەتە ئابوورییەکانی حکومەتی ئێران ناکەن، بەڵام هەستێك دروست نەبووە بۆ زەرورەتی تەسلیمبوون بە داواکارییەکانی ئیدارەی ترەمپ.

**● ئەگەرەکانی بەردەوام ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران**

ئەوەی لێرەدا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بیڵێین، ئەوەیە کە هیچ ئومێدێك بە باشتربوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ئارادا نییە تا ئەو کاتەی کە دۆناڵد ترەمپ سەرۆی ئەمریکا بێت، بەڵام کاتێك ڕەچاوی ئەگەری بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ی ئەمریکا دەکەین لەلایەن دیموکراتەکانەوە، ئەوا ئەمە دەرگای باشتربوون بە ڕووی ئەو پەیوەندییانەدا واڵا دەکات. هەرچەندە ناکۆکیی ڕاستەقینە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە، کە لێرەشدا نابێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە ئێران هێزێکی ئیقلیمی گەورەیە، بەڵام دەبینین ئەمریکا پەیوەندیی دیپلۆماتی ئاسایی لەگەڵ چەندین وڵاتدا هەیە کە بۆچوون و هەڵوێستی جیاوازیشی لەگەڵیاندا هەیە، دواتر من پێموایە کارکردنی هەردوو وڵات (ئێران و ئەمریکا) لەگەڵ یەکتردا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات، لەم ڕوانگەیەوە گرنگە کە هەردوولا خۆیان بە دوور بگرن لەو کارانە کە دەبنە ئاستەنگ بۆ دروستبوونەوەی پەیوەندییەکی ئاسایی لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

**سەرۆک ترەمپ کەسێکی ئەنتی ئیمپریالیستی نییە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خوازیاری کەمکردنەوەی هەژمونی ئەمریکا نییە، چونکە پشتیوانییەکی گەورە لە داگیرکاریی ئیسرائیل دەکات، بەرهەڵستییەکی گەورەی ئێران و پاڵپشتی دیکتاتۆرە عەرەبەکان دەکات**

# ئیسلامی سیاسیی شیعی

لە ساڵی (٦٠٦ی کۆچی ) بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەباسی کەوتە دەستی مەغۆل و دوا خەلیفەی عەباسی «موستەعسیم بیلا» کوژرا. دوای دوو ساڵ مەغۆل شانشینێکیان لە ئێڵان بە ناوی (ایران زمین) واتا وڵاتی فارس دامەزراند، ئەوەی پاڵی پێوەنان ئەمە بکەن، ئەوە بوو کە مەمالیك لە قاهیرە خەلافەتی عەباسی دەژیێننەوە، ئەمەش گەورەترین هەڕەشە بوو بۆ ئیمپراتۆریەتەکەیان، بۆیە شیعەگەرییان راگەیاند لەسەر مەزهەبی دوازدە ئیمامی وەك ئایین بۆ دەوڵەت، بەڵام ئەم راگەیاندنە زۆری نەخایاند، چونکە زۆربەی ئێرانییەکان سوننە بوون، ئەمەیان رەتکردەوە، تەنیا زانایانی شیعە نەبێت، بەتایبەتیش لە قوم (ناوەندی مێژوویی شیعە) و کاشان و خوراسان پێشوازییان لەم هەنگاوە کردو پشتگیرییان کرد، تاکو ببێتە پاڵپشتێك بۆیان و لە نەیارەکانیان جیابکاتەوە، کاتێك شا ئیسماعیل هات کە تەمەنی ١٩ ساڵ بوو بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵێك سۆفیگەرا کە سەر بە رێبازی سەفەوی بوون، بانگەشەی ئەوەی کرد کە گوایە بەپشت لە ئیمامی حەوتەمە، ئەمەش قەناعەتی بە شیعە هێنا کە تاکە شایە ئەو شەرعییەتەی هەیە بەدەر لە حوکمڕانانی پێشتر، رێبازی سەفەوی کە شا ئیسماعیل دایهێنا لە سەرەتاکانی شاڵاوەکانی مەغۆل دامەزرا، بەڵام ئەم رێبازە زۆر لە فیکرە توندڕۆکانی مەزهەبی شیعەی وەرگرت، بەمەش بوو بە رێبازێکی زۆر جیاوازتر لەوانی دیکە، شا دەستی بەسەر تەواوی ئێراندا گرت و بە ساڵی ١٥٠٠ مەزهەبی شیعەی بە مەزهەبێکی فەرمیی ئێران ناساند، بنەماڵەی ئەو لە حوکمڕانیدا تا ساڵی ١٧٢٢ بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی رووخان و شا نادر هات و سەرجەلەی ئەفشاریی دامەزراند، مەشهەدیشی کردە پایتەخت، ئەو سوننە بوو، لە سەردەمی حوکمڕانیدا لە ساڵی (١٧٣٦-١٧٤٧)دا دانی بە مەزهەبی دوازدە ئیمامیی شیعەدا نەنا، دواتر زەندییەکان هاتن کە کوردی فەیلی بوون لە ساڵی (١٧٥١-١٧٩٤)، کەریم خانی زەند دەوڵەتێکی دامەزراند و شیرازی کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی کە هەمووان تێیدا بە ئاشتی بژین، ئەو رێگەی بە شیعەی

**رەزاشا هەوڵیدا لاسایی ئەتاتورک بکاتەوە و سەرپۆشی ئافرەتانی قەدەغە کرد، دواتر یادکردنەوەی شەهیدبوونی حوسەینی قەدەغە کرد، لە ساڵی ١٩٣٤ سەردانی تورکیای کرد و زۆر بە ئەزموونی تورکیا سەرسام بوو، کە گەڕایەوە نیازی وا بوو دژایەتیی هەموو شتێک بکات کە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت، پێی وابوو کە هۆکاری پێشکەوتنی تورکیا دەستبەرداربوونیەتی لە ئایین**

د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی



دوازدە ئیمامەکە دا ئازاد بن و سرووتەکانیان بەجێ بهێنن، سرووشتی عەقڵییەتی کوردیش بە درێژایی مێژوو و تا ئێستاش بایەخی بە ناکۆکییەکانی ئایینی و مەزهەبی نەداوە، بەڵکو زیاتر جەختی کردۆتەوە لەسەر پەرەپێدانی وڵات و بەختەوەرکردنی هاووڵاتیان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، دوای رووخانی زەندییەکان قاجارییەکان هاتن کە تورکمان بوون، تا ساڵی ١٩٢٥ حوکمڕانییان کرد، ئاقا محەمەد خان لە ١٧٩٧ دەوڵەتی دامەزراند کە هاتە سەر شیعەی دوازدە ئیمامەکە، ململانێی نێوان قاجارییەکان و زانایانی شیعە دەستی پێکرد، تا گەیشتە ئەوەی شۆڕشی دەستووری لە ساڵی ١٩٠٦ هەڵگیرسا، شێخ حەسەن مودەریس سەرکردایەتیی ئەو جووڵانەوە دەستوورییەی کرد، کە دوژمنی هەموو کەسێك بوو کە دژایەتیی ئەو جووڵانەوە دەستوورییە چاکسازییەی ئێرانی دەکرد، ئەوان توانیان لە نێوان ساڵانی (١٩٠٦-١٩١١) پەرلەمانێك لە تاران دابمەزرێنن، یەکەم دانیشتنیش لە سەرەتای شۆڕش بەڕێوەچوو، دەستووری بنەڕەتیی نووسرایەوە، ئەمەش پەرەسەندنێکی سەرنجڕاکێش و چاکسازییەکی سەرکەوتوو بوو لەم ناوچەیەدا، ئەم شۆڕشە دەستوورییە لە دیدی زانایانی شیعە لەناوبردنی ستەمی پاشایەتیی فارسی بوو.

بنەماڵەی پەهلەوی بە سەرۆکایەتیی رەزاخان (رەزا شا) هات، کە خۆی ئەفسەرێك بوو لە لیوای قۆقازیی فارسی کە رووس رێکی خستبوو، بەشداریشی کرد لەو کودەتایەی کە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢١ پشتگیری کرد، رەزا شا زۆر بە پرۆژەکانی ئەتاتورکی تورکیا سەرسام بوو، بەڵام نەیتوانی لە ئێران جێبەجێی بکات، چونکە دەسەڵاتی زانایانی شیعە بەهێز بوو، رەزاخان لە ساڵی ١٩٢٥ بوو بە شای ئێران، دوای ئەوەی پەرلەمان قاجارییەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوە، رەزاشا هەوڵیدا لاسایی ئەتاتورك بکاتەوە و سەرپۆشی ئافرەتانی قەدەغە کرد، دواتر یادکردنەوەی شەهیدبوونی حوسەینی قەدەغە کرد، لە ساڵی ١٩٣٤ سەردانی تورکیای کرد و زۆر بە ئەزموونی تورکیا سەرسام بوو، کە گەڕایەوە نیازی وا بوو دژایەتیی هەموو شتێك بکات کە پەیوەندی بە ئایینەوە هەبێت،

**حزبی توودە کە حزبێکی شیوعی بوو لە ساڵی ١٩٤١ بە سەرۆکایەتیی سلێمان ئەسکەندەری و بەرەی نیشتمانی پەیدا بوون و لە دەوری دکتۆر محەمەد موسەدق کۆبوونەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ دکتۆر موسەدق توانی دەسەڵاتی شا لەناوبەرێت، لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەوروپاش دەژیا، حکومەتێکی نیشتمانیی دیموکراسی لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزراند**

**دکتۆر موسەدق ئەو پیاوە نەبوو کە خواستەکانی ئەمریکا و بەریتانیا جێبەجێ بکات، دکتۆر موسەدق نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد، ئەمەش کۆمپانیا نەتییەکانی ئەمریکای تووڕەکرد**

**ئایەتوڵا تەباتەبائی بڕووجێردی پێی وابوو دەبێت دەوڵەت لە زانایانی شیعە جیا بکرێتەوە، لەسەر زانایانی شیعە پێویستە ڕوویکەنە پەروەردەی ئایین و فیقهی و پێگەیاندنی نەوەکان، نەک دەست لە کاروباری سیاسەت وەربدەن**

**کتێبە بە ناوبانگەکەی خومەینی (حکومەتی ئیسلامی) سەرەتایەک بوو بۆ قۆناخێکی تازەی دامەزراندنی ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ، کە لای زۆربەی مەرجەعییەکانی ئایینی پەسندکراو نەبوو، چونکە پێیان وابوو کە ولایەتی فەقیە تایبەتە بە پرسە پەیوەندیدارەکانی فیقهیی ئایینی و مەزهەبی و ناکرێ بەسەر هەموو کایەکانی دەوڵەتدا گشتاندنی بۆ بکرێت**

پێی وابوو کە هۆکاری پێشکەوتنی تورکیا دەستبەرداربوونیەتی لە ئایین، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٧ ئایەتوڵا مودەڕیسی خستە زیندانەوەو لە ساڵی ١٩٣٧ کوشتی، بەڵام ئەو سیاسەتە سەرکوتکارەی لەهەمبەر مەزهەبی شیعە و زانایانی لە ساڵی ١٩٤١ کۆتایی هات، لە هەمان کاتدا شا لەلایەن بەریتانیاوە تۆمەتبار کرا بەوەی کە مەیلی بۆ ئەڵمانیا هەیە، بۆیە بەریتانیا ناچاری کرد، واز لە دەسەڵات بێنێت بۆ کوڕەکەی محەمەد ڕەزا شا، کە کەسێکی لاواز وکەم شارەزا بوو لە ئیدارە و سیاسەتدا، حزبی توودە کە حزبێکی شیوعی بوو لە ساڵی ١٩٤١ بە سەرۆکایەتیی سلێمان ئەسکەندەری و بەرەی نیشتمانی پەیدا بوون و لە دەوری دکتۆر محەمەد موسەدق کۆبوونەوە. لە ساڵی ١٩٥٢ دکتۆر موسەدق توانی دەسەڵاتی شا لەناوبەرێت، لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەورووپاش دەژیا، حکومەتێکی نیشتمانیی دیموکراسی لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزراند، بەڵام زۆری نەخایاند و ئەمریکا ڕەزاشای پەهلەوی لە ڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە گەڕاندەوە، چونکە دکتۆر موسەدق ئەو پیاوە نەبوو کە خواستەکانی ئەمریکا و بەریتانیا جێبەجێ بکات، دکتۆر موسەدق نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد، ئەمەش کۆمپانیا نەتییەکانی ئەمریکای تووڕەکرد، دوای ئەوەی حمەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، کەوتە پاکتاوکردنی نەیاران، لەوانەش عەلی شەریعەتی، لە ساڵی ١٩٧٣ دەستگیر کرد و دوای ئەشکەنجەدانی بۆ دەرەوەی ئێران دوور خرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ساواك (هەواڵگریی سەر بە شا پەهلەوی)یەوە لە لەندەن تیرۆرکرا، وێنەی ئەو لە سەرەتای شۆڕشەوە لەپاڵ وێنەی خومەینی بەرزرکرایەوە.

لە سەردەمی شا پەهلەوی زانایانی شیعە لە نێو خۆیاندا دابەش ببوون تایبەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتدا، ئایەتوڵا حوسێن تەباتەبائی بڕووجێردی هاتە گۆڕەپانەوە کە مەرجەعێکی ناوداری ئایینی دوازدە ئیمامی بوو لە هەموو جیهاندا، ئەو مەرجەعە داوای لێك نزیکبوونەوەی سوننە و شیعەی دەکرد، لە ساڵی ١٩٤١ داوای بەستنی کۆنگرەیەکی گرنگی کرد لە قوم (ناوەندی شیعەی ئێران بە درێژایی مێژوو) بۆ ڕێگەگرتن لەوەی پیاوانی ئایینی بێنە نێو سیاسەتەوە. بەڵام هەندێ ڕێکخراوی گەنجانی شیعەی ئێرانی و بەتایبەتیش فیداکارانی ئیسلام کە لە ١٩٤٩ دامەزرا بەو داوایە پابەند نەبوون، ئەوان هەوڵیان دەدا دەوڵەتێکی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی ئەبو قاسم کاشانی دابمەزرێنن، خومەینی پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە هەبوو، ئەوانە لە ڕووی ڕێکخستنەوە نەك فیکری کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئیخوان موسلمین و بەتایبەتیش کتێبەکانی سەید قوتب و محەمەد قوتب و مەمودی و سەعید حەوا و زانایینی دیکەی ئیسلامی سیاسیی سوننە، بەتایبەتیش ئیخوان موسلمین لە میسر، بۆیە تا ئێستا کتێبەکانی ئەوانە لە ئێراندا ماون، ئایەتوڵا تەباتەبائی بڕووجێردی بەم کۆمەڵە ڕێکخراوە ڕازی نەبوو، ئەو پێی وابوو کە دەبێت دەوڵەت لە زنایانی شیعە جیا بکرێتەوە، لەسەر زانایانی شیعە پێویستە ڕووبکەنە پەروەردەی ئایین و فیقهی و پێگەیاندنی نەوەکان، نەك دەست لە کاروباری سیاسەت وەربدەن.

دوای مردنی ئایەتوڵا تەباتەبائی لە ساڵی ١٩٦٢ خومەینی جێی گرتەوە، ئەو قوتابییەکی شێخ عەبدولکەریم حائری بوو، لە ساڵی ١٩٢٢ کاتێ خومەینی لە هەرەتی لاویدا بوو، لەگەڵی چووە قوم، بەڵام خومەینیی لاو زیاتر حەزی لە سیاسەت بوو، نەك لە کاروباری ئایینی، ئەمەش لە کتێبەکەیدا دەردەکەوێت بە ناوی (کشف الاسرار) کە لە ساڵی ١٩٤٤ چاپی کرد، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی فیکرەی ولایەتی فەقیهـ تا جێگەی دەوڵەتی عەلمانی بگرێتەوە کە شا پەهلەوی دایمەزراندبوو، بۆیە لە ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە شا زۆر بە جورئەت بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ شۆڕشی سپیی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام خومەینی دەستگیر کرا و لە ١٩٦٤ بۆ تورکیا دوور خرایەوە، دواتر گەڕایەوە شاری نەجەف، ئینجا ویستی بچێتە کوێت، بەڵام پێشوازی لێ نەکرا، تا ساڵی ١٩٨٧ بە فڕۆکە لە فەڕەنسا گیرسایەوە، تا دواتر لە ساڵی ١٩٧٩گەڕایەوە تاران، لە پێشوازیدا چەندین کەس ئامادە بوون لەوانە سادق قوتب زادە کە بوو بە وەزیری دەرەوەو ئەبوحەسەن بەنی سەدر کە بووە یەکەم

سەرۆك كۆماری ئیسلامی لە ئێران، لە ساڵی ١٩٨٠ رژێمی محەمەد رەزا شای پەهلەوی هەرەسی هێنا، بە خێزانەوە بەرەو میسر رۆیشتن و ئەنوەر سادات پێشوازی لێکردن، شاپوور بەختیار سەرۆك وەزیرانی ئێران بە كاتی و شەرمەزار وەسفی دەكات، بەڵام ئەمە كۆتایی بوو، كۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزرا، كتێبە بە ناوبانگەكەی خومەینی (حكومەتی ئیسلامی) سەرەتایەك بوو بۆ قۆناخێكی تازەی دامەزراندنی ویلایەتی رەهای فەقیهـ، كە لای زۆربەی مەرجەعییەكانی ئایینی پەسندكراو نەبوو، چونكە پێیان وابوو كە ولایەتی فەقیە تایبەتە بە پرسە پەیوەندیدارەكانی فیقهیی ئایینی و مەزهەبی و ناكرێ بەسەر هەموو كایەكانی دەوڵەتدا گشتاندنی بۆ بكرێت. لەوانەی كە بە توندی دژی ولایەتی فەقیهـ وەستانەوە، جێگرەكەی خۆی بوو لە رۆژانی شۆڕشی ئیسلامیی ئایەتوڵا حوسێن عەلی مونتەزیری، ئەو ئەم تیۆرەی رەتكردەوە، بڕیار بوو شوێنی خومەینی بگرێتەوە، تا ببێتە رابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دوای مردنی ئەو، بەڵام خومەینی بە زۆر نیشتەجێكردنی لە ماڵەكەی خۆی بەسەردا سەپاند تا لە ساڵی ٢٠٠٩ كۆچی دوایی كرد.

دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩، خامنەیی جێی گرتەوەو خۆی بە فەقیهێك ناساند، دواتر بوو بە سەرۆكی هەڵبژێردراوی وڵات لە ١٩٨٩، لەگەڵ ئەوەی كە نەگەیشتبوە پلەی ئیجتیهاد، لەگەڵ ئەوەی لەو چاكتر هەبوون لەوانە مەرعەشی و خوئی و و ئەراكی و سیستانی كە لە عێراق گیرسایەوە.

لە ساڵی ١٩٩٧ خاتەمی دوای سەركەوتێكی تەواو لە هەڵبژاردنەكاندا بوو بە سەرۆك كۆماری ئێران و رەوشی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران چاكتر بوو، ئەو بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ نەبوو، سەردانی ئەزهەری كرد و هەوڵی دا پەیوەندیی نێوان شیعە و سوننە باشتر بكات، لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٩دا خاتمی جێگەی بۆ كاندیدی چاكخواز میر حوسێن موسەوی چۆڵ كرد، بەڵام سەرنەكەوت و كاندیدەكەی خامنەیی كە مەحموود ئەحمەدی نەژاد بوو، سەركەوت، چونكە خامنەیی پێی وابوو ئێران پێویستیی بە بنەچەخوازێكی وەك ئەحمەدی نەژاد هەیە، بۆیە هەر ئەو بوو بە سەرۆك كۆماری ئێران، بەم شێوەیە بارودۆخی ناوخۆ و دەرەوە تێكچوو، هەڵوێستی گەلی ئێرانیش روون بوو لە رەتكردنەوەی ئەو هەڵبژاردنە ساختەیە بۆ بەرژەوەندیی كاندیدەكەی خامنەیی، چونكە زانراوە كە چاكخوازان لە ئێران لە پارێزگاران زیاتر خەڵكیان لەگەڵدایە، ئەوان دروشمی (كوا دەنگەكەم)یان وەك نارەزایی بەرزكردەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە عێراقەوە، كاتێ شا فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٢١ گەڕایەوە بۆ عێراق دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لەلایەن عێراقییەكانەوە بەیعەتی پێ درا، لەوانەش شێخ مەهدی خالسی بوو، ئەو كاتە عێراق پێویستیی بە رێككەوتننامەیەك بوو لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام شێخ خالسی رەتی كردەوە، تا حكومەتی عێراق بە سەرۆكایەتیی عەبدولموحسین سەعدون ناچار بوو شێخ خالسی بۆ ئێران دوور بخاتەوە كە لە ساڵی ١٩٢٥ لەوێ كۆچی دوایی كرد.

زانایانی شیعە زیاتر جەختیان لە سەر لایەنی پەروەردە و خوێندن كردەوە، تەنانەت پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش كۆمەڵە شیعییەكان جەختیان لەسەر ئەم لایەنە دەكردەوە، بۆ نموونە (كۆمەڵەی راپەڕینی ئیسلامی لە نەجەف لە ساڵی ١٩١٧، كۆمەڵەی نیشتمانیی ئیسلامی لە كەربەلا لە ١٩١٨، كۆمەڵەی ئیسلامی لە كازمیە لە ١٩١٨)، دوای رووداوی دوورخستنەوەی خالسی بۆ ئێران زانایانی شیعە تەكیزیان كردە سەر لایەنی فیقهی، لە ساڵی ١٩٣٥ شێخ محەمەد رەزا موزەفەر كۆڕبەندی بڵاوكردنەوەی دامەزراند، كە بریتی بوو لە قوتابخانەیەكی باڵای زانستە ئیسلامییەكان، دوای سێ ساڵ بوو بە كۆلێژی فیقهی نەجەف لە ساڵی ١٩٣٨، كە تا ئێستاش ئەم كۆلیجە هەر بەردەوامە، دوای ئەو ماوەیە چەندین كۆمەڵەی نهێنیی ئیسلامیی سیاسی پەیدا بوون، بەڵام لەبەر توندوتیژیی رژێمی بەعس بە لەسێدارەدانی سەركردەكانیان، یان هەڵاتنیان بۆ دەرەوە شكستیان هێنا، لەساڵی ١٩٥٦ محەمەد مەهدی ئەلحەكیم كوڕی ئایەتوڵا موحسین حەكیم پێشنیاری دامەزراندنی حزبێكی ئیسلامیی سیاسیی كرد، ئەوە بوو

**لە ساڵی ١٩٩٧ خاتەمی دوای سەركەوتێكی تەواو لە هەڵبژاردنەكاندا بوو بە سەرۆك كۆماری ئێران و رەوشی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران چاكتر بوو، ئەو بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ نەبوو، سەردانی ئەزهەری كرد و هەوڵی دا پەیوەندیی نێوان شیعە و سوننە باشتر بكات**

**لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٠٩دا خاتمی جێگەی بۆ كاندیدی چاكخواز میر حوسێن موسەوی چۆڵ كرد، بەڵام سەرنەكەوت و كاندیدەكەی خامنەیی كە مەحموود ئەحمەدی نەژاد بوو، سەركەوت، چونكە خامنەیی پێی وابوو ئێران پێویستیی بە بنەچەخوازێكی وەك ئەحمەدی نەژاد هەیە**

**لە ساڵی ١٩٣٥ شێخ محەمەد رەزا موزەفەر كۆڕبەندی بڵاوكردنەوەی دامەزراند، كە بریتی بوو لە قوتابخانەیەكی باڵای زانستە ئیسلامییەكان، دوای سێ ساڵ بوو بە كۆلێژی فیقهی نەجەف لە ساڵی ١٩٣٨، كە تا ئێستاش ئەم كۆلیجە هەر بەردەوامە، دوای ئەو ماوەیە چەندین كۆمەڵەی نهێنیی ئیسلامیی سیاسی پەیدا بوون، بەڵام لەبەر توندوتیژیی رژێمی بەعس بە لەسێدارەدانی سەركردەكانیان، یان هەڵاتنیان بۆ دەرەوە شكستیان هێنا**

**دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ ناکۆکیی نێوان حزبی شیوعیی عێراقی و بەرەی هێزەکانی نەتەوەیی توندتر بوو، ئیسلامییە شیعەکان ئەو بۆشاییەیان قۆستەوەو حزبی دەعوەیان دامەزراند، ناودارترین دامەزرێنەری ئەم حزبەش بریتی بوون لە(محەمەد باقر سەدر، محەمەد باقر حەکیم)، ئەم حزبە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ خومەینیدا هەبوو، ئەوە بوو دامەزرێنەرانی ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٨١ لە ماڵی خومەینیدا کۆبوونەوە**

**لە ٢٠٠٧ موقتەدا سەدر بۆچوونی سیاسیی خۆی گۆڕی و داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کرد، دژی دەستێوەردانییە دەرەکییەکان و بەتایبەتیش ئێران، لەسەر ئەو رێچکەیە بەردەوام بوو تا توانی خەڵکێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە**

**قەیس خەزعەلی عەسائب ئەهل ئەلحەقی لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراند کە لە چوارکەتیبە پێکدێت: کەتیبەکانی ئیمام عەلی، کەتیبەکانی ئیمام کازم، کەتیبەکانی ئیمام هادی، کەتیبەکانی ئیمام عەسکەری، کە تا سەر ئێسقان بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ هەیە**

قسەی لەگەڵ محەمەد باقر سەدر کرد و پێکەوە حزبێکی ئیسلامیی سیاسییان لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزراند، دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ ناکۆکیی نێوان حزبی شیوعیی عێراقی و بەرەی هێزەکانی نەتەوەیی توندتر بوو، ئیسلامییە شیعەکان ئەو بۆشاییەیان قۆستەوەو حزبی دەعوەیان دامەزراند، ناودارترین دامەزرێنەری ئەم حزبەش بریتی بوون لە(محەمەد باقر سەدر، محەمەد باقر حەکیم)، ئەم حزبە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ خومەینیدا هەبوو، ئەوە بوو دامەزرێنەرانی ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٨١ لە ماڵی خومەینیدا کۆبوونەوە، ئیبراهیم جەعفەری-یش ئامادە بوو، ئەمەش لەپێناو گواستنەوەی ئەزموونی ولایەتی فەقیهـ بۆ عێراق، بەڵام هەوڵێکی شکستخواردوو بوو، چونکە ژینگەی فرە ئایین و مەزهەبی و نەتەوەیی لە عێراق هەرگیز ئەمە قبووڵ ناکات، لە ساڵی ١٩٨٢دا محەمەد باقر حەکیم کوڕی مەرجەعی باڵا موحسین حەکیم لە حزبی دەعوە جیابووەوە و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە دوورەوڵات (لە ئێران) راگەیاند، لە هەمان کاتیشدا باڵێکی سەربازی بە ناوی فەیلەقی بەدر بە پاڵپشتیی ئێران بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس دامەزراند، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق واتا دوای رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کردەیەکی خۆکوژیدا تیرۆر کرا، عەبدولعەزیز حەکیمی کوڕی جێی گرتەوە، ئەو فەیلەقی بەدری هەڵوەشاندەوە، چونکە رژێمی سەدام رووخابوو، دواتر کرا بە رێکخراوی بەدر بە سەرۆکایەتیی هادی عامری، وشەی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوی حزبەکە لابرد و بوو بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، ئەمەش تاکو حزبەکەی لە شۆڕشی ئێران دوور بخاتەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو عەمار حەکیمی کوڕی جێی گرتەوەو لە ساڵی ٢٠١٧ رەوتی نیشتمانیی حیکمەی دامەزراندو وازی لە ئەنجومەنی باڵا هێنا، هومام حەمودی بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا مایەوە، ئەوەی پەیوەستە بە موقتەدا سەدر دوای رووخانی رژێمی بەعس ناوی دەرکرد، ئەو کوڕی محەمەد صادق سەدرە کە لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ دوو کوڕی کوژران، بە کوشتنی عەبدولمەجید خوئی تۆمەتبار کرا، بۆیە هێزە عێراقی و ئەمریکییەکان هێرشیان کردە سەری بۆ ئەوەی دەستگیری بکەن، شەڕێکی قورس روویداو سوپای مەهدی وەك پیرۆزییەك بۆ ئیمام مەهدی مونتەزر دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٤ رازی بوو بەوەی کە سوپای مەهدی چەکەکانی رادەستی هێزە عێراقی و ئەمریکییەکان بکات، دوای زیانێکی زۆری ئەو شەڕە و دەستێوەردانی سیستانی بۆ راگرتنی شەڕ و دواتر ئاشتکردنەوەی هەردوو لا، لە هەمان ساڵیشدا قەیس خەزعەلی لێ جودا بۆوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ موقتەدا سەدر لیوای (ئەلیەوم ئەلمەوعود)ی لە جێی سوپای مەهدی دامەزراند، لە ٢٠٠٧ موقتەدا سەدر بۆچوونی سیاسیی خۆی گۆڕی و داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی کرد، دژی دەستێوەردانییە دەرەکییەکان و بەتایبەتیش ئێران، لەسەر ئەو رێچکەیە بەردەوام بوو تا توانی خەڵکێکی زۆر بۆ خۆی کۆبکاتەوە، لە ساڵی ٢٠١٤ و دوای ئەوەی موسڵ کەوتە دەستی داعش، سەرایای سەلامی دامەزراند بۆ بەرگریکردن لە شوێنە پیرۆزەکان دژی داعش، بەتایبەتیش لە سامەڕا کە شاری هەر دوو ئیمامی عەسکەرییە، هەرچەندە شارێکی سوننەنشینە، ئەو پیاوە توانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ساڵی ٢٠١٨ بە ناوی هاوپەیمانیی سائرون سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت، بەڵام قەیس خەزعەلی عەسائب ئەهل ئەلحەقی لە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراند کە لە چوارکەتیبە پێکدێت: کەتیبەکانی ئیمام عەلی، کەتیبەکانی ئیمام کازم، کەتیبەکانی ئیمام هادی، کەتیبەکانی ئیمام عەسکەری، کە تا سەر ئێسقان بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ هەیە، دواتر رۆڵی حزبوڵای عێراقی دێت بە سەرۆکایەتیی واسق بەتات، ئەندامانی ئەو حزبە لەنێو کەتیبەکانی ئەبوفەزڵ عەباس کاریان دەکرد، بەڵام لە ٢٠١٠ دەستیان لە کار کێشایەوە، سەرۆکی حزبەکە لەگەڵ ئەوەی کە عێراقییە، بەڵام پێی وایە حزبەکەی درێژکراوەی حزبوڵای لوبنانییە بە سەرۆکایەتیی حەسەن نەسروڵا، بە دانپێدانانی خۆی لەژێر فەرمانی خامنەییدایە،

سوپاکەیشی بە سوپای موختار ناسراوە، بەڵام گرووپ و کۆمەڵەکانی دیکەش زۆرن کە هەر لەو کۆمەڵانە دروستبوون، زۆربەیان تاقمی چەکداری بێ سەروبەرن، حزبە سیاسییەکانی عێراق کە کاریگەرییان لە گۆڕەپانی عێراقدا هەیە، پێش هەڵبژاردنی ٢٠١٨ ژمارەیان گەیشتبووە ٢٠٤ حزب، لە وڵاتێکدا کە گەندەڵیی ئیداری تەنگی پێ هەڵچنیوە.

دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، حزبی دەعوە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی کرد بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری لە ساڵی ٢٠٠١٥، دواتر مالیکی بۆ دوو کابینە لە ٢٠٠٦ تاکو ٢٠١٤، دواتر عەبادی هات لە ساڵی ٢٠١٤، سەرانی حزبی دەعوە بە زەحمەت بەتایبەتیش جەعفەری و مالیکی هەوڵیاندا بە نهێنی و هێمنی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی، ناوەڕۆکەکەی لە شێوەی ولایەتی فەقیهـ بێت، بەڵام لەمەدا شکستیان هێنا، ئەوە بوو سەرۆکایەتیی وەزیران لە دەست حزبی دەعوە دەرچوو بۆ عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی ٢٠١٨، هەروەك چۆن کۆمەڵی ئیخوان موسلمین بە سەرەتای ئیسلامی سیاسیی سوننە دادەنرێت، ئاواش حزبی دەعوەی عێراقی بە سەرەتای ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراق دادەنرێت.

لە کاتێکدا کە ئایەتوڵا تەباتەبائی مەرجەعی رەهای دوازدە ئیمامی بوو لە جیهاندا تا مردنی لە ١٩٦٢، موحسین حەکیمیش مەرجەعی تەقلیدیی بێ رکابەری شیعەی عێراق بوو لە نەجەف، هەروەها ئایەتوڵا باقر سەدر خەریکی خوێندن بوو لە نەجەف، قورساییەکی مەزهەبی لەنێوان دوازدەییەکان هەبوو لە عێراق، ئەو کتێبی (فلسفتنا)ی لە ساڵی ١٩٥٩ و کتێبی (اقتصادنا)ی لە ١٩٦٢ چاپکرد. باقر سەدر لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن بەعسییەکانەوە لە سێدارە درا، بەڵام بەعسییەکان ئێران بە کوشتنی تۆمەتبار دەکەن، دوای رووخانی رژێمی بەعس عەبدولمەجید خوئی کوڕی مەرجەعی باڵای ئایینی ئەبو قاسم خوئی لە لەندەنەوە گەڕایەوە نەجەف، بەڵام تیرۆر کرا، لایەنگرانی سەدر بە کوشتنی تۆمەتبار کران، ئێستاش عەلی سیستانی بووە بە مەرجەعی باڵای شیعەی عێراق، بەڵام ناکۆکییەکی شاردراوە لەئارادایە، لەنێوان سیستانی (کە ولایەتی فەقیهـ رەتدەکاتەوە و پەیڕەوەی مەرجەعە باڵاکان دەکات) و خامنەیی (کە بڕوای بەم ولایەتە هەیە وەك پەیڕەوکاری خومەینی کە دوای ئەو جێگەی گرتەوە)، لە لوبنانیش عەبدولحوسێن شەرەفەدین سەرکردایەتیی رۆحیی شیعەی لوبنانی کرد تا مردنی لە ساڵی ١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٥٩ موسا سەدر هاتە لوبنان و جووڵانەوەی ئەمەل (فەوجەکانی بەرگریی لوبنانی)ی لە ساڵی ١٩٧٥ بە پشتیوانیی ئێران دامەزراند، بەڵام لە لیبیا دیارنەما، دواترحزبوڵا بە سەرۆکایەتیی شێخ حوسێن فەزلوڵا سەری هەڵداو لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردو لە ساڵی ١٩٩٢حەسەن نەسروڵا جێی گرتەوە، ئەمەیان حزبێکی بنەچەخوازە و بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ و خامنەیی وەك مەرجەع هەیە.

لە یەمەن حوسییەکان سەر بە (حوسێن حوسی)ن و بە باوکی رۆحیی خۆیانی دەزانن، کە ناوبراو لە لایەن هێزەکانی یەمەن لە ساڵی ٢٠٠٤ کوژرا. ئەم بزووتنەوەی حوسییە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزرا، کە دواتر عەبدولمەلیك بەدرەدین حوسیی برای سەرکردایەتیی کرد. حوسییەکان پەیڕەوەی مەزهەبی (زەیدی)ن کە لە ئەهلی سوننە نزیکە، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسی ئەو گرووپە لە ئێران نزیك بوونەتەوە کە ئێرانییش پاڵپشتییان دەکات، بەپێچەوانەوە سعودیە سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەك دەکات دژی حوسییەکان، چونکە بە سەرچاوەی هەڕەشەیان دەزانێت بۆ سەر سعودیە، تا ئێستاش شەڕو پێکدادان لەنێوانیاندا هەر درێژەی هەیە، لە سعودیەش کەمینەیەکی شیعە هەیە، بەڵام ئاشتیخوازن و پشتگیری دەوڵەت دەکەن، کەچی هەندێ زانایانی شیعە لە سعودیە رووبەڕووی سەرکوتکردن بوونەتەوە بەهۆی ئەوەی رەخنەی توند لە دەوڵەت دەگرن، نمر ئەلنمر یەکێك بوو لە سەرانی شیعە لە سعودیە کە بووە قوربانیی ئەو رەخنەیە و لە ساڵی ٢٠١٦ لە سێدارە درا، لەبەر ئەوەی دەستی هەبوو لە شێواندنی سەقامگیریی وڵات، بە پێی بەیاننامەی دەوڵەت ئاژاوە و دووبەرەکیی تایفەگەری ناوەتەوە.

**جەعفەری و مالیکی هەوڵیاندا بە نهێنی و هێمنی عێراق بکەنە دەوڵەتێکی ئایینی و مەزهەبی، ناوەڕۆکەکەی لە شێوەی ولایەتی فەقیهـ بێت، بەڵام لەمەدا شکستیان هێنا، ئەوە بوو سەرۆکایەتیی وەزیران لە دەست حزبی دەعوە دەرچوو بۆ عادل عەبدولمەهدی لە ساڵی ٢٠١٨**

**لە ساڵی ١٩٥٩ موسا سەدر هاتە لوبنان و جووڵانەوەی ئەمەل (فەوجەکانی بەرگریی لوبنانی)ی لە ساڵی ١٩٧٥ بە پشتیوانیی ئێران دامەزراند، بەڵام لە لیبیا دیارنەما، دواترحزبوڵا بە سەرۆکایەتیی شێخ حوسێن فەزلوڵا سەری هەڵداو لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردو لە ساڵی ١٩٩٢حەسەن نەسروڵا جێی گرتەوە، ئەمەیان حزبێکی بنەچەخوازە و بڕوای بە ولایەتی فەقیهـ و خامنەیی وەک مەرجەع هەیە**

**حوسییەکان پەیڕەوەی مەزهەبی (زەیدی)ن کە لە ئەهلی سوننە نزیکە، بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسی ئەو گرووپە لە ئێران نزیک بوونەتەوە کە ئێرانیش پاڵپشتییان دەکات، بە پێچەوانەوە سعودیە سەرکردایەتیی هاوپەیمانییەک دەکات دژی حوسییەکان، چونکە بە سەرچاوەی هەڕەشەیان دەزانێت بۆ سەر سعودیە، تا ئێستاش شەڕو پێکدادان لەنێوانیاندا هەر درێژەی هەیە**

# پێشنیاری پرۆژەی سەندوقی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان

**● پێشەکی:**

ئەو سیاسەتە دوژمنکارییانەی کە رژێمی پێشوو بەرامبەر هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان پیادەی کرد، هەروەها ئەو هەلومەرجە سەختەی کە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی دوو گەمارۆی نێودەوڵەتی و حکومەتی ناوەند پێیدا گوزەری کرد، لە هەموو روویەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەبوونی دامەزراوەی حکوومی کە لەسەر بنەمای زانستی و سیستماتیك دامەزرابن و توانای ئەوەیان هەبێت، ئەدای ئەرکی خۆیان بە تەواوی بەجێ بگەیەنن، ئەنجامگەلی نەرێنییان لێکەوتەوە، ئەمە لەپاڵ کەمیی کارامەیی ئاستبەرز و خاوەن توانای زانستی و شارەزاییەك کە بشێت بەرپرسیارێتیی بنیاتنانی هەرێم بە شێوەیەکی رێکوپێك لە ئەستۆ بگرن.

لە ئەنجامی ئەمەدا، هەرێم رووبەڕووی دواکەوتنی ئابووری و کۆمەڵاتی بووەوە، وێڕای ئەوەی کە دامەزراوە حکوومییەکان توانایان نەبوو، پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان دابین بکەن وەك کارەبا و ئاوی خواردنەوە و خزمەتگوزراییەکانی کۆمەڵایەتی، وەك پەروەردە و تەندروستی و نیشتەجێبوون و...تاد.

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە وەك پشکی خۆی لە داهاتی نەوت پارەی لە حکومەتی فیدڕاڵ وەرگرت، وێڕای ئەوەی کە پێویستییەکانی هەنووکەیی و لابردنی پاشماوەی بەجێماوی رژێمی پێشوو پێویستی بە پارەیەکی زیاتر دەکرد، بۆیە حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی هەرێم دەستیان بە دیزایین و جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی ستراتیژی کرد، کە تا ساڵی ٢٠١٣ هاتنەئاراوە، بەڵام ئەو هەلومەرجەی دوای ئەو ساڵانە هاتەپێش، بەتایبەتیش هەلومەرجی سیاسی، لەوانە هێرش و پەلامارەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە ناوچەکە و ئاوارەبوونی هەزاران هاووڵاتی لە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا، کە بووە هۆی ئەوەی بارگرانییەکی زۆری دارایی بخاتە سەر هەرێم، ئەمە سەرەڕای زیادکردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و پەروەردەوە خزمەتگوزارییەکان کە باری سەرشانی حکومەتیان قورستر کرد. سەرباری ئەمەش، دابەزینی نرخی نەوت و بڕیارە ستەمکارەکانی حکومەتی فیدڕاڵ بە نەدانی پشکی هەرێم لە هەموو داهاتەکانی نەوت، کە ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجبوونی تەواوی چالاکییە بنەڕەتییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەوەی ئێستا دەردەکەوێت لە سەرەتا ئەرێنییەکانی تایبەت بە رێژەی زیادکردنی نرخی نەوت و لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم لەمیانی پەسندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٩ و وتوێژی بەرهەمدار لە چەندین بواردا، کە پێویست بەوە دەکات چاو بە ستراتیژییەکانی حکومەتدا بخشێنرێتەوە بۆ پەرەپێدانی هەرێم.

ئەمە دەرفەتێکی مێژووییە و پێویستە بقۆزرێتەوە، بەتایبەت بە بەکارهێنانی ئەو داهاتانە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتییان و چاککردنی خزمەتگوزارییەکان و بنیاتنانی ئایندەی کوردستان لەسەر بنەمای زانستیی دروست کە داهاتی سرووشتی و مرۆیی

**بڕیارە ستەمکارەکانی حکومەتی فیدڕاڵ بە نەدانی پشکی هەرێم لە هەموو داهاتەکانی نەوت، کە ئەمەش بووە هۆی ئیفلیجبوونی تەواوی چالاکییە بنەڕەتییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی**

**لە سەرەتا ئەرێنییەکانی تایبەت بە رێژەی زیادکردنی نرخی نەوت و لێکتێگەیشتنی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێم لەمیانی پەسندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٩ و وتوێژی بەرهەمدار لە چەندین بواردا، کە پێویست بەوە دەکات چاو بە ستراتیژییەکانی حکومەتدا بخشێنرێتەوە بۆ پەرەپێدانی هەرێم**



د.سەباح یوسف ئەلمالح
بۆ گوڵان نووسیویەتی

و دارایی بە دیدوبۆچوونێکی روون و ستراتیژییەتی دوورمەودا تێدا بەکاربهێنرێت، کە لە رێی ئەوەوە ئامانجەکان دیاری بکرێن، هەروەها پلانی پێنج ساڵ و بەرنامەی ساڵانە دابرێژرێن بۆ زامنکردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی پێویستن:

- بەدیهێنانی گەشەی ئابووری بە شێوەیەکی بەردەوام.
- بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی.
- چاککردنی کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان کە حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات.

**● دامەرزاندنی سندوقی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان**

ئەو پرۆژەیەی کە پێشنیاری دەکەین بریتییە لە دامەزراندنی سندوقێکی تایبەت بە پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش پێویستە بەشێك بێت لەو زنجیرە پرۆژەکانەی کە پەیوەست بە ستراتیژییەتە گشتییەکانی پەرەپێدانی هەرێم، بەجۆرێك دانانی پلانی پرۆژەکان بۆ چوار ساڵ لەخۆبگرن، لەبەر رۆشنایی سیاسەتی ئەو وەزارەتانەی تایبەتمەندن بە دیدوبۆچوونی ستراتیژیی دوورمەودا و بە شێوەیەکی هاوسەنگ بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی نێوان هاووڵاتیانی هەرێم لەنێوان پارێزگاو قەزاو ناحییەکان دابەشکرابێت.

ئەرکی سندوقەکە پارەدارکردنی پرۆژەکان بێت، بەشێوەیەك خێرایی و کارامەیی لە جێبەجێکردنی پرۆژە بێنێتەدی و دووربێت لە کۆتوبەندی رۆتینی کە بۆتە هۆی جۆرێك لە پاشاگەردانی و فرەیی و دووفاقی لە ئەرك و بەرپرسیارییەتی هەندێ وەزارەت و پارێزگاکان تایبەت بە هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکان.

**● بۆیە پێشنیاری ئەم میکانیزمەی خوارەوە دەکەین:**

١. دامەزراندنی سندوقێکی سەربەخۆ بە ناوی سندوقی پەرەپێدانی کوردستان، کە لە رێی ئەوەوە پرۆژەکانی پەرەپێدان و ژێرخان پارەدار بکرێن، بەپێی تێڕوانینێکی ئایندەخوازی و ئەولەوییاتی، ئەمانەش پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی بن.

٢. ئەم سندوقە لەلایەن دەستەیەکی تایبەتەوە بەڕێوەببرێت، کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیاری لێ بدەن.

٣. ژمێریاریی سندوقەکە لەلایەن دەستەیەکی پسپۆڕەوە وردبینی بۆ بکرێت.

٤. ئەنجومەنێك پێکدەهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی سندوقەکە و، راپۆرتی وەرزی و ساڵانە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات.

٥. ئەو شتانە لەو سندوقە دادەنرێن:

أ: ئەو پارانەی تەرخان دەکرێن بۆ بودجەی وەبەرهێنان بەپێی رێژەی بڕیارلێدراوی چوار ساڵی داهاتوو لە داهاتەکانی حکومەتی هەرێم لە حکومەتی فیدڕاڵ.

ب: بەشدارییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت و گەورە کۆمپانیاکان کە لە هەرێم کاردەکەن.

ج: بەخششە داراییەکان کە پێشکەش بە هەرێم دەکرێن.

د: قەرزە بچووك و درێژخایەنەکان کە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە رێی حکومەتی فیدڕاڵ، یان

**لە دامەزراندنی سندوقێکی تایبەت بە پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش پێویستە بەشێک بێت لەو زنجیرە پرۆژەکانەی کە پەیوەست بە ستراتیژییەتە گشتییەکانی پەرەپێدانی هەرێم، بەجۆرێک دانانی پلانی پرۆژەکان بۆ چوار ساڵ لەخۆبگرن**

**دامەزراندنی سندوقێکی سەربەخۆ بە ناوی سندوقی پەرەپێدانی کوردستان، کە لە رێی ئەوەوە پرۆژەکانی پەرەپێدان و ژێرخان پارەدار بکرێن**

**لە قۆناخی بنەڕەتیدا تەركیز بكرێتە سەر پرۆژەكانی ژێرخان كە كێشەكانی كەرتی كارەبا و ئاو و نیشتەجێبوون و تەندروستی و پەروەردەو ئاودێری و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان و گەیاندن چارەسەربكات**

**پرۆسەی هەڵبژاردنی پرۆژەكان لەئێستادا لەسەر بنەمای زانستی و پلان بنیات نەنراوە، بەڵكو تەنیا بە پێی حەز و ئارەزووی تاكەكەسییە و بە پێی تێڕوانینی بەرپرسانە لە وەزارەت و پارێزگاكاندا و، لەبەر ڕۆشنایی دیدوبۆچوونی ئایندەی پەرەپێدانی كەرتەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی پەیوەست نییە بە ئامانجە ستراتیژییەكان**

دامەرزاوە داراییەكانەوە پێشكەش دەكرێن.

هـ: لە هیچ حاڵەتێكدا نابێت داهاتی دانراو لە سندوقی پەرەپێدان بگوازرێتەوە بۆ بودجەی تەشغیلیی ئاسایی.

لە هۆكارە ئەرێنییەكانی ئەمەش ئەوەیە، كە وێڕای ئەو ڕێكارانەی گیرانەبەر لە دابەشكردنی داهاتەكان بەپێی بودجەی ئاسایی و بودجەی راوێژكاری، بەڵام واقیعی حاڵ سەلماندوویەتی كە ئەم بوارە شكڵی بووە و خزمەتی پرۆسەی پەرەپێدانی نەكردووە، چونكە ئەو ڕێكارانەی لە ئێستادا گیراونەتەبەر لە پارەداركردنی پرۆژەكان پەیوەست بوون بە ڕێكارەكانی وەزارەتی دارایی، واتا تەرخانكردنی ساڵانە لە كاتێكدا كە زۆربەی ئەو پرۆژانە بۆ تەواوكردنیان پێویستیان بە فەراهەمیی تەرخانكردنی دارایی هەیە، كە ڕەنگە چوار ساڵ بخایەنێت. هەروەها ئەو ڕێكارانەی پەیڕەو دەكران سەركەوتوو نەبوون لە رووی توانای دارایی و مرۆییەوە، بۆیە ئەو پێشنیارەی سەرەوە بە شێوەیەكی باش لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژییەتە دوورخایەنەكان زەمانەتی پارەداركردنی پرۆژەكانی ژێرخان و ستراتیژی و بنیاتنانی كوردستان دەكات.

- **دانانی پلان بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان: پێویست بەم هەنگاوانە دەكات:**

١. دانانی پلانی كەرتی بۆ پرۆژەكان بۆ ماوەی (٤) ساڵ لەلایەن وەزارەت و پارێزگاكان، كە لەگەڵ تێڕوانینی ستراتیژیی هەر كەرتێك بگونجێت و بەشێوەیەكی گشتی هاوئاهەنگیش بێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی هەرێم و هاوسەنگیش بێت لەنێوان پارێزگاكاندا.

٢. لە قۆناخی بنەڕەتیدا تەركیز بكرێتە سەر پرۆژەكانی ژێرخان كە كێشەكانی كەرتی كارەبا و ئاو و نیشتەجێبوون و تەندروستی و پەروەردەو ئاودێری و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان و گەیاندن چارەسەربكات.

٣. دوای دیاریكردنی پێویستییەكان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەكانەوە، ئینجا ئەولەوییات بەشێوەیەكی زانستی و روون و گونجاو بەپێی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان دیاری دەكرێت، لەگەڵ رەچاوكردنی ناوچە زۆر زیان لێكەوتووەكان.

لە هۆكارە ئەرێنییەكان ئەوەیە كە پرۆسەی هەڵبژاردنی پرۆژەكان لەئێستادا لەسەر بنەمای زانستی و پلان بنیات نەنراوە، بەڵكو تەنیا بەپێی حەز و ئارەزووی تاكەكەسییە و بەپێی تێڕوانینی بەرپرسانە لە وەزارەت و پارێزگاكاندا و، لەبەر ڕۆشنایی دیدوبۆچوونی ئایندەی پەرەپێدانی كەرتەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی پەیوەست نییە بە ئامانجە ستراتیژییەكان. هەروەها ئەو دووفاقییەی لە بەرپرسیارێتییەكاندا هەیە، لەگەڵ ئەو ئەركانەی وەزارەت و پارێزگاكانی هەرێم لەسەرشانیانە، بوونەتەهۆی نەبوونی هەماهەنگی لە هەڵبژاردنی پرۆژەكان و دواتریش بەهەدەردانێكی زۆر لە لێهاتوویی و توانای دارایی و مرۆیی.

- **پێداویستییەكانی جێبەجێكردنی پرۆژەكان: پێویستی بەم ڕێكارانە هەیە:**

١. پێكهێنانی لیژنەیەكی پسپۆڕ لە ئامادەكردنی پێداویستییەكانی جێبەجێكردنی پرۆژەكان و چاودێریكردنیان.

٢. چاوخشاندنەوە بە كادیرانی ئەندازیاریی پسپۆڕ لە وەزارەتەكاندا و هێنانیان بۆ ناو دەستە پێشنیاركراوەكە.

٣. مەشق پێكردنی كادیرانی ئەندازیاری بەپێی پسپۆڕی و پێویستی دەبێت.

٤. ئەو دەستەیە كۆمپانیا راوێژكارییە جیهانییەكان هەڵدەبژێرێت كە لە بواری دارایی و مرۆیی و یاساییدا توانای ئەندازیارییان هەیە، بۆ پێشكەشكردنی راوێژ دەربارەی چۆنێتیی سەرپەرشتیكردنی هەموو قۆناخەكانی جێبەجێكردنی پرۆژەكان.

٥. دامەزراوەكە لەمانە تایبەتمەند دەبێت:

أ: زانیاری لە سەر پرۆژەكان:

دەستەی پێشنیاركراو سەرچاوەكانی زانیاریی ئەو پرۆژانە ئامادەدەكات، كە نیاز وایە لە چوار ساڵی داهاتوودا جێبەجێ بكرێن، بەمەبەستی پێدانی كاتی تەواو بە كۆمپانیا لۆكاڵ و جیهانییەكان تاكو دیراسەی پرۆژەكان بكرێت و پێداویستیی تەندەرەكان بە وردی ئامادەبكرێت.

ب: میكانیزمی پۆلێنكردنی كۆمپانیا و بەڵێندەران:

دەستەكە میكانیزمێك دادەنێت بۆ كۆنترۆڵكردنیی بەها بەسەر كۆمپانیا و بەڵێندەراندا، ئەویش لەمیانی پابەندبوونی بە ئامادەكردنی دۆسیە لەنێو تۆمارەكانیدا بۆ پێشكەشكردنی زانیاری دەربارەی توانای دارایی و ئەندازیارییان كە تایبەتە بە جێبەجێكردنی پرۆژەكان و ئامادەكردنی كادیری

مرۆیی، کە بتوانێت سەردانی مەیدانی بکات بۆ دڵنیایی بوون لە دروستیی ئەو زانیارییانەی کە لە بەڵگەنامەکانی کۆمپانیا، یان بەڵێندەردا دراون.

ج: دیزایین و مواسەفاتی کارکردن:

دەستەی پێشنیارکراو پێوانەی بنەڕەتی دادەنێت بۆ هەڵبژاردنی کۆمپانیا بیانییەکان تاکو دیزایینی پرۆژەکان دابنێن.

د: ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی کەمکردنەوەکە:

دەستەکە وردەکاریی کاری ئەو پرۆژانە دادەنێت کە رادەگەیەنرێن، تاکو دووربن لە ئەنجامدانی هەر هەمووارکردنەوەیەکی بنەڕەتی لە دیزایینەکان، یان بەهای پرۆژەکە دوای راگەیاندنی.

هـ: راگەیاندنی پرۆژەکان:

دەستەی پێشنیارکراو میکانیزمێك دادەنێت بۆ چۆنێتیی راگەیاندنی کەمکردنەوەکان تاکو کۆمپانیا جیهانییە بە تواناکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان رابکێشێت، ئەمەش لە رێی هۆیەکانی راگەیاندنی لۆکاڵ و بیانییەوە دەبێت، کاتی تەواویش دەدرێت بە کۆمپانیاکان تاوەکو دیراسەی شێوەکانی کارەکە بکەن پێش ئەوەی داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن، دەستەی پێشنیارکراو میکانزمێك بۆ شیکردنەوەی تەندەرەکان بە شەفافییەت و عەقلانییەت دادەنێت، بۆ ئەوەی متمانەی کۆمپانیا جیهانی و لۆکاڵەکان بە حکومەتی هەرێم بەهێزبکات، کە ئەویش لە رێی پێدانی دەرفەت بە هەمووان بۆ بەشداریکردن لە پێشکەشکردنی تەندەرەکانەوە دەبێت، دوای پێدانی پرۆژەکە راپۆرتێکی فەرمی پێشکەش دەکات پاساوەکانی پێدانەکە بە کۆمپانیاکە رادەگەیەنێت.

و: پێدانی گرێبەست:

دەستەی پێشنیارکراو میکانیزمێك دادەنێت بۆ پێدانی پرۆژەکە بەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ دەرچووە و پشت بەو رێنماییانەی گرێبەست دەبەستێت، کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە ئامادەکراون، ئەمەش وەك بنەمایەك بۆ رێکخستنی گرێبەست، دەستەکە کادیری ژمێریاری و کارگێڕی و یاسایی ئامادەدەکات و مەشقیان لەسەر وردەکاریی چۆنێتیی پابەندبوون بەو رێنماییانە پێ دەکات.

ز: سەرپەرشتی و بەدواداچوون:

دەستەکە تیمی کارکردن ئامادەدەکات تاکو بەردەوام سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و بەدواداچوون بکات، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بەپێی مواسەفات و دیزایینەکان کە لەسەری رێککەوتوون.

● **هۆکارەکانی ئەرزێنیکردن:**

یاساو پەیرەو و رێنماییەکانی ئێستا لەگەڵ هەلومەرج و بۆچوونە سیاسی و ئابوورییەکانی هەنووکەیی و ئایندە ناگونجێن، بۆیە پۆلێنکردنی ئێستای بەڵێندەر و کۆمپانیاکان بێسوودە، دیاردەی رازینەبوون لەئارادایە، بە شێوەیەك وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە هەڵبژاردنی بەڵێندەر و کۆمپانیاکان سەرکەوتوو نەبوون کە بتوانن پرۆژەکان بەو دیزایین و مواسەفات و نرخە تەواو بکەن کە لەسەری رێککەوتوون، نەبوونی ئەو مواسەفاتانە بە تەواوی بۆ کارکردن پێش پێشکەشکردنی تەندەرەکان کە بۆتە هۆی هەمەجۆریی لە گۆڕینی بنەڕەتیی دیزایینەکان و بەهاکان دوای پێشکەشکردنی تەندەرەکان و لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

● **چاککردنەوەی پرۆژەکان:**

١. لە هەر پارێزگایەك فەرمانگەیەکی تایبەتمەند بۆ چاککردنەوەی پرۆژەکان دادەنرێت، لەوانەی کە پەیوەستن بە هەیکەلی دەرەوە و پێداویستیی ناوەوە لە کارەباو ئاو و ئاوەڕۆ.

٢. فەرمانگەی پسپۆڕ دەربارەی پێداویستیی چاککردنەوەی هەر پرۆژەیەك راپۆرتی ساڵانە ئامادەدەکات و تێچووی ساڵانە دەخەمڵێنێت و لە بودجەی ساڵانەدا جێگیری دەکات.

٣. فەرمانگەی پێویست بە هاوکاریی کۆمپانیا ئەهلییەکان ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات و بەپێی گرێبەستی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە واژۆدەکرێت، تا ئەو کاتەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کادیرانی لۆکاڵ ئامادەکەن کە بتوانن ئەم ئەرکە بنەڕەتییانە ئەنجام بدەن.

● **هۆکارە ئەرزێنییەکان:**

چاککردنەوەی پرۆژەکان بنەمای سەرەکیی پرۆژەکانە، کە لە فەرمانگەکانی هەرێمدا گرنگیی پێ نەدراوە، زۆربەی پرۆژەکانی جێبەجێکراو لە هەیکەلی بناغەکانیان و نەبوونی پێداویستیی بنەڕەتیی بەردەوامبوونیان لەئێستادا دوچاری تێکچوون و پشتگوێخستن بوونەتەوە، هۆکاری ئەمەش نەبوونی بەرنامەی چاککردنەوە و بەدواداچوونە.

**یاساو پەیرەو و رێنماییەکانی ئێستا لەگەڵ هەلومەرج و بۆچوونە سیاسی و ئابوورییەکانی هەنووکەیی و ئایندە ناگونجێن، بۆیە پۆلێنکردنی ئێستای بەڵێندەر و کۆمپانیاکان بێسوودە**

**وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە هەڵبژاردنی بەڵێندەر و کۆمپانیاکان سەرکەوتوو نەبوون کە بتوانن پرۆژەکان بەو دیزایین و مواسەفات و نرخە تەواو بکەن کە لەسەری رێککەوتوون**


# پێشکەوتنی نەوەکانی تەکنۆلۆجیا و رۆڵی ئابووری و بە بازاڕکردن Marketing

ئێمە ئێستا لە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆجیاو پیشەسازیی چوارەمداین، لە کاتێکدا شۆڕشی پیشەسازیی یەکەم بە هێزی هەڵم دەستیپێکردو دووهەمیش بە دۆزینەوەی کارەباو سێهەمیش بە پێشکەوتنەکانی نەوەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بێگومان پێشکەوتنی مێژوویی و دیاری تەکنەلۆجیا بە گشتی تەنیا بۆ دوو سەد ساڵێك پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام گەورەترین تۆماری خێرای پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لەم پەنجا ساڵەی دواییدا رووی داوە، کە زۆرێك لە بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و کۆمەڵگەی بەگشتی سەرقاڵ کردووە، ئەو پێشکەوتنانەش کە گرنگترینیان کەرتەکانی گەیاندن و گواستنەوە و وزە و زۆر کەرتی تریشی گرتووەتەوە و پرۆسەکەش بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت، بە هۆی رۆڵی گرنگی ئابووری و بە بازاڕکردن Marketing پێشکەوتنی شێوازەکانی گەیاندن و بەتایبەتەیش بە بازاڕکردنی ئەلیکترۆنی Digital Marketing.

ئاشکرایە بووژاندنەوەی ئابووری کلیلی سەرەکیی ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆجیاییانەیە و رۆڵی سەرەکی و شکۆمەندی بۆ سەرکەوتنی کەرتی توێژینەوە و پەرەپێدان Research & Development بووە کە ناسراوە بە R&D)) هەروەها بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بە بازاڕکردن (Marketing) دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە رووە ئابوورییەکەیەوە و، گەڕاندنەوە و بەدەستهێنانی داهاتە Revenue Return کە ناسراوە بە R&R ).

هەر بۆیە لە بیرۆکەو پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا شکۆمەندی زۆر جار بۆ کەسێك وەك نموونە (ئەدیسۆن)، یان (بێل گەیت) یان گرووپێکی دیاریکراو وەك کۆمپانیا دیار و بەناوبانگاکانی دەگەڕێتەوە، لەوانەش گرووپی کۆمپانیاکانی (Apple،Huawei، BMW، KIA ... etc) بەڵام لە بناغەدا سەرکەوتن و گشتگیربوونی و بڵاوبوونەوەی ئەو تەکنۆلۆجیا بەرهەمهاتووەش دەوەستێتە سەر پێشخستنی بازاڕو تەتبیقات واتە (Application) و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆجیایە و ئامێرەکانی، وەك نموونە لەسەر ئاستی گشتی و بەربڵاو لەناو کومەڵگەکان و بازاڕەکاندا لە بەر زۆریی خواست و جۆر و گونجانی نرخەکان بەراورد بە کوالێتی.

ئەگەر سێکتەرەکانی گەیاندن و گواستنەوە و Transportation وزە وەربگرین کە مێژووەکەی چەند سەدەیەکە، بەڵام لەم پەنجا ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی شێوازەکانی کە لە شەمەندەفەڕەوە لە سەرەتاوە بۆ یەکەم جار بە هێزی هەڵم کاری دەکرد، لە سەرەتا بە خەڵوزی بەردین و دواتریش بە هێزی سووتەمەنی نەوتی (Petrol) بەڵام ئێستا زۆربەی شەمەندەفەڕەکان بە هێزی وزەی کارەبا یان هێزی راکێشانی مەگناتیز کاردەکەن، یان وزەی نوێ (Renewable Energy) لەبەر هۆکارەکانی خاوێنڕاگرتنی ژینگە، واتە بەشێك لە پێشکەوتنەکان پاراستنی ژینگەیە لە لایەك و نوێبوونەوەی سەرچاوەکانی وزەیە لە لایەکی تر، کە هەر بە هەمان ئاراستە بوونی سەرچاوەکانی وزە بەگشتی و وزەی کارەبا بەتایبەتی لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریدان لەلایەك پێشخستنی ئامێرەکان و جۆری تەکنەلۆجیا کارکردنیان بۆ کەمترین بەکارهێنانی وزە (Energy Saving) لەلایەکی تر وەلانانی وزەی فوسیل (Fossil) واتە هیدرۆکاربۆنی بە نەوت و غازەوە، کە مەترسیی گەورەن بۆ سەر ژینگە و گۆڕینیان بۆ وزەی نوێ (Renewable) کە خاوێنە و لە سرووشتدا هەیە و دووبارەو چەند بارە دەبێتەوە لە گەڵ کات و بە بەردەوام، کاریگەریشی زۆر کەمترە لەسەر پیسبوونی ژینگە و شێواندنی بە پێچەوانەی وزەی فۆسیل، دیارە



ئەندازیار: محەمەدئەمین هەورامانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئـەم پرۆسـەی پیسـبوونی ژینگـە لـە هۆکارەکانـی تـری کلاسـیکی گواسـتنەوە جێبەجێ دەکرێت، وەك ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکان و ماتۆرسکیل و .. هتد، بۆیـە گۆڕانکارییـەکان بەردەوامـە لـەو ڕووەوە.

بـا بێینەسـەر جۆرێکـی تـری هۆکانـی گواسـتنەوەی بەربـڵاو کـە دەریایـی و فڕۆکەوانییـە وەك نموونـە و بزانیـن ڕۆڵ، ئاسـانکاری بـە بازاڕکـردن چەنـد گرنـگ بـووە لەسـەر داخـوازی و پێشـکەوتنیدا:

ڕاسـتە کۆمپانیـای فڕۆکەوانییەکانـی بۆینـگ (Boing) و گەشـتییە دەریاییـەکان چەنـد کۆمپانیایەکـی تـری پیشەسـازی فڕۆکەوانیـەکان ئیستوڵەکەیان بەرەو پێشکەوتن و فراوانکردن دەچێت و قازانجەکانـی زۆرتـر دەبـن، بەهـۆی بەکارهێنانـی زیاتـرەوە لـە لایـەك و سـەرکەوتنی پرۆسـەی بـە بازاڕکـردن (Marketing) لـە لایەکیتـر، واتـە ئـەو قازانجـەی کـە لـە پـارەی بەشـداری خەڵکـە لـە بەرهەمەکـەی، واتـە نەفەرە ئاساییەکانە کـە دەگەنـە دەیان ملیۆنـان کـەس ڕۆژانـە و بلیتـی ئـەو فڕۆکانـە و هاوشێوەکانی دەبـڕن، بـە مـەش ئـەم کۆمپانیایانـە هەمیشـە لە نوێبونەوە و پێشـەکەوتندان، وەك دەبینین، بۆیە قازانجەکانی زیاتر بووە و دەتوانێت پیشـەکەی پێش بخـات و تەکنەلۆجیـای نـوێ بەکاربهێنێت بـە هـۆی بازاڕگەرمییـەوە .

واتـە هـەر پیشەسـازییەك هـەر پیشـەیەك و هـەر تەکنەلۆجیایێـك پێشـکەوتنی پەیوەسـتە بـە فراوانیـی بـازاڕ و بـە دەسـت بـە کارهێنەرانـی (Consumer) و کۆنتڕۆڵـی داهاتەکانـی پیشـەکە، یـان پیشەسـازییەکە، یـان تەکنەلۆجیاکـە.

بۆیـە ئێمـە ئێسـتا گەیشـتووینەتە سـەردەمی شۆڕشـی تەکنولۆجیـای چـوارەم کـە ناسـراوە بـە نەوەی (G٤)کە ئەوانیتر پەیوەستن بەم تەکنۆلۆژیا نوێیـە کـە بریتیـن لـە:

١- یەکـەم نـەوەی تەکنۆلۆجـی شۆڕشـی پیشەسـازی بـوو کـە بـە هێزی هەڵم و جێبەجێکردنی بـە تەتبیقـە میکانیکییـەکان دەسـتی پـێ کـرد و سـەرکەوت، چونکـە بـووە هـۆی گواسـتنەوەی ملیۆنەهـا خەڵـك و داهاتـی بـاش و نوێبوونـەوەی بەردەوامـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا .

٢- دووەم نـەوەی شۆڕشـی وزەی سـتاتیك Static دەسـتی پێکـرد بـە وزەی کارەبـاو پێشـکەوتنی ئەلیکترۆنیـك و دیجیتـاڵ Digital Electronic کـە لـە ماوەیێکـی کورتـدا هەمـوو بازاڕەکانـی جیهانـی داپۆشـی.

٣- سێیەم نەوەی شۆڕشی دۆزینەوەو پێشکەوتنی کۆمپیوتـەر کـە هاوتـا بـووە لەگـەڵ ئەلیکترۆنیـك و دیجیتـاڵ Digital Electronic و ئینتەرنێـت Internet جێبەجێکردنی کارەکانی و تەتبیقات (Application) و بڵاوبوونـەوەی بەکارهێنانـی بـە شـێوەی گشـتگیر.

٤- چـوارەم نـەوەی (G4) ئێمـە ئێسـتا لەسـەر دەمـی شۆڕشـی چوارەمـی تەکنەلۆجیادایـن کـە گرنگتریـن تەتبیقاتـی لـە مانـەی لای خـوارەوە دەستی پێکـرد:

- زیرەکـی — دەسـتکرد یـان دروسـتکراو — کـە ناسراوە بـە ئـەی ئـای (AI - (Artificial Intelligent).

- ئینترنێتـی خزمەتگوزارییەکانـی — IoT (Internet of Things) - لـە ڕێکخسـتنی داتـاو ئیدارەو بازرگانیـی ئیلکترۆنـی E-commerce .. هتـد، هەروەهـا کـە ئینتەرنێتێکی بوارەکانی بازرگانی و دارایـی و ڕۆبـۆت کـە (G4) ناسـراوی ئێسـتایە.

- نـەوەی پێنـج و تۆرەکانـی (G5) کـە نـەوەی داهاتـووە و کارەکانـی بەرێوەیـە لـە بوارەکانـی:

- وزەی نوێ (Renewable Energy).

- تەقەنیەکانـی بلـوك چەیـن (Block Chain) و پرۆگرامـەکان کـە گۆڕانـکاری بـەردەوام و گەورەتریـان بەرێوەیـە.

# چی بکرێت بۆ ڕێکخستنی ریکلامە بازرگانییەکان؟

پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمدا تیشکمان خستە سەر چەمك و سیفات و بایەخ و بنەما سەرەکییەکانی ریکلام و لە بەشی دووەمیشدا ئاماژەمان بە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ریکلام لەسەر ئافرەتان کرد، لە بەشی سێیەمیشدا شرۆڤەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ریکلاممان لەسەر پیاوان کرد، دواتریش لە بەشی چوارەمدا باسمان لە هەندێك لە کاریگەرییە خراپەکانی ریکلام لە سەر منداڵان کرد، ئیدی کاتی ئەوەیە لە بەشی پێنجەم و کۆتایی ئەم باسەدا (باسی ریکلامە بازرگانییەکان) تیشك بخەینە سەر ئەو راسپاردانەی کە پێویستە لە لایەن هەر یەك لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانەوە جێبەجێ بکرێن.

**● یەکەم: پەرلەمانی کوردستان**

١. پێداچوونەوەو کۆکردنەوەو کاراترکردنی تەواوی ئەو یاسایانەی کە لە بواری پاراستنی مافی بەکاربەر و قۆرخنەکردنی بازاڕ و کواڵێتی کاڵا و کڕین و فرۆشتن و ریکلامکاریدا دەرچوون لە یەکەم خولی پەرلەمانەوە تا ئێستا.

٢. بەدواداچوونی پەرلەمان بۆ یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٠) سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ئیتیحادی پاراستنی بەکاربەر، پەسەندکراو لە ساڵی (٢٠١٠).

٣. داواکردن لە حکومەت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر کە لە یاسای ژمارە (١)ی پاراستنی بەکاربەری (فیدراڵی) پەسەندکراو لە ساڵی (٢٠١٠)دا هاتووە.

٤. کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر بۆ بەدواداچوون و چاودێریکردنی بازاڕی کوردستان بە بەردەوامی.

٥. پێداچوونەوە بەو سزایانەی کە بۆ سەرپێچیکارانی یاساکە دانراون، بە ڕەچاوکردنی قەبارەی ئەو زیانە زۆر و گەورانەی کە سەرپێچیکاران لە کۆمەڵگەی دەدەن.

**● دووەم: ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

١. هەوڵدان بۆ بەدواداچوون بۆ کاراکردنی گشت ئەو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەبارەت بە پاراستنی مافی بەکاربەر دەرچوون.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

٢. فەرمانـدان بـۆ پێکهێنانـی ئەنجومەنـی پاراستنی بەکاربەر کە لە یاسای ژمارە (١)ی پاراستنی بەکاربەری (فیدراڵی) پەسەندکراو لە ساڵی (٢٠١٠)دا هاتـووە.

٣. کاراترکردنـی مـاددەو بڕگەکانی تایبەت بە پاراسـتنی بەکاربەر لە نێو یاسای گشت وەزارەتەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.

● **سێیەم: وەزارەتی رۆشنبیری**

١. بەدواداچوونـی وەزارەتـی رۆشـنبیری بـۆ پابەندکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن بە ستاندارده جیهانییەکانی بـواری ریکلامکـردن.

٢. جێبەجێکردنـی مـاددەو بڕگەکانـی ئـەو بڕیـارو رێنماییانـەی وەزارەت کـە لـە بـواری رێکخسـتنی ریکلامـدا دەریکـردوون.

٣. سـازکردنی هەڵمەتێکـی هەفتانـەی نیشـتمانی لـە رۆژی جیهانیـی پاراسـتنی بەکاربـەردا کـە دەکاتـە (١٥)ی ئـازاری هەمـوو سـاڵێك.

٤. پابەندکردنـی کەناڵـەکان بـە وەرگرتنـی مۆڵەت لە وەزارەتی تەندروستی بۆ ریکلامکردن بـۆ جۆرەکانـی خـواردن و خواردنـەوە.

٥. پـــــابەندکردنی کەنـــــاڵەکـــــان بـە تەرخانکردنـی رووبەرێـك بـۆ بڵاوکردنـەوەی رۆشـنبیریی بەکاربـردن و کڕیـن و فرۆشـتن لای هاووڵاتیـان.

٦. هاندانـی چالاکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـۆ دامەزراندنـی رێکخـراو لەسـەر بنەمـای پسـپۆڕیتیی ورد، لەوانـەش سـەنتەر و رێکخراوی تایبـەت بـە پاراسـتنی مافـی بەکاربـەر.

● **چـوارەم: زانکـۆکان و سـەندیکا و کۆمەڵـە و یەکێتییـە جەماوەرییـەکان**

١. کاراترکردنـی کۆلێـژی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان و دەروونناسـی بۆ ئامادەکردنی توێژینـەوە و باسـەکانی هۆشـیاریی تـاك و شـیکردنەوەی خولیـای زیـادە مەسـرەفی و بەکاربـردن لای تاکـی سـەردەم.

٢. دامەزراندنـی سـەنتەری باس و توێژینـەوەی تایبـەت بـە بـازاڕ.

٣. کاراترکردنـی بەشـەکانی کۆلێژی کارگێڕی و ئابـووری بـۆ دابەزینـە نێـو کۆمەڵگـە بـە توێژینـەوە مەیدانییەکانیـان لـە بـارەی ریـکلام و پاراسـتنی مافـی بەکاربـەرەوە.